# ئایا پەرلەمانی کوردستان یاسای پێچەوانە بە شەرعی ئیسلامی دەرکردووە؟




عەقیدە #٥

أحمد کوردی

١٩/ ١٢/ ٢٠٢٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله الأمين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين أما بعد، بێ گومان ئاینی ئیسلام شەریعەتی هەیە و ئەم شەریعەتەی حوکمی زۆر بابەتی تیادا باسکراوە. وە بابەتەکانی ناوی هەمەجۆرن و بەشێکی باس لە دروستکردن و بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئەکات و، بەشێکی تری باس لە ماف و ئەرکی خەڵکی و دەسەڵاتدارەکانیان ئەکات و، بەشێکی تری باس لە ڕێکخستنی ژیانی خەڵکی ئەکات هەر لەکاتی لەدایکبوونیەوە هەتا مردنی، لە لایەنی پەروەردە و ڕەوشت و کار و کاسبی و هاوسەرگیری و منداڵخستنەوە و عیبادەت و خواناسی و مامەڵەکردنی چواردەورەکەی و هتد.

خوای گەورە سبحانە وتعالی لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت:

١. ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ (البقرة - ٢) ئەم قورئانە هیچ گومانێکی تیا نییە کە لەلایەن خواوەیە هیدایەت و ڕێنیشاندەرە بۆ تەقواکاران ﴾.

٢. ﴿ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِ (الحديد - ٢٥) بێ گومان ئێمە پێغەمبەرانمان ناردووە بە بەڵگەی ڕوون، وە لەگەڵیاندا کتێب و تەرازوومان دابەزاندووە تا خەڵك بە دادپەروەری کاروباریان بڕوات ﴾.

٣. ﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا (المائدة - ٤٨) وە ئێمە قورئانمان بۆ دابەزاندووی بە حەق و بێ گومان کە بەڕاستدانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی وە بالادەستە بەسەریانەوە، جا تۆ لەنێوان ئەهلی کیتابدا حوکم بکە بەوەی خوا دایبەزاندووە، وە شوێن هەوا و ئارەزووی ئەوان مەکەوە لەوەی بۆت هاتووە لە حەق، بۆ هەریەکێکتان شەرع و ڕێبازێکمان داناوە ﴾.

٤. ﴿ لَقَدۡ كَانَ فِي قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةٞ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِۗ مَا كَانَ حَدِيثٗا يُفۡتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصۡدِيقَ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَتَفۡصِيلَ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ (يوسف - ١١١) بێ گومان لە چیرۆکی پێغەمبەراندا پەند هەیە بۆ خاوەن عەقڵەکان، قورئان قسەیەك نییە هەڵبەستراو بێت، بەڵکو بەڕاستدانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی و درێژەی هەموو شتێکی تیایە، وە ڕێنیشاندەر و ڕەحمەتە بۆ قەومێك ئیمان بێنن ﴾.

٥. ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِ (النساء - ٥٨) بەدڵنیایی خوا فەرمانتان پێ ئەکات کە ئەمانەتەکان بگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان، وە گەر حوکمتان کرد لەناو خەڵکیدا حوکم بە دادپەروەری بکەن ﴾.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرمویێت:

١. ﴿ أنَّ رَسولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قالَ، وحَوْلَهُ عِصَابَةٌ مِن أصْحَابِهِ: بَايِعُونِي علَى أنْ لا تُشْرِكُوا باللَّهِ شيئًا، ولَا تَسْرِقُوا، ولَا تَزْنُوا، ولَا تَقْتُلُوا أوْلَادَكُمْ، ولَا تَأْتُوا ببُهْتَانٍ تَفْتَرُونَهُ بيْنَ أيْدِيكُمْ وأَرْجُلِكُمْ، ولَا تَعْصُوا في مَعروفٍ، فمَن وفَى مِنكُم فأجْرُهُ علَى اللَّهِ، ومَن أصَابَ مِن ذلكَ شيئًا فَعُوقِبَ في الدُّنْيَا فَهو كَفَّارَةٌ له، ومَن أصَابَ مِن ذلكَ شيئًا ثُمَّ سَتَرَهُ اللَّهُ فَهو إلى اللَّهِ، إنْ شَاءَ عَفَا عنْه وإنْ شَاءَ عَاقَبَهُ (صحيح البخاري - ١٨) بەیعەتم بدەنێ لەسەر ئەوەی کە هیچ هاوەڵێك بۆ خوا دانەنێن، وە دزی نەکەن، وە زینا نەکەن، وە منداڵەکانتان نەکوژن، وە بوهتانێك لەبەر دەست و قاچتاندا نەهێنن، وە لە چاکەدا سەرپێچی مەکەن، جا هەرکامتان بەوەفا بێت بۆ ئەو بەیعەتە ئەوا پاداشتی لەسەر خوایە، وە هەرکەس لە شتێك لەوانەیا سەرپێچی کرد و لە دنیا سزای وەرگرت ئەوە کەفارەتێتی، وە هەرکەس لە شتێك لەوانەیا

سەرپێچی کرد و خوا بۆی شاردەوە ئەوە بۆ لای خوای گەورەیە، گەر بیەوێت لێی خۆشئەبێت وە گەر بیەوێت سزای ئەدات ﴾.

٢. ﴿ إذا بُويِعَ لِخَلِيفَتَيْنِ، فاقْتُلُوا الآخَرَ منهما (صحيح مسلم - ١٨٥٣) گەر بەیعەت بە دوو خەلیفە درا ئەوا دواهەمینیان بکوژن ﴾.

وە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە موسوڵمانان کە شەریعەتەکەی جێبەجێ بکەن و شوێن هەوا و ئارەزووی خەڵك نەکەون.

خوای گەورە ئەفەرموێت:

١. ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ (الجاثية - ١٨) پاشان تۆمان خستووەتە سەر شەریعەت و بەرنامەیەك جا شوێنی بکەوە و کاری پێ بکە، وە شوێن هەوا و ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن ﴾.

٢. ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (الأنعام - ١٥٥) وە ئەم قورئانە دامانبەزاندووە پیرۆزە جا شوێنی بکەون و لە خوا بترسن بەڵکو ڕەحمەتان پێ بکرێت ﴾.

٣. ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓاْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا (النساء - ٦٠) ئەوانە نابینیت کە لافی ئەوە لێ ئەدەن ئیماندارن بەوەی بۆت دابەزیوە و ئەوەشی پێش تۆ دابەزیوە ئەیانەوێت حوکم ببەنە لای تاغوت، لەکاتێکدا فەرمانیان پێ کراوە کافر و بێ باوەڕ بن پێی، وە شەیتان ئەیەوێت گومڕایان بکات گومڕاکردنێکی دوور ﴾.

وە لەم سەردەمەماندا کەسانێك حوكمیان گرتۆتە دەست لە کوردستاندا کـە غـەیری حـوکمی خـوا و شەریعەتی ئیسلام بەسەر موسولْمانانـدا جێبەجێ ئەکەن. وە بڕیار و یاسایەك دەرئەکـەن و جێبـەجێی ئەکەن کە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامە و، ئەو یاسایانەش لەو سەرچاوانەوە وەرنەگیراون کە شـەرعی ئیسلامیان لێوە وەرئەگیرێت، بەڵکو لە سەرچاوەی تـرەوەن وەك: دیموکراسـییەت. کـە لـە ئیسـلامدا غەیری حوکمی خوای گەورە بە حوکمی نەفامی حساب ئەکرێت.

خوای گەورە ئەفەرموێت:

﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ (المائدة - ٥٠) ئایـا ئەوانـە حوکمی نەفامییان ئەوێت، وە کێ لە خوا حوکمی باشترە بۆ کەسانێك کە یەقینیان هەیە ﴾.

وە سەرەڕای ڕوونی بابەتەکە، کەچی کەسانێك هەن کە لافی مەلایەتی و شارەزایی لـە شـەرعیش لـێ ئەدەن، چاویان لە ئاستی ئەم بێ شەرعییانەی دەسەڵاتدا کوێرە و نەك هـەر لێـی بێـدەنگن و نایەنـە جواب، بەڵکو ئەیشەرعێنن و کەسەکانیش بە وەلی ئەمر و ئەمیری موسـوڵمانان لەقەڵـەم ئـەدەن و، هەرکەسێکیش باسیان بکات و بڵێت ئەمانە وەلی ئەمر نین و بە ئیسلام حوکم ناکـەن پێیـان ئـەڵێن: تەکفیری، توندڕەو، حاقد، نەفام، خەواریج، هتد.

جا بۆئەوەی موسوڵمانان بەو بانگەشە درۆیانەی ئەو بەناو مەلایانە نەخەڵەتێن و، واشنەزانن بوختـان بۆ دەسەڵاتی کوردی و پەرلەمان ئەکەین، یان درۆ بەدەم شەرع و زانایانی ئیسلامەوە ئەکەین، لە سێ دەروازەدا باس لەم بابەتە ئەکەین بەم جۆرە:

سەرەتا سەرچاوەکانی شەرعی ئیسلام ئەخەینە ڕوو بەپێی دەقەکانی ئیسلام و وتەی زانایان، وە بـاس لە واجبێتی حوکمکردن ئەکەین بە شـەریعەتی ئیسـلام لـە هـەموو کـات و شـوێنێك و حـەرامێتی

پەکخستنی شەرع. پاشان بەشێك لەو دەقە یاساییانەی پەرلەمان ئەخەینە ڕوو کە پێچەوانەی شەرعن و بەراوردیان پێ ئەکەین لەگەڵ حوکمە شەرعییەکاندا تا ڕوون بێت کە چۆن پێچەوانەی دەق و کۆڕان. وە لە کۆتاییدا باس لە حوکمی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا و شوێنکەوتوو و لایەنگرانیان ئەکـەین بـەپێی ئەو یاسایانەی دەریانچاندووە و کاری پێ ئەکەن لەمڕۆدا.

پشتیوان بە خوا دەستپێئەکەین

أحمد کوردی || سلێمانی

٣/ ربیع الأول/ ١٤٤٢ || ٢٠/ تشرین الأول/ ٢٠٢٠

# دەروازەی یەکەم

# سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلام

# بابەتی یەکەم

## قورئان و سوننەت سەرچاوەی ئیسلامن

ئیسلام دینی خوای گەورەیە سبحانە وتعالی، وە بۆ زانینی حوکمەکانی ئیسلام ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە، کە ئەمە لە گەڕانەوەماندا بۆ قورئان بەرجەستە ئەبێت کە سەرچاوەی یەکەمی دینی ئیسلامە، پاشان بۆ لای سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە دووەم سەرچاوەیە.

خوای گەورە سبحانە وتعالی ئەفەرموێت:

١. ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ (آل عمران - ١٩) بەدڵنیاییی تەنها دینێك لەلای خوا پەسەند بێت ئیسلامە ﴾.

٢. ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينًا (المائدة - ٣) ئەمڕۆ دینەکەتانم بۆ تەواوکردن، وە نیعمەتی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا، وە ڕازی بووم ئیسلام دینی ئێوە بێت ﴾.

٣. ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦ (الأنعام - ١٥٣) ئەمە ڕێگای ڕاستی منە جا شوێنی بکەون، وە شوێن ڕێچکەکانی تر مەکەون لەبەرئەوەی جیاتان ئەکاتەوە لە ڕێگای ڕاستی خوا ﴾.

٤. ﴿ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡكَٰفِرِينَ (آل عمران - ٣٢) بڵێ گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەر بکەن، جا گەر پشتیان هەڵکرد ئەوا خوای گەورە کافرانی خۆشناوێت ﴾.

٥. ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (الأنفال - ١) وه گوێرایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بن گەر ئیماندارن ﴾.

٦. ﴿ وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ (الشورى - ١٠) وه لە هەرشتێکدا جیاوازی کەوتە ناوتان حوکمەکەی بگەڕێننەوە بۆ لای خوا ﴾.

٧. ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُ (النساء - ١٠٥) ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان بۆ دابەزاندوویت کە حەقە بۆئەوەی حوکم بکەیت لەناو خەڵکدا بەوەی خوای گەورە نیشانت ئەدات ﴾.

٨. ﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ (النحل - ٤٤) وه ئەم قورئانەشمان بۆ دابەزاندوویت هەتا تۆ ئەوەی بۆ خەڵك دابەزیوە بۆیان ڕوونبکەیتەوە ﴾.

٩. ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ (الحشر - ٧) وه ئەوەی پێغەمبەر بۆی هێناون وەری بگرن، وه ئەوەی لێتان قەدەغە ئەکات دەستی لێ هەڵگرن ﴾.

١٠. ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا (الأحزاب - ٢١) بێ گومان بۆ ئێوە لە پێغەمبەری خوادا پێشەوایەتییەکی چاك هەیە، بۆ ئەو کەسەی ئومێدی خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت وه زیکری خوا زۆر بکات ﴾.

١١. ﴿ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيۡكُم مَّا حُمِّلۡتُمۡۖ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهۡتَدُواْۚ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ (النور - ٥٤) بڵێ گوێرایەڵی خوا و پێغەمبەر بن، جا گەر پشتیان هەڵکرد ئەوا پێغەمبەر تەنها گەیاندنی لەسەرە و ئێوەش گوێرایەڵیتان لەسەرە، وه گەر گوێرایەڵی بن ڕێی ڕاست وەرئەگرن، وه لەسەر پێغەمبەر تەنها گەیاندنی ئاشکرا و ڕوونە ﴾.

١٢. ﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا (النساء - ٨٠) هەرکەس گوێڕایەڵی پێغەمبەر بێت ئەوا گوێڕایەڵی خوا بووە، وە هەرکەس پشتهەڵبکات ئەوا تۆمان نەناردووە بەسەریانەوە پارێزەری کردەوەکانیان بیت ﴾.

١٣. ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ (آل عمران - ٣١) بڵێ گەر خواتان خۆشئەوێت ئەوا شوێنم بکەون خواش ئێوەی خۆشئەوێت و لە تاوانەکانتان ئەبوورێت ﴾.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت:

١. ﴿ فإنَّ خَيْرَ الحَديثِ كِتَابُ اللهِ، وَخَيْرُ الهُدَى هُدَى مُحَمَّدٍ، وَشَرُّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلُّ بدْعَةٍ ضَلَالَةٌ (صحيح مسلم - ٨٦٧) جا بێ گومان باشترین قسە کتێبی خوایە، وە باشترین ڕێباز ڕێبازی موحەممەدە، وە خراپترین شتەکان داهێنراوەکانە، وە هەموو داهێنانێک (لە دیندا) گومراییە ﴾.

٢. ﴿ ترَكْتُ فيكم أمرينِ، لَن تضلُّوا ما تمسَّكتُمْ بِهِما: كتابَ اللَّهِ وسنَّةَ رسولِهِ (تخريج مشكاة المصابيح - ١٨٤) (الموطأ - ٢٦١٨) دوو شتم لەناوتاندا جێهێشتووە، وێڵ نابن هەتا دەستتان پێوە گرتبێت: کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﴾.

٣. ﴿ أُوتيتُ الكتابَ و ما يعدلُه، يعني: و مثلَه، يُوشِكُ شبعانٌ على أريكتِه يقولُ: بيننا و بينكم هذا الكتابُ، فما كان فيه من حلالٍ أحللناهُ، و ما كان فيه من حرامٍ حرَّمناهُ، ألا و إنَّهُ ليس كذلك ألا لا يحلُّ ذو نابٍ من السِّباعِ، و لا الحمارِ الأهليِّ، و لا اللُّقطةُ من مالِ معاهدٍ، إلا أن يستغنيَ عنها، وأيُّما رجلٍ أضاف قومًا فلم يُقْرُوهُ فإنَّ له أن يُعقِبَهُم بمثلِ قِراهُ (السلسلة الصحيحة - ٢٨٧٠) قورئان و هاوتاکەیم پێدراوە (سوننەت)، وەختە تێرێك لەسەر

جێگەکەیەوە بڵێت: لەنێوان ئێمە و ئێوەدا تەنها ئەم قورئانەیە، جا هەر حەڵاڵێکی تیا بێت حەڵاڵی ئەکەین، وە هەر حەرامێکی تیا بێت حەرامی ئەکەین. ئاگاداربن کە ئەوە وانییە، بزانن کە کەڵبەدارەکان لە ئاژەڵەکان حەڵاڵ نین، وە کەریماڵیش، وە هەڵگیراوە لە سامانی کافری پەیمانداریش مەگەر خۆی وازی لێ بهێنێت، وە هەرکەسێك بووە میوانی کەسانێك وە لە حەقی میوانداریییان نەدایە ئەوا بۆی هەیە هێندەی حەقی خۆی ببات لێیان ﴾.

عیمرانی کوڕی حوصەین ڕەزای خوای لێبێت:

﴿ لما بني هذا المسجد مسجد الجامع، قال: وعمران بن حصين جالس فذكروا عنده الساعة، فقال رجل من القوم: يا أبا نجيد إنكم لتحدثوننا أحاديث ما نجد لها أصلا في القرآن، قال: فغضب عمران بن حصين، وقال للرجل: قرأت القرآن؟ قال: نعم. قال: فهل وجدت فيه صلاة المغرب ثلاثاً وصلاة العشاء أربعاً والغداة ركعتين والأولى أربعاً والعصر أربعاً؟ قال: فممن أخذتم هذا الشأن ألستم عنا أخذتموه وأخذناه عن نبي الله صلى الله عليه وسلم وعنا أخذتموه؟ أو عن من أخذتم في كل أربعين درهماً درهم، وفي كذا وكذا شاة كذا وكذا، ومن كذا وكذا بعير كذا وكذا، أوجدتم هذا في القرآن؟ قال: لا. قال: فعمن أخذتم هذا ألستم عنا أخذتموه؟ وأخذناه عن نبي الله صلى الله عليه وسلم وأخذتموه عنا، قال: فهل وجدتم في القرآن وليطوفوا بالبيت العتيق، وجدتم طوفوا سبعاً واركعوا خلف المقام ركعتين، هل وجدتم هذا في القرآن؟ عمن أخذتموه؟ ألستم أخذتموه عنا وأخذناه عن رسول الله صلى الله عليه وسلم وأختموه عنا؟ قالوا: بلى. قال: أوجدتم في القرآن لا جلب ولا جنب ولا شغار في الإسلام، أوجدتم هذا في القرآن؟ قالوا: لا. قال عمران: فإني سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: لا جلب ولا جنب ولا شغار في الإسلام (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٣٤) پیاوێك لە مەجلیسێکدا بە عیمرانی وت: ئێوەی صەحابە هەندێك قسەمان بۆ باسئەکەن کە لە قورئاندا هیچ ئەسڵێکیان تیا نادۆزینەوە.

عیمران تورە بوو فەرمووی: قورئانت خوێندۆتەوە؟ وتی: بەڵێ. فەرمووی: ئایا تیاتدا بینیوە نوێژی مەغریب سیان بێت و عیشا چوار و بەیانی دوو و نیوەڕۆ چوار و عەسر چوار؟ ئەی لە کێوە ئەوەتان وەرگرتووە؟ لە ئێمەوە وەرتانگرتووە و ئێمەش لە پێغەمبەری خواوە و لە ئێمەشەوە ئێوە وەرتانگرتووە؟ یان لەکێوە وەرتانگرتووە لە چل درهەم درهەمێك زەکاتە، وە لە ئەوەندە و ئەوەندە مەڕ و بزن ئەوەندە سەر زەکاتە، وە لە ئەوەندە حوشتر ئەوەندە سەر، ئایا ئەوەتان لە قورئاندا بینیوە؟ وتی: نەخێر. فەرمووی: دەی ئەوانەتان لە کێوە وەرگرتووە؟ لە ئێمەوە وەرتانگرتووە و ئێمەش لە پێغەمبەری خواوە و لە ئێمەشەوە ئێوە وەرتانگرتووە؟ ئایا لە قورئاندا بینیوتانە تەوافی کەعبە حەوت سوڕە و دوو رکاتە لە دوای مەقامی ئیبراهیمەوە؟ ئایا ئەوەتان لە قورئاندا بینیوە؟ لە کێوە وەرتانگرتووە؟ لە ئێمەوە وەرتانگرتووە و ئێمەش لە پێغەمبەری خواوە و لە ئێمەشەوە ئێوە وەرتانگرتووە؟ وتیان: بەڵێ وایە. فەرمووی: ئایا لە قورئاندا بینیوتانە جەلەب (کارێکە لە زەکاتدا ئەکرێت) حەرامە و جەنب (کارێکە لە پێشبڕکێی ئەسپدا ئەکرێت) حەرامە و ژنبەژن حەرامە لە ئیسلامدا؟ ئەوەتان لە قورئاندا بینیوە؟ وتیان: نەخێر. فەرمووی: جا من لە پێغەمبەری خوام بیستووە صلی الله علیە وسلم کە: جەلەب و جەنب و ژنبەژن نییە لە ئیسلامدا ﴾.

عەبدوڵای کوڕی مەسعود ڕەزای خوای لێبێت:

﴿ لَعَنَ اللَّهُ الواشِمَاتِ وَالْمُسْتَوْشِمَاتِ، وَالنَّامِصَاتِ وَالْمُتَنَمِّصَاتِ، وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللهِ قالَ: فَبَلَغَ ذلكَ امْرَأَةً مِن بَنِي أَسَدٍ يُقَالُ لَهَا: أُمُّ يَعْقُوبَ وَكَانَتْ تَقْرَأُ القُرْآنَ، فأَتَتْهُ فَقالَتْ: ما حَدِيثٌ بَلَغَنِي عَنْكَ أَنَّكَ لَعَنْتَ الواشِمَاتِ وَالْمُسْتَوْشِمَاتِ، وَالْمُتَنَمِّصَاتِ وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللهِ، فَقالَ عبدُ اللهِ: وَما لي لا أَلْعَنُ مَن لَعَنَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ؟ وَهو في كِتَابِ اللهِ فَقالتِ المَرْأَةُ: لقَدْ قَرَأْتُ ما بيْنَ لَوْحَيِ المُصْحَفِ فَما وَجَدْتُهُ فَقالَ: لَئِنْ كُنْتِ قَرَأْتِيهِ لقَدْ وَجَدْتِيهِ، قالَ اللَّهُ

عَزَّ وَجَلَّ: {وَما آتاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَما نَهاكُمْ عنْه فَانْتَهُوا} (صحيح مسلم - ٢١٢٥) خوا لەعنەتی کردووە لە خاڵکوت و خاڵبۆکوتراو، وە لە برۆهەڵگر و برۆبۆهەڵگیراو، وە دەستکاریکەری ددانەکان بۆ جوانی، ئەوانەی کە دروستکراوی خوا ئەگۆڕن. ئەم قسەیە گەشتەوە بە ئافرەتێکی قورئانخوێن و هات بۆ لای عەبدوڵا و وتی: ئەو قسەیە چییە لە تۆوە بیستوومەتەوە کە لەعنەتی ئەوانەت کردووە؟ فەرمووی: جا چۆن کەسێك بەلەعنەت ناکەم کە پێغەمبەری خوا بەلەعنەتی کردووە و لە قورئانیشدایە؟ وتی: هەموو قورئانم خوێندووەتەوە و ئەوەم تیا نەبینیوە. فەرمووی: گەر بتخوێنایەتەوە ئەتبینی، خوای گەورە فەرموویەتی: ئەوەی پێغەمبەر ئەتانداتێ وەریبگرن، وە ئەوەی لێتان قەدەغە ئەکات وازی لێبێنن ﴾.

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت:

﴿ حدثنا أبو هريرة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: إن الشمس والقمر يكوران في النار يوم القيامة. قال: فقال الحسن: ما ذنبهما؟ فقال: إني أحدثك عن رسول الله صلى الله عليه وسلم. فسكت الحسن (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٣٩) پێغەمبەری خوا فەرمووی: خۆر و مانگ لە قیامەتدا ئەخرێنە ئاگرەوە. کەسێك بە ئەبو هورەیرەی وت: جا تاوانی خۆر و مانگ چییە؟ فەرمووی: من لە پێغەمبەری خواوە قسەت بۆ ئەگێڕمەوە. پیاوەکە بێدەنگ بوو ﴾.

عەبدوڵای کوڕی عومەر ڕەزای خوا لە هەردووکیان:

١. ﴿ أنه كان يتبع أمر رسول الله صلى الله عليه وسلم وآثاره وحاله وأفعاله ويهتم به (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٤٠) عەبدوڵا شوێن فەرمان و شوێنەوار و حاڵ و کردەوەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەکەوت و گرنگی پێ ئەدا ﴾.

٢. ﴿ عن نافع قال: كان ابن عمر إذا مر بشجرة بين مكة والمدينة أناخ عندها ثم صب في أصلها إداوة من ماء وإن لم تكن إلا تلك الإداوة. قال: وقال نافع: وأرى أن النبي صلى الله عليه وسلم فعله ففعله (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٤١) نافیع فەرمووی: عەبدوڵا گەر بەلای دارێکدا بڕۆشتایە کە لە نێوان مەککە و مەدینەدا بوو لای ئەدا و ئاوی ئەکردە ژێری ئەگەر تەنها ئەو ئاوەشی پێبوایە. وە نافیع فەرمووی: وائەزانم پێغەمبەر وای کردووە بۆیە ئەویش وای ئەکرد ﴾.

٣. ﴿ عن مجاهد قال: كنا مع ابن عمر في سفر فمر بمكان فحاد عنه فسُئل: لم فعلت هذا؟ فقال: إني رأيت رسول الله صلى الله عليه وسلم فعل هذا ففعلت (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٤٢) جارێك لە سەفەردا عەبدوڵا بەشوێنێکدا ڕۆشت و خۆی لێ لادا. پرسییان بۆ واتکرد؟ فەرمووی: پێغەمبەرم بینی وای کرد بۆیە منیش وامکرد ﴾.

٤. ﴿ كان ابن عمر إذا رئي في طريق .. فإن قيل له إن النبي صلى الله عليه وسلم لصق بالحائط لصق وإن قيل له قعدَ قعدْ، وإن قيل له مشى مشى (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٤٣) عەبدوڵا لە ڕێیەکدا ببینرایە گەر پێی بوترایە لەو جێیە پێغەمبەر خۆی دابووە بەر دیوارێك ئەویش خۆی ئەدایە بەر ئەو دیوارە، وە گەر پێی بوترایە ئەو دانیشتووە لەو جێیە ئەویش دائەنیشت، وە گەر بوترایە ڕۆشتووە ئەڕۆشت ﴾.

٥. ﴿ كان عبد الله بن عمر يحفظ ما يسمع من رسول الله صلى الله عليه وسلم، وإذا لم يحضر سأل من حضر عما قال رسول الله صلى الله عليه وسلم وفعل، وكان يتتبع آثار رسول الله صلى الله عليه وسلم في كل مسجد صلى فيه (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٤٤) عەبدوڵاّ ئەوەی لە پێغەمبەری ئەبیست لەبەری ئەکرد، وە گەر خۆی لەلای ئامادە نەبوایە پرسیاری لە ئامادەبووەکان ئەکرد دەربارەی قسە و کردارەکانی پێغەمبەر، وە شوێن هەموو شوێنەوارەکانی پێغەمبەر ئەکەوت لە هەر مزگەوتێك نوێژی تیا کردبێت ﴾.

ئەبوبەکری صددیق ڕەزای خوای لێبێت:

﴿ أن عائشة قالت: إن أبا بكر رضي الله عنه قال: لستُ تاركاً شيئاً كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يعمل به إلا عملت به، وإني لأخشى إن تركت شيئا من أمره أن أزيغ (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٤٥) هیچ شتێك وازلێناهێنم کە پێغەمبەری خوا کردبێتی ئیللا ئەیکەم، وە من ئەترسم گەر شتێك وازلێبێنم لە فەرمانەکانی لە حەق و ڕێی ڕاست لابەم ﴾.

عەطائی کوڕی ئەبی رەباح بەڕەحمەت بێت:

﴿ إلى الله إلى كتابه، وإلى الرسول إلى سنة رسول الله صلى الله عليه وسلم (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٥٢) گێڕانەوەی حوکمی بابەتەکان بۆ لای خوا گێڕانەوەیەتی بۆ لای قورئان، وە گێڕانەوە بۆ پێغەمبەر گێڕانەوەیە بۆ لای سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ﴾.

مەیمونی کوڕی میهران بەرەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله، قال: إلى كتابه، وإلى الرسول ما دام حيا، فإذا مات فإلى سنته (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢١٨، ٢٥١) گێڕانەوەی حوكم بۆ لای كتێبی خوایە، وە بۆ پێغەمبەرە مادەم زیندوو بێت، وە گەر مرد بۆ لای سوننەتەكەیەتی ﴾.

حەسسانی كوڕی عەطیە خوا لێی خۆشبێت ئەفەرموێت:

﴿ كان جبريل ينزل على النبي صلى الله عليه وسلم بالسنة كما ينزل عليه بالقرآن (سنن الدارمي - ٦٠٨) جبریل سوننەتی بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دائەبەزاند وەك قورئانی بۆ دائەبەزاند ﴾.

عومەری كوڕی عبد العزيز بەرەحمەت بێت:

﴿ عن عمر بن عبد العزيز أنه كتب إلى الناس: لا رأي لأحد مع سنّة سنّها رسول الله صلى الله عليه وسلم (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٦٢) بۆ خەڵكی نوسی: كە ڕای كەس وەرناگیرێت لەگەڵ سوننەتێكدا كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دایناوە ﴾.

شافیعی بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ ولا يلزم قول بكل حال إلا بكتاب الله أو سنة رسوله صلى الله عليه وسلم، وما سواهما تبع لهما (جماع العلم - ١١) وه هیچ قسەیەك بە هیچ جۆرێك وەرناگیرێت مەگەر بە بەڵگەی قورئان یان سوننەت، وه غەیری ئەو دووانە شوێنکەوتەیانە ﴾.

ئەبو جەعفەری طەحاوی بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ ودين الله في الأرض والسماء واحد، وهو دين الإسلام (متن العقيدة الطحاوية) وه دینی خوا لە ئاسمان و زەوی یەکە، ئەویش دینی ئیسلامە ﴾.

ئیبن بەططە بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

١. ﴿ فإن الله عز وجل بعث محمدا صلى الله عليه وسلم .. بكتاب .. يبيّن فيه مناهج حقوق افترضها ومعالم حدود أوجبها إيضاحا لوظائف دينه وإكمالا لشرائع توحيده، كل ذلك في آيات أجملها وبألفاظ اختصرها أدرج فيها معانيها ثم أمر نبيه صلى الله عليه وسلم بتبيين ما أجمل وتفصيل ما أدرج .. وفرض على الخلق أجمعين طاعة رسوله وقرن ذلك بطاعته ومتصلا بعبادته ونهى عن مخالفته بالتهديد وتواعد عليه بأغلظ الوعيد في آيات كثيرة من كتابه (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢١٥) جا بێ گومان خوای گەورە پێغەمبەری ناردووە صلى الله عليه وسلم بە قورئانێك کە تیایدا ڕێبازی واجباتێك کە فەرزی کردووە ڕوون بکاتەوە، وە زانستی ئەو سنورانەش کە واجبی کردوون ڕوون بکاتەوە بۆ مەبەستەکانی

دینەکەی و تەواوکەری شەریعەتەکانی تەوحیدەکەی، هەموو ئەوانە لە ئایەتانێکدا کە پوختی کردووەتەوە و بە دەستەواژەکان کورتی کردوونەتەوە، لەناویدا واتاکانی کۆکردووەتەوە، پاشان فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردووە بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی پوختی کردووەتەوە و وردەکاریدان بەوەی کۆیکردووەتەوە، وە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی لەسەر هەموو خەڵك فەرزکردووە، وە بەستوویەتییەوە بە گوێڕایەڵی خۆیەوە و پەیوەست بە پەرستنی خۆیەوە، وە ڕێی گرتووە لە سەرپێچیکردنی بە هەڕەشە، وە هەڕەشەی کردووە بە توندترین سزا لە ئایەتانێکی زۆردا لە کتێبەکەیدا ﴾.

٢. ﴿ وسئل سهل بن عبد الله التستري عن شرائع الإسلام، فقال: " وقال العلماء في ذلك وأكثروا ولكن نجمعه كله بكلمتين: ما ءاتاكم الرسول فخذوه وما نهكم عنه فانتهوا "، ثم نجمعه كله في كلمة واحدة: من يطع الرسول فقد أطاع الله، فمن يطع الرسول في سنته فقد أطاع الله في فريضته (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٢٢) لە سەهلی کوڕی عەبدوڵای توستورییان پرسی دەربارەی حوکمەکانی ئیسلام، فەرمووی: " وە زانایان لەوەدا قسەیان کردووە و زۆریان داوەتێ، بەڵام هەمووی بە دوو وشە کۆئەکەینەوە: ئەوەی پێغەمبەر ئەتانداتێ وەریبگرن، وە ئەوەی لێتان قەدەغە ئەکات وازی لێبێنن ". جا ئێمەش هەمووی لە یەك وشەدا کۆئەکەینەوە: هەرکەس گوێڕایەڵی پێغەمبەر بێت ئەوا گوێڕایەڵی خوا بووە، جا هەرکەس گوێڕایەڵی پێغەمبەر بێت لە سوننەتەکەیدا ئەوا گوێڕایەڵی خوا بووە لە فەرزەکەیدا ﴾.

٣. ﴿ إن كنتَ تؤمن بكتاب الله وأنه منزل من عند الله وإنّ ما أمرك الله به وما نهاك عنه فرض عليك قبوله، فإن الله أمرك بطاعة رسوله وقبول سنته، لأن الله عز وجل إنما ذكر فرائضه وأوامره بخطاب أجمله وكلام اختصره وأدرجه، دعا خلقه إلى فرائض ذكر أسمائها وأمر نبيه بأن يبين للناس معانيها ويوقف الأمة على حدود شرائعها ومراتبها .. فربنا تعالى هو المنزل ونبينا صلى الله عليه وسلم هو المبين (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٢٤) گەر باوەڕت

بە قورئان هەیە وە باوەڕت بەوەیە کە لەلایەن خواوە دابەزیوە، وە باوەڕت بەوەیـە کـە ئـەوەی خوا فەرمانی پیێ کردوویت و لەسەری قەدەغە کردوویت واجبە لەسەرت قبوڵی بکەیت، ئـەوا خوا فەرمانی پیێ کردوویت بـە گوێرایـەڵی پێغەمبەرەکـەی و ڕازی بـوون بـە سـوننەتەکەی، لەبەرئەوەی خوای بێ نیاز و بەڕێز باسی لە واجب و فەرمانـەکانی کـردووە بـە ئاخـافتنێکی گشتگیر و قسەیەکی پوخت و کۆکراوە، مەخلوقەکانی بانگکردووە بۆ واجباتێك کە ناوەکـانی باسکردووە و فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کـردووە کـە واتاکـانی بـۆ خـەڵك ڕوونبکاتـەوە و، خەڵکی لە سنوری شەریعەت و پلەکانیدا بوەستێنێت، جا پەروەردگاری بەرزمان دابەزێنەرە و پێغەمبەرەکەمان صلى الله عليه وسلم ڕوونکەرەوەیە ﴾.

ئیبن حەزم ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەفەرموێت:

﴿ وأن دين الإسلام هو الدين الذي لا دين لله في الأرض سواه، وأنه ناسخ لجميع الأديـان قبلـه، وأنـه لا ينسخه دين بعده أبدا، وأن من خالفه ممن بلغه، كافر مخلد في النـار أبـدا (مراتـب الإجمـاع / بـاب مـن الإجماع في الاعتقادات يكفر من خالفه بإجماع) ئوممەتی ئیسلام کۆڕان کە دینی ئیسلام ئەو دینەیە کە خوا هیچ دینێکی نییە لە زەویدا جگە لـەو، وە ئیسـلام پووچـەڵکەرەوەی هـەموو دینـەکانی پـێش خۆیەتی، وە هیچ دینێك دوای خۆی هەرگیز پووچەڵی ناکاتەوە و نایسڕێتەوە، وە هەرکەس سەرپێچـی بکات لەوەی پێیگەشتووە کافرە و نەمرە لە ئاگردا هەتاهەتایە ﴾.

ئیبن تەیمیە بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ كان الأنبياء جميعهم مبعوثين بدين الإسلام، فهو الدين الذي لا يقبل الله غيره، لا من الأولين ولا من الآخرين (العبودية -١٠٣) پێغەمبەران هەموو بە دینی ئیسلام نێردرابوون، جا ئیسلام ئەو دینەیە کە خوا غەیری ئەوی قبوڵ نییە، نە لە خەڵکی سەرەتاکان و نە لە کۆتاییەکان ﴾.

سعدی ئەبو جیب بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

١. ﴿ انعقد الإجماع على أن الإسلام هو الدين الذي فرضه الله سبحانه وتعالى على الإنس والجن، وأنه لا دين لله سواه، وأنه ناسخ لجميع الشرائع ولا ينسخه دين بعده أبدا، ومن خالف ذلك كفر بالإجماع (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٣٨) کۆڕا دروستبووە لەسەر ئەوەی ئیسلام ئەو دینەیە کە خوا فەرزی کردووە لەسەر مرۆڤ و جنۆکە، وە جگە لەو خوا دینی نییە، وە ئەو سڕەرەوەی هەموو شەریعەتەکانە و هیچ دینێك دوای خۆی هەرگیز نایسڕێتەوە، وە هەرکەس سەرپێچی ئەوە بکات کوفری کردووە لای هەمووان ﴾.

٢. ﴿ واتفقوا على وجوب الحكم بالقرآن والسنة والإجماع (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٣٨٢) وە یەکدەنگن لەسەر واجبێتی حوکمکردن بە قورئان و سوننەت و کۆڕا ﴾.

٣. ﴿ إذا ثبتت السنة فهي عند جماعة العلماء عبادة يدنو العامل بها من رحمة ربه، وينال المسلم بها درجة المؤمن المخلص (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٩٦٨) گەر سوننەت سەلما ئەوا لەلای کۆمەڵی زانایان عیبادەتە و ئەنجامدەری لە ڕەحمەتی پەروەردگاری نزیك ئەبێتەوە، وە موسوڵمان پێی پلەی ئیمانداری دڵسۆز بەدەستدێنێت ﴾.

٤. ﴿ إن إجماع الصحابة على العمل بخبر الواحد (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٩٨٢) كۆڕای هاوەڵان لەسەر کارکردنە بە هەواڵی تاك (ئاحاد) ﴾.

وەلید السعیدان خوا بیپارێزێت ئەفەرموێت:

١. ﴿ وأجمع أهل السنة على وجوب الاعتصام بالكتاب والسنة (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) ئەهلی سوننە کۆڕان لەسەر واجبێتی دەستگرتن بە قورئان و سوننەتەوە ﴾.

٢. ﴿ وأجمعوا على أن الرد لله هو الرد إلى كتابه، وأن الرد إلى النبي صلى الله عليه وسلم هو الرد إليه في حياته ورد إلى سنته بعد وفاته (تشنيف الأسماع ببعض مسائل الإجماع) زانایان کۆڕان کە گێڕانەوەی حوکم بۆ لای خوا گێڕانەوەیە بۆ لای قورئان، وە گێڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆ لای خۆیەتی لە ژیانیدا وە بۆ لای سوننەتەکەیەتی دوای مردنی ﴾.

٣. ﴿ وأجمعوا على قبول خبر الواحد في الاعتقاد إذا صح سنده (تشنيف الأسماع ببعض مسائل الإجماع) وە کۆڕان لەسەر وەرگرتنی هەواڵی تاك لە بیروباوەڕدا گەر سەنەدەکەی دروست بێت ﴾.

# بابەتی دووەم

# كۆڕای زانایانیش سەرچاوەیە

لەگەڵ قورئان و فەرمووددەدا خوای گەورە كۆڕا و یەكدەنگی زانایانی ئیسلامیشی كردووە بە سەرچاوە بۆمان تا شوێنی بكەوین و لێی لانەدەین، وە بەو شێوەیە لە دەقەكان بگەین كە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ڕەزای خوایان لێ بێت تێیگەشتوون.

خوای گەورە ئەفەرموێت:

١. ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا (النساء - ١١٥) وە هەركەس دژایەتی پێغەمبەر بكات دوای ئەوەی ڕێی ڕاستی بۆ ڕوون بووەوە، وە شوێن ڕێگای غەیری باوەڕداران بكەوێت، بۆی ئەڕازێنینەوە تا زیاتر گومڕابێت و ئەیخەینە جەهەننەمەوە، وە ئەوە خراپترین ئەنجامە ﴾.

٢. ﴿ فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا هُمۡ فِي شِقَاقٖ (البقرة - ١٣٧) گەر ئەهلی كیتاب باوەڕبهێنن وەك ئەم ئیمانەی ئێوە ئەوە هیدایەتیان وەرگرتووە، بەڵام گەر پشتیانهەڵكرد ئەوا لە سەرپێچیدان ﴾.

٣. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ (النساء - ٥٩) ئەی ئەوانەی ئیمانتانهێناوە گوێرایەڵی خوا و گوێرایەڵی پێغەمبەر بن وە زانا و كاربەدەستەكانتان، جا گەر لە شتێكدا ناكۆكی كەوتە نێوانتانەوە ئەوا حوكمەكەی بگەڕێننەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر گەر باوەڕتان بە خوا و قیامەتە ﴾.

پێغەمبەری خوا ئەفەرموێت:

١. ﴿ خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ (صحيح البخاري - ٢٦٥٢) باشترینی خەڵك سەردەمی منە، پاشان ئەوانەی بەدوایانا دێن، پاشان ئەوانەی بەدوایانا دێن ﴾.

٢. ﴿ وتفترقُ أمَّتي على ثلاثٍ وسبعينَ ملَّةً، كلُّهم في النَّارِ إلَّا ملَّةً واحِدةً، قالوا: مَن هيَ يا رسولَ اللَّهِ؟ قالَ: ما أنا علَيهِ وأَصحابي (صحيح الترمذي - ٢٦٤١) وە ئوممەتەکەم بەسەر حەفتا و سێ كۆمەڵەدا بەشئەبن، هەموویان لە ئاگردان یەکێکیان نەبێت. وتیان ئەو یەکە کێیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ئەوەی من و هاوەڵەکانمی لەسەرم ﴾.

٣. ﴿ فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء المهديين الراشدين تمسكوا بها، وعضوا عليها بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة (سنن أبي داود - ٤٦٠٧) شوێن سوننەتەکەم و سوننەتی خەلیفە هیدایەتدەرە باشەکان بکەون، دەستی پێوەبگرن، وە ددانەکانتانی لێ گیربکەن، وە ئاگاداربن لە بابەتە نوێکان، چونکە هەموو شتێکی نوێ داهێنراوە، وە هەموو داهێنراوێك گومڕاییە ﴾.

شافیعی بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ وليس لأحد أبدا أن يقول في شيء حلّ ولا حرم إلا من جهة العلم، وجهة العلم الخبر في الكتاب أو السنة أو الإجماع أو القياس (الرسالة - ٣٩) وە هەرگیز بۆ کەس نییە لە شتێکدا بڵێت حەڵاڵ بووە یان حەرام بووە ئیللا لە ڕێی زانستەوە، وە ڕێی زانستیش هەواڵی قورئان یان سوننەت یان کۆڕا یان قیاسە ﴾.

ئەبی حاتمی رازی ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەفەرموێت:

﴿ مذهبنا واختيارنا اتباع رسول الله صلى الله عليه وسلم وأصحابه والتابعين ومن بعدهم بإحسان .. ولزوم الكتاب والسنة (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة لاللالكائي / اعتقاد أبي حاتم) ڕێباز و هەڵبژێردراومان شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم و هاوەڵانی و شوێنکەوتووانی و ئەوانەی دوای ئەوان بە چاکە، وە پابەندبوون بە قورئان و سوننەتەوە ﴾.

ئیبن تەیمییە بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

١. ﴿ ثم من طريقة أهل السنة والجماعة اتباع آثار رسول الله صلى الله عليه وسلم باطنا وظاهرا واتباع سبيل السابقين الأولين من المهاجرين والأنصار، .. ويعلمون أن أصدق الكلام كلام الله وخير الهدي هدي محمد صلى الله عليه وسلم، ويؤثرون كلام الله على غيره من كلام أصناف الناس، ويقدمون هدي محمد صلى الله عليه وسلم على هدي كل أحد، .. والإجماع هو الأصل الثالث الذي يعتمد عليه في العلم والدين، وهم يزنون بهذه الأصول الثلاثة جميع ما عليه الناس من أقوال وأعمال باطنة أو ظاهرة مما له تعلق بالدين (العقيدة الواسطية / الفصل ما قبل الآخر) پاشان لە ڕێبازی ئەهلی سوننە شوێنکەوتنی پاشماوەکانی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم بە ڕووکەش و لە ناخەوە، وە شوێنکەوتنی ڕێگای پێشینانی یەکەمە لە کۆچکەران و پشتیوانان، وە ئەزانن کە ڕاستترین قسە قسەی خوایە، وە باشترین ڕێباز ڕێبازی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم، وە قسەی خوا ئەخەنە پێش قسەی جۆرەها خەڵك، وە ڕێبازی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش ڕێبازی هەموو کەس ئەخەن، وە کۆڕا بنەمای سێهەمە کە پشتی پێ ئەبەسترێت لە زانست و دیندا، وە ئەوان بەم سێ بنەمایە ئەوەی

هەموو خەڵك لەسەرین ئەكێشن لە قسە و كرداری ناخ یان ڕووكەش لەوەی پەیوەندی بە دینەوە هەیە ﴾.

٢. ﴿ وهذه الآية (النساء - ١١٥) تدل على أن إجماع المؤمنين حجة (الإيمان - ٣٥) وە ئایەتی (النساء - ١١٥) نیشانەیە كە كۆڕای ئیمانداران بەڵگەیە ﴾.

سعدی ئەبو جیب بەرەحمەت بێت ئەفەرمویت:

﴿ واتفقوا على وجوب الحكم بالقرآن والسنة والإجماع (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٣٨٢) وە یەكدەنگن لەسەر واجبێتی حوكمكردن بە قورئان و سوننەت و كۆڕا ﴾.

وەلید السعیدان خوا بیپارێزێت ئەفەرمویت:

١. ﴿ وأجمع السلف على وجوب التمسك بسنة الخلفاء الراشدين والأئمة المهديين (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە پێشینان كۆڕان لەسەر واجبێتی دەستگرتن بە ڕێبازی خەلیفە باشەكان و پێشەوا هیدایەتدەرەكان ﴾.

٢. ﴿ وأجمعوا على أن الأمة لا تجتمع على ضلالة أبدا (تشنيف الأسماع ببعض مسائل الإجماع) وە زانایان كۆڕان لەسەر ئەوەی كە ئوممەت لەسەر گومڕایی هەرگیز كۆنابێتەوە ﴾.

# بابەتی سێیەم

## وەلانانی ئیسلام و کارکردن بە غەیری شەرع حەرامە و کوفرە

غەیری قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایانی ئیسلام سەرچاوەی ئیسلام و وەرگرتنی حوکمەکان نین، وە غەیری ئەوانە هەر شتێکی تر لە: عەقڵ و هەوا و دین و ڕێبازی تر، حوکمیان لێوە وەرناگیرێت. وە هیچ شتێك لە دیندا داناهێنرێت و دینی ئیسلام جێگیرە و بۆ هەموو کات و شوێنێکە و بۆ هەموو میللەتێکە.

وە هەرکەس شوێن دین و ڕێبازی تر بکەوێت موسوڵمان نییە و لە دین چووەتە دەرەوە و کردەوەکانی بەتاڵن. وە کوفرە دژایەتی دینی خوای گەورە بکرێت و حوکمەکانی پەك بخرێن و پشتیان تێ بکرێت، یان کار بە یاسای دەستکردی مرۆڤەکان بکرێت. وە حەرامە و کوفرە حەڵاڵ و حەرامەکانی شەرع پێچەوانە بکرێنەوە و بگۆڕدرێن، یان بەڵگەنەویست و ئاشکرا و زانراوێکی ڕەتبکرێتەوە و بەدرۆبخرێتەوە.

خوای گەورە ئەفەرموێت:

١. ﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗا (النساء - ١٢٥) وە کێ دینی لەو کەسە باشترە کە ڕووی خۆی تەسلیمی خوا کردووە و چاکەکارە و شوێن دینی ئیبراهیم کەوتبێ و لە هەموو دینە بەتاڵەکان لایدابێت ﴾.

٢. ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦ (الأنعام - ١٥٣) وه بێ گومان ئەمە ڕێگای ڕاستی منە جا شوێنی بکەون، وە شوێن ڕێچکەکانی تر مەکەون لەبەرئەوەی لە ڕێگای ڕاستی خوا جیاتان ئەکەنەوە ﴾.

٣. ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ (الأنعام - ١٥٥) ئەم قورئانە دامانبەزاندووە موبارەکە جا شوێنی بکەون و لە خوا بترسن بەڵکو ڕەحمتان پێبکرێت ﴾.

٤. ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَۚ وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا (النساء - ٨٢) ئایا بۆ بە تێفکرانەوە لە قورئان ناڕوانن، وە گەر لەلایەن غەیری خواوە بوایە جیاوازی و دژیەکییەکی زۆریان تیا ئەدۆزییەوە ﴾.

٥. ﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (آل عمران - ٨٥) وە هەرکەس شوێن دینێکی غەیری ئیسلام بکەوێت ئەوا لێی قبوڵ ناکرێت، وە لە قیامەتدا لە دۆڕاوەکانە ﴾.

٦. ﴿ وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوۡ نَصَٰرَىٰ تَهۡتَدُواْۗ قُلۡ بَلۡ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِـۧمَ حَنِيفٗاۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ (البقرة - ١٣٥) وە ئەهلی کیتاب وتیان بن بە جوولەکە و گاور هیدایەت وەرئەگرن، بەڵێ بەڵکو دینی ئیبراهیم دینمانە کە لە شیرك لائەدات، وە ئیبراهیم لە موشریکان نەبووە ﴾.

٧. ﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلۡأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ عَلَيۡهِمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ (١٥٧) قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِيِّ ٱلۡأُمِّيِّ ٱلَّذِي يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ (١٥٨) (الأعراف) ئەوانەی شوێن نێردراوە پێغەمبەرە نەخوێندەوارەکە ئەکەون کە لای خۆیان لە تەورات و ئینجیلدا بە نوسراوی ئەیبینن، فەرمانیان پێ ئەکات بە کاری چاك و ڕێیان لێ

ئەگرێت لە خراپە و پاکەکانیان بۆ حەڵاڵ ئەکات و پیسەکانیان لەسەر حەرام ئـەکات، وە ئـەو بار و کۆتەیان لێ لائەبات کە لەسەریان بوو، جا ئەوانەی کە باوەڕی پێ ئەهێنن و بەگـەورەی ئەزانن و سەری ئەخەن و شوێن ئەو ڕووناکییە ئەکەون کە لەگەڵی دابەزیوە ئائەوانە سەرفرازن (١٥٧) بڵێ ئەی خەڵکینە من پێغەمبەری خوام بۆ ئێـوە هـەمووتان، ئـەو خوایـەی هـەموو موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەوە، هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، زیندوو ئەکاتـەوە و ئەمرێنێت، جا باوەڕ بێنن بە خوا و نێردراوە پێغەمبەرە نەخوێندەوارەکەی کە باوەڕی هەیە بە خوا و وشەکانی، وە شوێنی بکەون بەڵکو هیدایەت وەرگرن (١٥٨) ﴾.

٨. ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ (الجاثية - ١٨) پاشان تۆمان خستووەتە سەر شەریعەتێك جا شوێنی بکەوە وە شـوێن ئـارەزووی ئەوانـە مەکەوە کە نازانن ﴾.

٩. ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا (٦٠) وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا (٦١) (النساء) ئایا نابینی ئەوانەی بە گومانی خۆیان ئیمانیان هێناوە بـەوەی بـۆت دابەزیوە و بەوەی پێش تۆش دابەزیوە ئەیانـەوێت حـوکم بـەرەن بـۆ لای تـاغوت، لەکاتێکـدا فەرمانیان پێ کراوە کە بێ باوەڕ بن بە هـەموو تاغوتێـك، وە شـەیتان ئەیـەوێت گومڕایـان بکـات گـومڕاکردنێکی دوور (٦٠) وە کاتێـك پێیـان بوترێـت وەرن بـۆ لای ئـەوەی خـوا دایبەزاندووە و بۆ لای پێغەمبەر مونافیقـەکان ئـەبینیت پشـتت تـێ ئەکـەن و ڕائەکـەن لـە گێڕانەوەی حوکم بۆ لای خوا (٦١) ﴾.

١٠. ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا (الأحزاب - ٣٦) وە بـۆ هـیچ

باوەڕدارێك نییە نێر بێت یان مێ كاتێك خوا و پێغەمبەرەكەی بڕیارێك بدەن هیچ بژاردەیەكی تریان هەبێت، وە هەركەس سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەكەی بكات ئـەوا بـێ گومـان گـومڕا بووە گومڕابوونێكی ڕوون ﴾.

١١. ﴿ أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا (الفرقان - ٤٣) نـابینی كەسانێك هەوای خۆیان كردووە بە خوا، ئایا تۆ ئەتوانی ئیمان بخەیتە دڵی ئەوانەوە ﴾.

١٢. ﴿ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا (المائدة - ٣) ئەمڕۆ دینەكەتانم بۆ تەواوكردن، وە نیعمەتی خۆم ڕشت بەسەرتاندا، وە بە ئیسلام ڕازی بووم دینتان بێت هەتا قیامەت ﴾.

١٣. ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسْعَوْنَ فِي ٱلْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوْ يُصَلَّبُوٓاْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَٰفٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ ٱلْأَرْضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي ٱلدُّنْيَاۖ وَلَهُمْ فِي ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (المائدة - ٣٣) سـزای ئـەو كەسـانەی كـە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەكەی ئەكەن و لەسەر زەویدا ئاشووب و خراپە ئەنێنەوە، ئەوەیە كـە بكوژرێن، یان هەڵئەواسرێن و لە خاچ ئەدرێن، یان دەست و قاچیان ڕاست و چـەپ ببڕدرێـت، یان ڕاوئەنرێن و دوورئەخرێنەوە، ئەوە بۆیان سەرشۆڕییە لە دنیادا، وە لە قیامەتـدا سـزایەكی زۆر گەورەیان هەیە ﴾.

١٤. ﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (النور - ٦٣) ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر ئەكەن بـا ئاگـادار بـن تووشـی فیتنـە نەبن، یان تووشی ئەشكەنجەیەكی بەئێش نەبن ﴾.

١٥. ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ (آل عمـران - ٣١) بڵێ گەر خواتان خۆشئەوێت دەی شوێنم بكەون با خوا خۆشتانی بوێت و لە تاوانـەكانتان ببووڕێت ﴾.

١٦. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ (الحجرات - ١) ئەی ئیمانداران پێچەوانەی قورئان و سوننەت هیچ مەڵێن و مەکەن، وە لە خوا بترسن ﴾.

١٧. ﴿ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ (الشورى - ٢١) ئایا ئەوانە هاوبەشیان هەیە کە لە دیندا شتانێکیان بۆ دارِشتوون کە خوا رِێی نەداوە ﴾.

١٨. ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوۡلَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ أَن يَقُولُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ (٥١) وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ (٥٢) (النور) ئیمانداران تەنها قسەیەك کە هەیانبێت کاتێك بانگبکرێن بۆ لای خوا و پێغەمبەر بۆ ئەوەی حوکم بکەن لە نێوانیان ئەوەیە بڵێن گوێرایەڵ و ملکەچین، وە ئەوانەن سەرفرازن (٥١) وە هەرکەس گوێرایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات و لە خوا بترسێت ئائەوانەن براوەن (٥٢) ﴾.

١٩. ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كُفَّارٞ فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡ أَحَدِهِم مِّلۡءُ ٱلۡأَرۡضِ ذَهَبٗا وَلَوِ ٱفۡتَدَىٰ بِهِۦٓۗ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ (آل عمران - ٩١) ئەوانەی کە کافربوون و بەکافری مردوون ئەگەر بەپرِایی زەوی ئاڵتوونیان هەبێت و بیبەخشن لێیان وەرناگیرێت، ئەوانە ئەشکەنجەی بەئێشیان هەیە و هیچ سەرخەرێکیان نییە ﴾.

٢٠. ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَرِهُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحۡبَطَ أَعۡمَٰلَهُمۡ (محمد - ٩) چونکە ئەوان رِقیان لەوەبوو کە خوا دایبەزاندووە، بۆیە خواش کردەوەکانی بەتاڵکردنەوە ﴾.

پێغەمبەری خوا ئەفەرموێت:

١. ﴿ مَن أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هذا ما ليسَ فِيهِ، فَهو رَدٌّ (صحيح البخاري - ٢٦٩٧) هەرکەس لەم کارەماندا شتێك دابێنێت کە تیای نییە ئەوە رِەتئەکرێتەوە ﴾.

٢. ﴿ مَن عَمِلَ عَمَلًا ليسَ عليه أمْرُنا فَهو رَدٌّ (صحيح مسلم - ١٧١٨) هەركەس كارێك بكات كە دینی ئێمە لەسەری نەبێت ئەوە ڕەتئەكرێتەوە ﴾.

٣. ﴿ وإياكم ومحدثاتِ الأمورِ، فإنَّ كلَّ مُحدثةٍ بدعةٌ، وكلَّ بدعةٍ ضلالةٌ (السلسلة الصحيحة - ٢٧٣٥) ئاگاداربن لە كارە نوێكان، چونكە هەموو نوێكارییەك داهێنراوە، وە هەموو داهێنراوێك گومڕاییە ﴾.

٤. ﴿ والذي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بيَدِهِ، لا يَسْمَعُ بي أحَدٌ مِن هذِه الأُمَّةِ يَهُودِيٌّ، ولا نَصْرانِيٌّ، ثُمَّ يَمُوتُ ولَمْ يُؤْمِنْ بالَّذِي أُرْسِلْتُ به، إلَّا كانَ مِن أصْحابِ النَّارِ (صحيح مسلم - ١٥٣) سوێند بەوەی نەفسی موحەممەدی بەدەستە، هەر جوولەكە و گاورێك لەم ئوممەتە دەربارەی من ببیستێت و پاشان بمرێت و باوەڕی بەوە نەبووبێت كە پێمدا نێردراوە، ئیللا لە ئاگردایە ﴾.

٥. ﴿ والذي نفسُ محمدٍ بيدِه لو كان موسَى بينَ أظهرِكم ثم اتبعتموهُ وتركتموني لضللتمْ ضلالًا بعيدًا أنتم حَظِّي من الأممِ وأنا حَظُّكُمْ من النبيينَ (السلسلة الصحيحة ٧/ ٦٢٨) (مجمع الزوائد ١/ ١٧٩) سوێند بەوەی نەفسی موحەممەدی بەدەستە، گەر موسا لەناوتاندا بوایە و شوێنی بكەوتنایە و وازتان لێم بهێنایە، ئەوا وێڵ ئەبوون وێڵ بوونێكی دوور، ئێوە بەشی منن لە ئوممەتەكان و منیش بەشی ئێوەم لە پێغەمبەران ﴾.

٦. ﴿ ما بَالُ أُنَاسٍ يَشْتَرِطُونَ شُرُوطًا ليسَ في كِتَابِ اللَّهِ، مَنِ اشْتَرَطَ شَرْطًا ليسَ في كِتَابِ اللَّهِ فَهو بَاطِلٌ، وإنِ اشْتَرَطَ مِئَةَ شَرْطٍ شَرْطُ اللَّهِ أحَقُّ وأَوْثَقُ (صحيح البخاري - ٢١٥٥) خەڵكانێك چییانە كۆمەڵێك مەرج دائەنێن كە لە قورئاندا نییە، هەركەس مەرجێك دابنێت كە لە قورئاندا نەبێت ئەوا بەتاڵە، ئەگەرچی سەد مەرجیش دانێت مەرجی خوا ڕاستتر و پتەوترە ﴾.

٧. ﴿ أَبْغَضُ النَّاسِ إلى اللَّهِ ثَلاثَةٌ: مُلْحِدٌ في الحَرَمِ، ومُبْتَغٍ في الإسْلامِ سُنَّةَ الجاهِلِيَّةِ، ومُطَّلِبُ دَمِ امْرِئٍ بغيرِ حَقٍّ لِيُهَرِيقَ دَمَهُ (صحيح البخاري - ٦٨٨٢) بوغزێنراوترینی خەڵك لای خوا

سیانە: بێدینێك لە حەرەمدا، وە ڕێبازی نەفامی ویستێك لە ئیسلامدا، وە داواكەری خوێنی كەسێك بە ناحەق تا بیرێژێت ﴾.

٨. ﴿ كُلُّ أُمَّتي يَدْخُلونَ الجَنَّةَ إِلَّا مَن أَبى، قالوا: يا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَن يَأْبى؟ قالَ: مَن أَطَاعَني دَخَلَ الجَنَّةَ، وَمَن عَصَاني فقَدْ أَبى (صحيح البخاري - ٧٢٨٠) هەموو ئوممەتەكەم ئەچنە بەهەشتەوە جگە لەوانەی نایانەوێت. وتیان: پێغەمبەری خوا جا كێ نایەوێت؟ فەرمووی: هەركەس گوێڕایەڵم بێت چۆتە بەهەشتەوە، وە هەركەس سەرپێچیم بكات نایەوێت ﴾.

٩. ﴿ فمَن رَغِبَ عن سُنَّتي فليسَ مِنِّي (صحيح البخاري - ٥٠٦٣) هەركەس لە ڕێبازم لابدات لە من نییە ﴾.

١٠. ﴿ لا طَاعَةَ في مَعْصِيَةِ اللهِ، إنَّما الطَّاعَةُ في المَعروفِ (صحيح مسلم - ١٨٤٠) گوێڕایەڵی نییە لە سەرپێچی خوادا، بەڵكو گوێڕایەڵی لە چاكەدایە ﴾.

١١. ﴿ لا طاعةَ لمخلوقٍ في مَعصيةِ اللهِ عزَّ وجلَّ (تخريج المسند - ١٠٩٥) گوێڕایەڵی بۆ هیچ مەخلوقێك نییە لە سەرپێچی خوادا ﴾.

عوبادەی كوڕی صامت ڕەزای خوای لێبێت:

﴿ فقال: يا أيها الناس إنكم تأكلون الربا، سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: لا تبايعوا الذهب إلا مثلا بمثل لا زيادة بينهما ولا نظرة. فقال رجل: لا أرى الربا يكون في هذا إلا ما كان من نظرة. فقال عبادة: أحدثك عن رسول الله صلى الله عليه وسلم وتحدثني عن رأيك، لئن أخرجني الله لا أساكنك بأرض لك عليّ فيها إمرة (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٥٦) (سنن ابن ماجه - ١٨) بە خەڵكی وت: ئێوە ڕیبا ئەخۆن، گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو صلى الله عليه وسلم ئەیفەرموو: ئاڵتوون مەفرۆشن مەگەر هاوتا بن لە بڕدا هیچ زیادەیەك نەبێت لە نێوانیاندا وە

دواخستنيش نەبێت لە تەسليمكردنيدا. پياوێك وتی: وا نابينم ريبا لەمەدا هەبێت مەگەر لە ڕووی دواخستنەوە. عوبادە وتی: قسەی پێغەمبەرت بۆ ئەكەم و تۆش ڕای خۆتم پێ ئەڵێيت، گەر خوا لەم شوێنە دەربازم بكات لە زەوييەكدا لەگەڵتدا دانانيشم تۆ بەسەرمەوە فەرمانڕەوا بيت تيايدا ﴾.

ئەبو دەردائ ڕەزای خوای لێبێت:

﴿ أن رجلا باع كسرة من ذهب أو ورق بأكثر من وزنها، فقال أبو الدرداء: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم ينهى عن مثل هذا إلا مثلاً بمثل. فقال الرجل: ما أرى بمثل هذا بأسا. فقال أبو الدرداء: من يعذرني من فلان أحدثه عن رسول الله صلى الله عليه وسلم ويخبرني عن رأيه، لا أساكنك بأرض أنت بها (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٥٧) (الموطأ - ١٨٤٨) پياوێك پارچە زێڕ يان زيوێكی بە زياتر لە كێشی خۆی فرۆشت، ئەبو دەردائ وتی: لە پێغەمبەرم بيست كە ڕێگری ئەكرد لەو جۆرە كارە مەگەر لە بڕدا هاوتا بن. پياوەكە وتی: من خراپ نابينم لەو كارەمدا. فەرمووی: كێ لۆمەم ئەكات لە فلان كەسدا، من قسەی پێغەمبەری خوای بۆ باسئەكەم و ئەويش ڕای خۆيم پێ ئەڵێت، لە جێيەكدا لەلات دانانيشم تۆی لێبيت ﴾.

ئەبو سەعيدی خودری ڕەزای خوای لێبێت:

﴿ سمعت أبا سعيد الخدري يقول لرجل: أتسمعني أحدث عن رسول الله صلى الله عليه وسلم أنه قال: لا تبيعوا الدينار بالدينار والدرهم بالدرهم إلا مثلا بمثل ولا تبيعوا منها عاجلا بآجل، ثم أنت تفتي بما تفتي، والله لا يؤويني وإياك ما عشت إلا المسجد (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٥٨) بە پياوێكی وت: گوێت لێمە كە لە پێغەمبەرەوە قسەت بۆ ئەكەم كە فەرمووی: ئاڵتوون بە ئاڵتوون و

زیو بە زیو مەفرۆشن مەگەر بە هاوشێوەی یەك، وە مەیفرۆشن پێشوەختە بە دواخراو. پاشان تۆ فەتوا ئەدەیت بە فەتوای خۆت؟ سوێند بە خوا من و تۆ کۆناکاتەوە هەتا بمێنم مزگەوت نەبێت ﴾.

عبد الله ی کوڕی موغەففەل ڕەزای خوای لێبێت:

﴿ قال: نهى النبي صلى الله عليه وسلم عن الخذف، وقال أنها لا تصطاد صيدا ولا تنكأ عدواً، ولكنها تفقأ العين وتكسر السن. فقال رجل لعبد الله بن مغفل: وما بأس هذا؟ فقال: إني أحدثك عن رسول الله صلى الله عليه وسلم وتقول هذا، والله لا أكلمك أبدا (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٥٩) (صحيح مسلم - ١٩٥٤) پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەرد فڕێدانی بە پەنجە (دارلاسیك و قۆچەقانیش ئەگرێتەوە) قەدەغە کردووە، وە فەرمووی ئەوە نە ڕاوی پێ ئەکرێت و نە دوژمنی پێ ئەبەزێنرێت، بەڵکو چاو کوێر ئەکات و ددان ئەشکێنێت. پیاوێك بە عەبدوڵای وت: جا ئەوە خراپییەکەی چییە؟ فەرمووی: من قسەی پێغەمبەری خوات بۆ باسئەکەم و تۆش ئەوە ئەڵێیت، سوێند بە خوا هەتاهەتایە قسەت لەگەڵ ناکەم ﴾.

مالیك بەڕەحمەت بێت:

﴿ قال رجل لمالك بن أنس: أحرُمُ من مسجد النبي صلى الله عليه وسلم أو من ذي الحليفة؟ فقال له: بل من ذي الحليفة. فقال الرجل: فإني أحرمت أنا من مسجد رسول الله صلى الله عليه وسلم. قال: فقال مالك: ﴿فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصيبهم فتنة أو يصيبهم عذاب أليم﴾ (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٦١) پیاوێك لێی پرسی: لە میقاتەوە ئیحرام بکەم یان لە مزگەوتی پێغەمبەرەوە؟ پێی فەرموو: لە میقاتەوە. وتی: جا من لە مزگەوتی پێغەمبەرەوە ئیحرامم کردووە.

فەرمووی: ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر ئەکەن با ئاگادار بن تووشی فیتنە نەبن، یان تووشی ئەشکەنجەیەکی بەئێش نەبن ﴾.

شافیعی بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ أمّا ما كان نص كتاب بيّن، أو سنة مجتمع عليها فالعذر مقطوع، ولا يسع الشك في واحد منهما، ومن امتنع من قبوله استتيب (الرسالة - ٤٦٠) ئەوەی دەقی ڕوونی قورئان بێت، یان سوننەتێکی کۆڕا لەسەر بێت ئەوا عوزر تیایدا بڕاوە، وە بۆ کەس نییە شك لە هەرکامێکیان بکات، وە هەرکەس وازبێنێت لە قبوڵکردنی ئیستیتابە ئەکرێت ﴾.

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەفەرموێت:

١. ﴿ أصول السنة عندنا التمسك بما كان عليه أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم، والاقتداء بهم، وترك البدع، وكل بدعة فهي ضلالة (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة لاللالكائي / اعتقاد أحمد بن حنبل) بنەماکانی عەقیدە لەلای ئێمە بریتییە لە دەستگرتن بەوەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوای لەسەر بوو، وە شوێنکەوتنیان، وە وازهێنان لە بیدعە، وە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە ﴾.
٢. ﴿ سمعت أبا عبد الله يقول: نظرت في المصحف فوجدت فيه طاعة رسول الله صلى الله عليه وسلم في ثلاثة وثلاثين موضعا. ثم جعل يتلو: ﴿فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصيبهم فتنة أو يصيبهم عذاب أليم﴾، وجعل يكررها ويقول: وما الفتنة الشرك، لعله أن يقع في قلبه شيء من الزيغ فيزيغ قلبه فيهلكه. وجعل يتلو هذه الآية: ﴿فلا وربك لا يؤمنون حتى

يحكموك فيما شجر بينهم﴾، قال: وسمعت أبا عبد الله يقول: من رد حديث النبي صلى الله عليه وسلم فهو على شفا هلكة (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٦٠) فەرمووی: لە قورئاندا لە سی و سێ جێدا گوێرایەڵی پێغەمبەرم بینی. پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر ئەکەن با ئاگادار بن تووشی فیتنە نەبن، یان تووشی ئەشکەنجەیەکی بەئێش نەبن. وە فەرمووی: وە فیتنە شیرك نییە، بەڵکو شتێك لە لادان لە حەق بکەوێتە دڵیەوە و دڵی پێی بگۆڕێت و بیفەوتێنێت. وە ئەم ئایەتەی خوێندەوە: نەخێر سوێند بە پەروەردگارت ئیمان ناهێنن هەتا نەتکەن بە دادوەر لەو کێشانەی لە نێوانیان ڕوودەدات. وە فەرمووی: هەرکەس فەرموودەی پێغەمبەر ڕەتبکاتەوە ئەوا لەسەر لێواری تیاچوونە ﴾.

ئیسحاقی کوڕی راهۆیە بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ وقد أجمع العلماء .. أن من دفع شيئا أنزله الله .. وهو مع ذلك مقر بما أنزل الله، أنه كافر (التمهيد ٤/ ٢٢٦) وە زانایان کۆڕان کە هەرکەس شتێك ڕەتبکاتەوە کە خوای گەورە دایبەزاندووە، هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا دان ئەنێت بەوەی خوا دایبەزاندووە، ئەوا کافرە ﴾.

ئەبو جەعفەری طەحاوی بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ ونسمي أهل قبلتنا مسلمين مؤمنين، ما داموا بما جاء به النبي معترفين، وله بكل ما قال وأخبر مصدقين (متن العقيدة الطحاوية) وە ئەهلی قیبلەکەمان بە موسوڵمان ناو ئەبەین هەتاوەکو دانیان نابێت بەوەی کە پێغەمبەر هێناویەتی، وە باوەڕیان بە هەموو ئەوانە هەبێت کە فەرموویەتی ﴾.

ئیبن بەططە بەڕەحمەت بێت:

١. ﴿ هذا يا إخواني الصّدّيق الأكبر يتخوف على نفسه الزيغ إن هو خالف شيئا من أمر نبيه صلى الله عليه وسلم، فماذا عسى أن يكون في زمان أضحى أهله يستهزئون بنبيهم وبأوامره ويتباهون بمخالفته ويسخرون بسنّته، نسأل الله عصمةً من الزلل ونجاةً من سوء العمل (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٤٦) (لە تێبینیدا لەسەر ریوایەتەکەی ئەبو بەکری صدیق ئەڵێت:) برایانم ئەوە صددیقە گەورەکەیە لەخۆی ئەترسێت لەڕێ لابدات گەر سەرپێچی شتێك بکات لە فەرمانی پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم، جا چی ڕووئەیات لە سەردەمێکدا خەڵکەکەی ڕۆژئەکەنەوە بە گاڵتەکردن بە پێغەمبەرەکەیان و بە فەرمانەکانی، وە خۆیان بائەیەن بە سەرپێچی کردنی و گاڵتەئەکەن بە سوننەتەکەی، داوای پاراستن لە پێ خزان ئەکەین لە خوا وە ڕزگاربوون لە کاری خراپ ﴾.

٢. ﴿ فاعتبروا يا أولي الأبصار، فشتان بين هؤلاء العقلاء السادة الأبرار الأخيار الذين ملئت قلوبهم بالغيرة على إيمانهم، والشح على أديانهم، وبين زمان أصبحنا فيه وناس نحن منهم وبين ظهرانيهم، هذا عبد الله بن مغفل صاحب رسول الله صلى الله عليه وسلم وسيد من ساداتهم يقطع رحمه، ويهجر حميمه حين عارض في حديث رسول الله صلى الله عليه وسلم وحَلَفَ أيضا على قطيعته وهجرانه وهو يعلم ما في صلة الأقربين وقطيعة الأهلين، وعبادة بن الصامت، وأبو الدرداء سماه رسول الله صلى الله عليه وسلم حكيم هذه الأمة، وأبو سعيد الخدري يظعنون عن أوطانهم وينتقلون عن بلدانهم ويُظهرون الهجرة لإخوانهم لأجل من عارض حديث رسول الله صلى الله عليه وسلم، وتوقف عن استماع سنته، فيا ليت شعري كيف حالنا عند الله عز وجل ونحن نلقى أهل الزيغ في صباحنا والمساء، يستهزئون بآيات الله ويعاندون سنة رسول الله صلى الله عليه وسلم، حائدين عنها وملحدين فيها، سلمنا الله وإياكم من الزيغ والزلل (الإبانة عن

شريعة الفرقة الناجية ١/ ٢٥٩) (له تێبینیدا لەسەر ریوایەتی هاوەڵانی پێغەمبەری خـوا کـە هەجری کەسانێکیان کردووە کە تەسلیمی فەرموودەکانی پێغەمبـەر نـابن ئەفـەرموێت:) جا عیبرەت وەرگرن ئەی خاوەن چاوەکان، جا چەند جیـاوزی زۆرە لـەنێوان ئـەو عاقڵـە سـەرکردە چاکەکارە باشانە کە دڵیان پڕە لە غیرە لەسەر ئیمانیان وە لە بەغیلی لەسەر دینیان (بـەغیلی واتە: پێیان خۆش نییە تۆزێك لە دین و ئیمانیشیان بدۆڕێنن، وەك چۆن بەغیلی دنیـایی حـەز ناکات مشتێك لە سامانی کەم بکات)، وە لەنێوان سـەردەمێك کـە تیایـدا خـەڵکانێك کـە ئێمەش لەوانین و لەناویاندایین. ئەوە عەبدوڵای کـوڕی موغەففەلـە کـە هـاوەڵی پێغەمبـەری خوایە صلی الله علیه وسلم وە گەورەیەکـە لـە گـەورەگانیان ڕەحمـی ئەپچـڕێنێت وە دۆسـتە خۆشەویستەکەی لەخۆی دائەبڕێنێت کاتێك ڕووی وەرگێڕا لـە فـەرموودەی پێغەمبـەری خـوا صلی الله علیه وسلم، وە سوێندیشی خـوارد کـە پەیوەنـدی ببڕێنێـت و خـۆی لـێ دابڕکـات لەکاتێکـدا ئەشـزانێت چـی هەیـە لـە سـیلەی ڕەحمـدا لەگـەڵ نزیکـەکان و پچـڕاندنی ئـەو پەیوەندییەدا. وە عوبادە، وە ئەبو دەرداء کە پێغەمبەری خوا ناوی ناوە تێگەشـتوو و دانـای ئەم ئوممەتە، وە ئەبو سەعید لە وڵاتەکانیان ئەڕۆن وە لـە ناوچـەکانیان ئەگوێزنـەوە، وە کـۆچ دەرئەبڕن لە براکانیان لەبەر ئەوکەسەی کە ڕووی وەرگێڕاوە لە فـەرموودەی پێغەمبـەری خـوا صلی الله علیه وسلم وە وەستاوە لە گوێگرتن لە سوننەتەکەی. جـا ئێمـە حاڵمـان چـۆنە لای خوای گەورە لەکاتێکدا بە لەرێ لاچووەکان ئەگەین بە بەیانیان و ئێـواران، گاڵتـە ئەکـەن بـە ئایەتەکانی خوا وە سەرکێشی فەرموودەکانی پێغەمبەر ئەکەن صلی الله علیـه وسـلم و لێـی لائەدەن و تیای ئەگۆڕن. خوا ئێمە و ئێوە بپارێزێت لە لەرێ لاچوون و پێ خزان ﴾.

ئیبن حەزم بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

١. ﴿ واتفقوا أنه مذ مات النبي صلى الله عليه وسلم فقد انقطع الوحي، وكمل الدين واستقر، وأنه لا يحل لأحد أن يزيد شيئا من رأيه بغير استدلال منه، ولا أن ينقص منه شيئا، ولا أن يبدل شيئا مكان شيء، ولا أن يحدث شريعة، وأن من فعل ذلك كافر (مراتب الإجماع / باب من الإجماع في الاعتقادات يكفر من خالفه بإجماع) وە کۆڕان کە لەوەتەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەفاتی کردووە وەحی پچڕاوە، وە دین تەواو و جێگیر بووە، وە کە بۆ کەس حەڵاڵ نییە کە شتێك زیاد بکات لە ڕای خۆیەوە بەبێ بەڵگەهێنانەوە لێی، وە نە هیچیشی لێ کەم بکاتەوە، وە نە هیچ بخاتە شوێنی هیچ و جێگۆڕکێ بە هیچ بکات، وە نە هیچ شەرعێك دابهێنێت، وە کە هەرکەس وابکات کافرە ﴾.

٢. ﴿ واتفقوا أنه لا يحل لأحد أن يحلل ولا أن يحرم ولا أن يوجب حكما بغير دليل من قرآن أو سنة أو إجماع أو نظر (مراتب الإجماع / باب من الإجماع في الاعتقادات يكفر من خالفه بإجماع) وە کۆڕان کە بۆ کەس حەڵاڵ نییە کە شت حەڵاڵ بکات وە یان حەرام بکات وە یان واجب بکات بەبێ بەڵگە لە قورئان یان سوننەت یان کۆڕا یان سەیرکردنی بەڵگەکان ﴾.

٣. ﴿ من آمن بالله تعالى وبرسوله وبكل ما أتى به مما نُقل عنه نقل كافة ولم يَشُك في التوحيد أو في النبوة أو في محمد أو حرف مما أتى به أو في شريعة مما أتى به مما نقل عنه نقل كافة هو المؤمن، فإن من جحد شيئا مما ذكرنا أو شك في شيء منه ومات على ذلك فإنه كافر مشرك مخلد في نار جهنم أبدا (مراتب الإجماع / باب من الإجماع في الاعتقادات يكفر من خالفه بإجماع) هەرکەس باوەڕی بە خوای بەرز هێنابێت وە بە پێغەمبەرەکەی وە بە هەموو ئەوەی هێناویەتی لەوەی لێیەوە گێڕدراوەتەوە گێڕدرانەوەیەکی گشتی و کۆ، وە شکی نەبێت لە تەوحید یان لە پێغەمبەرێتی یان لە موحەممەد یان حەرفێك لەوەی کە هێناویەتی یان لە

شەرعێك لەوەی هێناویەتی لەوەی لێیەوە گوێزراوەتەوە گوێزرانەوەیەکی گشتی و کۆ، ئەوە ئیمانداره‌کەیە، جا هەرکەس نکوڵی شتێك بکات لەوەی باسمانکرد یان شکی لە شتێکی هەبێت و لەسەر ئەوە بمرێت ئەوا کافری موشریکە نەمرە لە ئاگری جەهەننەمدا هەتاهەتایە ﴾.

٤. ﴿ واتفقوا أن من خالف الإجماع المتيقن، بعد علمه بأنه إجماع، فإنه كافر (مراتب الإجماع / الإمامة وحرب أهل الردة) وە کۆڕان کە ئەوەی سەرپێچی کۆڕای سەلماو کە کۆڕایە بکات، دوای زانینی کە کۆڕایە، ئەوا کافرە ﴾.

بوخاری بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ وكانوا ينهون عن البدع، ما لم يكن عليه النبي وأصحابه (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة لاللالكائي / اعتقاد البخاري) بە زیاتر لە هەزار پیاو لە زانایان گەشتووم .. وە ڕێگرییان لە بیدعە ئەکرد، گەر پێغەمبەر و هاوەڵانی لەسەر نەبوونایە ﴾.

ئیبن قەطان خوا لێی خۆشبێت ئەفەرموێت:

﴿ وأجمع كل من أحفظ عنه من أهل العلم على أن الكافر إذا قال: أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا عبده رسوله، وأن كل ما جاء به محمد حق، وأتبرأ من كل دين خالف الإسلام. وهو بالغ صحيح العقل أنه مسلم، فإن رجع بعد ذلك فأظهر الكفر كان مرتدا (الإقناع في مسائل الإجماع / ذكر صفة كمال الإيمان) وە هەموو ئەوانەی لێیانەوە (زانستم) وەرگرتووە لە زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە کافر گەر وتی: شایەتی ئەدەم کە هیچ خوایەکی حەق بوونی نییە جگە لە ئەڵڵا وە شایەتی ئەدەم کە

موحەممەد پێغەمبەر و عەبدێتی، وە کە هەموو ئەوەی موحەممەد هێناویەتی حەق و ڕاستە، وە بەریم لە هەموو دینێك کە پێچەوانەی ئیسلامە. وە بالْغ و عەقلْ تەواو بێت، ئەوا موسوڵمانە، جا گەر دوای ئەوە پاشگەز بووەوە و کوفری ئاشکرا کرد ئەوا مورتەددە ﴾.

ئیبن تەیمیە بەرەحمەت بێت ئەفەرموێت:

١. ﴿ وهذا هو حقيقة دين الإسلام الذي أرسل الله به رسله وأنزل به كتبه، وهو أن يستسلم العبد لله لا لغيره، فالمستسلم له ولغيره مشرك، والممتنع عن الاستسلام له مستكبر (العبودية - ٩٩) وە ئەوە ڕاستیی دینی ئیسلامە کە خوا پێغەمبەرانی پیا ناردووە، وە کتێبەکانی پیا دابەزاندووە، وە ئەوەیە کە عەبد تەسلیمی خوا ببێت نەك غەیری ئەو، جا تەسلیم بوو بۆ ئەو و غەیری ئەو موشریکە، وە خۆگرەوە لە تەسلیم بوون خۆبەگەورەزانە لێی ﴾.

٢. ﴿ ومعلوم باتفاق المسلمين أنه يجب تحكيم الرسول في كل ما شجر بين الناس في أمر دينهم ودنياهم، في أصول دينهم وفروعه، وعليهِم كلّهُم إذا حكم بشيء أن لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما حكم ويسلموا تسليما (الإيمان - ٣٤) وە زانراوە بە کۆڕای موسوڵمانان کە واجبە پێغەمبەر بکرێت بە دادوەر لە هەموو شتێکدا کە ناکۆکی تیا ڕوودەدات لەنێوان خەڵکیدا لە کاروباری دینی و دنیاییان، لە سەرچاوەکانی دینەکەیان و لقەکانی، وە لەسەر هەموویانە کە کاتێك بڕیاری شتێك ئەدات لە ناخیاندا هیچ پێناخۆشبوونێك نەبێت وە تەسلیمی بن ﴾.

٣. ﴿ وما خالف النصوص فهو بدعة باتفاق المسلمين (مجموع الفتاوى ٢٠/ ١٦٣) وە ئەوەی پێچەوانەی دەقەکانە ئەوە بیدعەیە بە کۆڕای موسوڵمانان ﴾.

٤. ﴿ إن الإيمان بوجوب الواجبات الظاهرة المتواترة، وتحريم المحرمات الظاهرة المتواترة هو من أعظم أصول الإيمان وقواعد الدين، والجاحد لها كافر بالاتفاق (مجموع الفتاوى ١٢/ ٤٩٧، ٢٨/

٢١٨) بێ گومان باوەڕهێنان بە واجبێتی واجبە ئاشكرا بـەربڵاوەكان (ئـەوەی لـە زیـاتر لـە سەرچاوەیەكی دروستەوە پێمان گەشتووە)، وە بە حەرامێتی حەرامە ئاشكرا بڵاوبووەوەكان لە مەزنترین بنەماكانی ئیمان و بنچینەكانی دینە، وە نكوڵیكەریان كافرە بێ ڕاجیایی ﴾.

٥. ﴿ الحلال ما حلله الله ورسوله، والحرام ما حرمه الله ورسـوله، والـدين مـا شـرعه الله ورسوله، وليس لأحد أن يخرج عن شيء مما شرعه الرسول صلى الله عليه وسلم، وهو الشرع الـذي يجب على ولاة الأمر إلزام الناس به، ويجب على المجاهدين الجهاد عليه، ويجب على كل واحد اتباعـه ونصره (مجموع الفتـاوى ٣٥/ ٣٧٢، ١١/ ٤٩٨) حـەڵاڵ ئەوەيـە كـە خـوا و پێغەمبەرەكـەی حەڵاڵیان كردووە، وە حەرام ئەوەیە كـە خـوا و پێغەمبەرەكـەی حـەرامیان كـردووە، وە دیـن ئەوەیە كە خوا و پێغەمبەرەكەی دایانڕشتووە، وە بۆ كەس نییە لـە شـتێك دەرچـێت لـەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دایناوە، وە ئەوە ئەو شەرعەیە كـە لەسـەر سـەرۆكەكانە كـە خەڵكی پێوە پابەند بكەن، وە واجبە لەسەر تێكۆشـەران لەسـەری جیهـاد بكـەن، وە واجبـە لەسەر هەموو تاكێك شوێنی بكەوێت و سەری بخات ﴾.

٦. ﴿ والإنسان متى حلل الحرام المجمع عليه، أو حرم الحلال المجمع عليه، أو بدل الشرع المجمع عليـه كان كافرا مرتدا باتفاق الفقهاء (مجموع الفتاوى ٣/ ٢٦٧) وە مرۆڤ هەركاتێك حەرامی كـۆڕا لەسەری حەڵاڵ كرد، یان حەڵاڵی كۆڕا لەسەری حەرامكرد، یان شەرعی كۆڕا لەسـەری گـۆڕی كافر و مورتەددە بە كۆڕای زانایانی فیقه ﴾.

٧. ﴿ فكل مسألة يُقطع فيها بالإجماع وبانتفاء المنازع من المؤمنين، فإنها مما بيّن الله فيه الهـدى، ومخالف مثل هذا الإجماع يكفر كما يكفر مخالف النص البين (الإيمان - ٣٥) جا هـەر بابـەتێك بە بوونی كۆڕا و نەبوونی ڕاجیا لە ئیمانداران بڕێنرایەوە، ئەوا لەو بابەتانەیە كە خـوا تیایـدا ڕێی ڕاستی ڕوونكردووەتەوە، وە سەرپێچیكەری ئەو جۆرە كۆڕایە كـافرە وەك سەرپێچـیكەری دەقی ڕوون ﴾.

٨. ﴿ أجمع علماء المسلمين على أن كل طائفة ممتنعة عن شريعة من شرائع الإسلام الظاهرة المتواترة فإنه يجب قتالها حتى يكون الدين كله لله (مجموع الفتاوى ٢٨/ ٤٦٨) زانایانی موسوڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی هەموو کۆمەڵەیەکی مانگرتوو لە شەریعەت و حوکمێك لە حوکم و شەرعەکانی ئیسلامی ئاشکرا و بەربڵاو، ئەوا واجبە شەڕی بکرێت هەتا دین هەمووی بۆ خوای گەورە ئەبێت ﴾.

٩. ﴿ وقد اتفق المسلمون على أن من جحد وجوب مباني الإسلام الخمس: الشهادتين والصلوات الخمس والزكاة وصيام شهر رمضان وحج البيت، فإنه كافر مرتد يستتاب فإن تاب وإلا قتل (مجموع الفتاوى ٢٠/ ٩٧) وە بێ گومان موسوڵمانان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی هەرکەس نکوڵی واجبێتی پێنج بنەماکەی ئیسلام بکات: شایەتمان و پێنج نوێژەکە و زەکات و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و حەجی ماڵی خوا. ئەوا کافر و مورتەددە و ئیستیتابە ئەکرێت، جا گەر تۆبە بکات ئەگینا ئەکوژرێت ﴾.

١٠. ﴿ ومن جحد وجوب بعض الواجبات الظاهرة المتواترة كالصلوات الخمس وصيام شهر رمضان وحج البيت العتيق، أو جحد تحريم بعض المحرمات الظاهرة المتواترة كالفواحش والظلم والخمر والميسر والزنا وغير ذلك، أو جحد حل بعض المباحات الظاهرة المتواترة كالخبز واللحم والنكاح فهو كافر مرتد يستتاب، فإن تاب وإلا قتل (مجموع الفتاوى ١١/ ٤٠٤) وە هەرکەس نکوڵی هەندێك لە واجبە ئاشکرا بەربڵاوەکان بکات وەك: پێنج نوێژەکە و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و حەجی ماڵە ئازادکراوەکەی خوا، یان نکوڵی حەرامێتی هەندێك لە حەرامە ئاشکرا بەربڵاوەکان کرد وەك: بەدڕەوشتی و زوڵم و ئارەق و قومار و زینا و هی تر، یان نکوڵی حەڵاڵێتی هەندێك ڕێپێدراوی ئاشکرای بەربڵاوی کرد وەك: نان و گۆشت و نیکاح ئەوا کافر و مورتەددە و ئیستیتابە ئەکرێت، جا گەر تۆبەی کرد ئەگینا ئەکوژرێت ﴾.

١١. ﴿ أما من جعل كمال التحقيق الخروج من التكليف، فهذا مذهب الملاحدة من القرامطة والباطنية ومن شابههم من الملاحدة المنتسبين إلى علم أو زهد أو تصوف أو تزهد، يقول أحدهم: " إن العبد يعمل حتى تحصل له المعرفة، فإذا حصلت زال عنه التكليف "، ومن قال هذا فإنه كافر مرتد باتفاق أئمة الإسلام، فإنهم متفقون على أن الأمر والنهي جار على كل بالغ عاقل إلى أن يموت (مجموع الفتاوى ١١/ ٥٣٩) ئەمما هەرکەس تەواوی و پڕی ئیمان بکات بە دەرچوون لە بەرپرسیارێتی (واتە وابزانێت لە ئاستی تەواوی ئیماندا واجب و حەرام نامێنن)، ئەوا ئەوە ڕێبازی لەڕێ دەرچووەکانە لە قەرامیطە و باطنی و هاوشێوەکانیان لە لەڕێ دەرچووە خۆهەڵواسەرەکان بە زانست و سادەیی و سۆفێتی و دنیانەویستێتی، یەکێك لەوانە ئەڵێت: " بەندە عیبادەت ئەکات هەتا زانینی تیا ڕووئەدات، جا کە ئەوەی بەسەرهات بەرپرسیارێتی لەسەر لائەچێت ". وە هەرکەس ئەوە بڵێت ئەوا کافر و مورتەددە بە کۆڕای پێشەوایانی ئیسلام، جا ئەوان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی فەرمان و قەدەغەکردن (ی شەرعی) لەسەر هەموو باڵغێکی عاقڵ ئەڕوات هەتا ئەمرێت ﴾.

١٢. ﴿ ومعلوم أن من أسقط الأمر والنهي الذي بعث الله به رسله، فهو كافر باتفاق المسلمين واليهود والنصارى (مجموع الفتاوى ٨/ ١٠٦) وە زانراوە کە هەرکەس ئەو فەرمان و قەدەغەکردنەی کە خوا پێغەمبەرەکەی پێ ناردووە بخات، ئەوا کافرە بە کۆڕای موسوڵمانان و جوولەکە و گاور ﴾.

١٣. ﴿ وهؤلاء الذين اتخذوا أحبارهم ورهبانهم أربابا حيث أطاعوهم في تحليل ما حرم الله وتحريم ما أحل الله يكونون على وجهين: أحدهما، أن يعلموا أنهم بدلوا دين الله فيتبعوهم على التبديل، فيعتقدوا تحليل ما حرم الله وتحريم ما أحل الله اتباعا لرؤسائهم، مع علمهم أنهم خالفوا دين الرسل، فهذا كفر، وقد جعله الله ورسوله شركا، وإن لم يكن يُصلّون لهم ويسجدون لهم .. ولهذا اتفق العلماء على أنه إذا عرف الحق لا يجوز له تقليد أحد في خلافه

(الإيمان - ٦٠) وە ئەو جوولەکانەی کە زانا و خواپەرستەکانیان کرد بە پەروەردگار بەوەی گوێرایەڵیان بوون لە حەڵاڵکردنی ئەوەی خوا حەرامی کردووە، وە حەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە دوو شێوەن: یەکێکیان ئەوەیە کە بزانن کە دینی خوایان گۆڕیوە، جا شوێنیان بکەون لە گۆڕینەکەدا، جا حەڵاڵێتی حەرامەکان و حەرامێتی حەڵاڵەکان بچێتە مێشکیانەوە بە شوێنکەوتنی سەرۆکەکانیان، لەگەڵ زانینیشیاندا کە پێچەوانەی دینی پێغەمبەرانن، ئائەوە کوفرە، وە خوا و پێغەمبەرەکەی بە شیرك دایاناوە، ئەگەرچی نوێژیان بۆ نەکەن و سوجدەشیان بۆ نەبەن. وە لەبەر ئەوە زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە گەر حەقی زانی بۆی جائیز نییە چاو لە غەیری بکات لە سەرپێچیدا (واتە چاو لە خەڵك ناکات لەکاتێکدا سوور بزانێت هەڵەن و دەق و کۆڕا شتێکی تر ئەڵێن) ﴾.

نەوەوی بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

﴿ من جحد مجمعا عليه فيه نص، وهو من أمور الإسلام الظاهرة التي يشترك في معرفتها الخواص والعوام كالصلاة أو الزكاة أو الحج أو تحريم الخمر أو الزنا ونحو ذلك فهو كافر (روضة الطالبين ٢/ ١٤٦) هەرکەس نکوڵی کۆڕالەسەرێك بکات کە دەقی تیایە، وە لە بابەتە ئاشکراکانی ئیسلامە، کە لە زانینیدا زانا و خەڵکی هاوبەشن وەك نوێژ یان زەکات یان حەج یان حەرامێتی عارەق یان زینا وە هاوشێوەیان ئەوا کافرە ﴾.

سعدی ئەبو جیب بەڕەحمەت بێت ئەفەرموێت:

١. ﴿ اتفقوا على أن المسلم هو من أعلن أنه متبرئ من كل دين غير الإسلام، وأنه معتقد بشريعة الإسلام كلها كما أتى بها محمد رسول الله صلى الله عليه وسلم، وأظهر شهادة التوحيد (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٤١) کۆڕان لەسەر ئەوەی کە موسوڵمان ئەو کەسەیە کە بەری بوونی خۆی ئاشکرا کردووە لە هەموو دینێك غەیری ئیسلام، وە باوەڕی هەیە بە شەریعەتی ئیسلام هەرهەمووی بەو جۆرەی کە موحەممەد صلی الله علیه وسلم هێناویەتی، وە شایەتمانی ڕاگەیاندووە بە ئاشکرایی ﴾.

٢. ﴿ فإن من التزم بما جاءت به التوراة أو الإنجيل أو أية ملة أخرى، ولم يتّبع القرآن، لا يقبل منه ذلك، وهو كافر مشرك بالإجماع (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٣٨) جا هەرکەس پابەند بێت بە ئەوەی لە تەورات یان ئینجیل یان هەر دینێکی تردا هاتووە، وە شوێن قورئان نەکەوێت، ئەوا ئەوەی لێ قبوڵناکرێت، وە ئەو کەسە کافر و موشریکە بێ ڕاجیایی ﴾.

٣. ﴿ واتفقوا على أن من حكم بغير هذه الثلاث (القرآن والسنة والإجماع) أو القياس أو الاستحسان أو قول صاحب لا مخالف له من الصحابة، أو قول تابع لا مخالف له من التابعين ولا من الصحابة، أو قول الأكثر من الفقهاء، فقد حكم بباطل لا يحل (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٣٨٢) وە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە هەرکەس حوکم بکات بە غەیری ئەم سیانە (قورئان و سوننەت و کۆڕا) یان غەیری قیاس یان بەباشبینین یان وتەی هاوەڵێکی پێغەمبەر کە ڕاجیایەکی نەبێت لە هاوەڵاندا، یان قسەی تابیعییەك کە ڕاجیایەکی نەبێت لە تابیعیندا وە لە هاوەڵاندا، یان قسەی زۆرینەی زانایانی فیقهـ، ئەوا حوکمی بە بەتاڵ کردووە کە حەڵاڵ نییە ﴾.

٤. ﴿ واتفقوا على أنه لا يحل لقاض تقليد رجل بعينه بعد موت رسول الله صلى الله عليه وسلم، فلا يحكم إلا بقوله، سواء أكان ذلك الرجل قديما أم حديثا (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٣٨٢) وه كۆڕان لەسەر ئەوەی كە بۆ قازی حەڵاڵ نییە كە لاسایی كەسێك بكاتەوە بە دیاریكراوی دوای وەفاتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، كە حوكم نەكات جگە بە قسەی ئەو، جا وەك یەكە چ پیاوەكە كۆن بێت (پێشینان) یان نوێ (هاوسەردەم) ﴾.

٥. ﴿ ولا يجوز للإمام أن يولي القضاء أحدا على أن يحكم بمذهب بعينه بلا خلاف يعلم (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٣٨٢) وە بۆ سەرۆكی موسوڵمانان نییە كە دادگا بداتە دەست كەسێك لەسەر ئەو مەرجەی كە بە مەزهەبێكی دیاریكراو حوكم بكات، بەبێ هیچ ڕاجیاییەك كە لەم بابەتەدا بزانرێت ﴾.

٦. ﴿ أجمعوا على أن من جحد من القرآن آية، أو حرفا مجمعا عليه وهو عالم بذلك، فهو كافر (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣١٤٧) كۆڕان لەسەر ئەوەی كە هەركەسێك ئایەتێكی قورئان ڕەتبكاتەوە، یان پیتێكی كۆڕالەسەر وە بشزانێت بەوە، ئەوا ئەوە كافرە ﴾.

٧. ﴿ فمن كذّب بشيء مما جاء به القرآن من حكم أو خبر، أو نفى ما أثبته أو أثبت ما نفاه، أو شك في شيء من ذلك، وهو عالم به، فقد أجمعوا على كفره (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣١٤٠) جا هەركەس شتێك بەدرۆبخاتەوە لەوەی قورئان هێناویەتی لە حوكم یان هەواڵ، یان ئەوەی سەلماندوویەتی ڕەتیبكاتەوە یان ئەوەی ڕەتیكردووەتەوە بیسەلمێنێت، یان شك لە شتێك لەوانە بكات، وە زاناش بێت پێی، ئەوا كۆڕان لەسەر كافرێتی ئەو كەسە ﴾.

٨. ﴿ اتفقوا على أن نقل الكافّة الحديثَ حق، فمن خالفه بعد عِلمه أنه نقل كافّة كَفَر (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٩٦٩) كۆڕان لەسەر ئەوەی كە گواستنەوەی هەمووان بۆ فەرموودەیەك حەقە، جا هەركەس سەرپێچی بكات دوای ئەوەی زانیویەتی كۆڕای لەسەرە كافرە ﴾.

٩. ﴿ اتفقوا على أن من خالف الإجماع المتيقن بعد علمه أنه إجماع فإنه كافر (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٥٥) كۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە هەرکەس سەرپێچی کۆڕایەکی دڵنیا بکات دوای ئەوەی زانیویەتی کۆڕایە ئەوا کافرە ﴾.

وەلید السعیدان خوا بیپارێزێت ئەفەرموێت:

١. ﴿ وأجمعوا على أن رسالة النبي صلى الله عليه وسلم عامة للثقلين الإنس والجن (تشنيف الأسماع ببعض مسائل الإجماع) (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە زانایان کۆڕان کە پەیامی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم گشتییە بۆ هەردوو تۆخمی مرۆڤ و جنۆکە ﴾.

٢. ﴿ وأجمعوا على أن رسالته هي خاتم الرسالات، وأنها باقية إلى يوم القيامة (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە پەیامەکەی پێغەمبەر کۆتای پەیامەکانە، وە ئەشمێنێتەوە هەتا ڕۆژی قیامەت ﴾.

٣. ﴿ وأجمعوا على أن الأحكام تفتقر في ثبوتها للأدلة الصحيحة الصريحة (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە حوکمەکان بۆ چەسپاندنیان پێویستیان بە بەڵگەی ڕاست و ڕوونە ﴾.

٤. ﴿ وأجمعوا على أنه لا يقبل من أحد قط أن يعارض القرآن لا برأيه ولا ذوقه ولا معقوله ولا قياسه ولا أي شيء (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) هاوەڵان و تابیعی و تابیعی تابیعی کۆڕان لەسەر ئەوەی کە هیچ کەس هەرگیز لێی قبوڵناکرێت کە بەرهەڵستی قورئان بکات نە بە ڕای نە بە زەوقی نە بە بۆچوونی نە بە قیاسی وە نە بە هیچ شتێك ﴾.

٥. ﴿ وأجمعوا على أن كل إحداث في الدين فهو رد، وأجمعوا على أن كل بدعة في الدين فإنها ضلالة (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە هەموو

داهێنانێك له دیندا ڕەتئەكرێتەوە، وە كۆڕان لەسەر ئەوەی كه هـەموو بیدعەیـەك لـه دیـندا گومڕاییه ﴾.

٦. ﴿ وأجمعوا على وجوب الأخذ بالسنة واعتمادها، واطّراح البدعة وإلغائها (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وه كۆڕان لەسەر واجبێتی كاركردن و پشتبەستن به سوننەت، وه لەسەر لابردن و ڕەتكردنەوەی بیدعه ﴾.

٧. ﴿ وأجمع أهل السنة على وجوب النهي عن البـدع والإنكـار علـى فاعليهـا بـالطريق المشـروع (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وه ئەهلی سوننه كۆڕان لەسەر واجبـێتی ڕێگـرتن له بیدعه و نكوڵی كردن له بكەرەكەی به ڕێگەی شەرعی ﴾.

٨. ﴿ وأجمعوا على أن من اعتقد أن هديا غير هدي النبـي صلى الله عليه وسلم أكمل من هديه، أنه كافر الكفر الأكبر المخرج عن الملة (تشنيف الأسماع ببعض مسائل الإجماع) زانايـان كـۆڕان لەسەر ئەوەی كه هەركەس وابزانێت ڕێبازێك غەیری ڕێبازی پێغەمبەر صلى الله عليـه وسـلم تەواوتره لەو، ئەوا كافره و كوفرەكەی گەورەیه كه له دین ئەیباته دەرەوە ﴾.

٩. ﴿ وأجمعوا على أن قول النبـي صلى الله عليه وسـلم مقـدم علـى كـل قـول (تشـنيف الأسمـاع ببعض مسائل الإجماع) زانایان كۆڕان لەسەر ئەوەی كه قسەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێشئەخرێت بەسەر هەموو قسەیەكدا ﴾.

١٠. ﴿ وأجمعوا على أن كل أحد يؤخذ من قوله ويـترك إلا قـول الشـارع (تشـنيف الأسمـاع ببعض مسائل الإجماع) زانایان كۆڕان لەسەر ئەوەی كه هەموو كەسێك له قسەی وەرئـەگیرێت و ڕەتئەكرێتەوە جگه له قسەی داڕێژەری شەرع ﴾.

١١. ﴿ واتفق المسلمون على أنه ليس من المخلوقين من أمره حتم علـى الإطـلاق إلا الرسـل صلوات الله وسلامه عليهم (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السـنة) وه موسوڵمانان كۆڕان

لەسەر ئەوەی کە هیچکام لە مەخلوقەکان فـەرمانیان ڕۆشـتوو نییـە بـە ڕەهـایی جگـە لـە پێغەمبەران علیهم السلام ﴾.

١٢. ﴿ واتفق العلماء على أنه لا تجب الطاعة المطلقة إلا لله تعالى ولرسوله صلى الله عليه وسلم، وأما غيرهم ممن تجب طاعته فإنما يطاعون إن أمروا بما هو طاعة لله تعـالى، فـلا طاعـة لمخلوق في معصية الخالق (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهـل السـنة) وە زانایـان یەکـدەنگن لەسەر ئەوەی کە گوێرایەڵی ڕەها بۆ کەس نییە جگە لە خوای بـەرز و پێغەمبەرەکـەی صـلی الله علیە وسلم، ئەمما غەیری ئەوان لەوانەی گوێرایەڵی واجبە ئەوا گوێرایەڵییان ئەکرێت گـەر فەرمان بکەن بەوەی گوێرایەڵی خوا بێت، جا هیچ گوێرایەڵییەك نییە بۆ کەس لـە سەرپێچـی خوادا ﴾.

١٣. ﴿ وأجمعوا على أن الإيمان بالكتب المنزلة على الأنبياء فرض من فرائض الإيمان، وأنـه لا يصح إيمان عبد حتى يؤمن بكتب الله تعالى، وأجمعوا علـى أن أفضـلها وخيرهـا وأعظمهـا وخاتمها هو القرآن، وأجمعوا على أن من كذب بشيء منها فإنه كـافر حـلال الـدم والمـال (تمـام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسەر ئەوەی ئیمان بە کتێبە دابـەزێنراوەکان لەسەر پێغەمبەران فەرزێکە لە فەرزەکانی ئیمان، وە ئیمانی هیچ عەبدێك دروست نییە هـەتا ئیمان ئەهێنێت بە کتێبەکانی خوای بەرز، وە کۆڕان لەسەر ئەوەی باشترینیان و چاکترینیان و بەرزترینیان و کۆتاهەمینیان قورئانە، وە کۆڕان لەسەر ئەوەی هەرکەس شتێکی بەدرۆ بخاتەوە ئەوا کافرە و خوێن و ماڵی حەڵاڵە ﴾.

١٤. ﴿ وأجمعوا على أن من أنكر حجية السنة إجمالا وتفصيلا فإنه كافر حـلال الـدم والمـال إن لم يتب ويراجع دينه ويعترف بحجيتها (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کـۆڕان لەسەر ئەوەی کە هەرکەس نکوڵی دروستێتی سوننەت بکـات بـە گشـتی و وردەکـاری ئـەوا

کافرە و خوێن و سامانی حەڵاڵە گەر تۆبە نەکات و بە دینەکەیدا نەچێتەوە و دان بە دروستیدا نەنێت ﴾.

١٥. ﴿ وأجمعوا على أن العمل بشريعة النبي صلى الله عليه وسلم شرط في صحة الإيمان به (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە کارکردن بە شەریعەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەرجی دروستیی ئیمانهێنانە پێی ﴾.

١٦. ﴿ واتفق المؤمنون على أن من زعم أنه أعلم من الرسل وأحسن بيانا منهم وأعرف بالشرع منهم، فإنه زنديق كافر (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە ئیمانداران کۆڕان لەسەر ئەوەی هەرکەس بانگەشەی ئەوە بکات کە لە پێغەمبەران زاناترە وە لە ڕوونکردنەوەدا باشترە لێیان وە شارەزاترە لە شەرع لێیان، ئەوا مونافیق و کافرە ﴾.

١٧. ﴿ وأجمعوا على أن من كذّب الله تعالى أو نبيه صلى الله عليه وسلم فيما صح عنه فإنه من الكفرة الفجرة (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە هەرکەس خوای بەرز و پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم بەدرۆبخاتەوە لەوەدا کە بە ڕاستی لێوەی سەلماوە ئەوا لە کافرە تاوانبارەکانە ﴾.

١٨. ﴿ وأجمع العلماء على كفر من دعا إلى الوحدة بين الأديان (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە زانایان کۆڕان لەسەر کافرێتی ئەو کەسەی کە بانگەشەی یەکگرتن و یەکخستنی دینەکان ئەکات ﴾.

١٩. ﴿ من اعتقد أن في وسعه أو في وسع أحد الخروج عن شريعة النبي صلى الله عليه وسلم فإنه كافر الكفر الأكبر بالإجماع (تشنيف الأسماع ببعض مسائل الإجماع) (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) هەرکەس وابزانێت کە بۆی هەیە یان بۆ غەیری ئەو هەیە کە لە شەرعی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەرچێت ئەوا کافرە و کوفرەکەی گەورەیە بە کۆڕای زانایان ﴾.

٢٠. ﴿ وأجمعوا على أن كل شريعة سابقة وردت شريعة رسول الله بنسخها فإنها ليست شرعا لنا، وأجمعوا على أن كل شريعة سابقة وردت شريعتنا بتقريرها والأمر بها فإنها من شرعنا (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسەر ئەوەی هەر شەریعەتێکی پێشتر کە شەریعەتی پێغەمبەری خوا نەسخی کردووەتەوە ئەوا شەرعی ئێمە نییە، وە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە هەموو شەریعەتێکی پێشتر کە شەریعەتەکەمان هاتووە پشتڕاستی کردووەتەوە و فەرمانی پێکردووە ئەوا ئەوە لە شەرعمانە ﴾.

٢١. ﴿ وأجمعوا على كفر من دعا إلى تنحية الإسلام واستبداله بغيره وأنه لا يصلح لهذا القرن، وأن الواجب قتله إن لم يتب (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسەر کافرێتی ئەوەی بانگەشەی لادان و گۆڕینی ئیسلام ئەکات بە غەیری ئەو وە (ئەڵێت کە ئیسلام) بۆ ئەم سەردەمە ناشێت، وە واجب ئەوەیە ئەو کەسە بکوژرێت گەر تۆبە نەکات ﴾.

٢٢. ﴿ وأجمعوا على وجوب الحكم بما أنزل الله تعالى، وعلى حرمة الحكم بما يخالفه، وأجمعوا على أنه لا حاكم شرعا ولا قدرا إلا الله، وأجمعوا على أن كل حكم يخالف حكم الله تعالى وحكم رسوله صلى الله عليه وسلم فإنه من أحكام الجاهلية التي يجب الكفر بها (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسەر واجبێتی حوکمکردن بەوەی خوای بەرز و بڵند دایبەزاندووە، وە لەسەر حەرامێتی حوکمکردن بەوەی پێچەوانەیەتی، وە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە هیچ حاکمێکی شەرعی و کەونی نییە جگە لە الله، وە کۆڕان لەسەر ئەوەی هەر حوکمێك پێچەوانەی حوکمی خوای بڵند و حوکمی پێغەمبەرەکەی بێت صلى الله عليه وسلم ئەوا لە حوکمە نەفامییەکانە کە بێ باوەڕ بوون پێی واجبە ﴾.

٢٣. ﴿ واتفق المسلمون على وجوب تحكيم الرسول صلى الله عليه وسلم في كل ما شجر بين الناس في أمر دينهم ودنياهم وفي أصول الدين وفروعه (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە موسوڵمانان کۆڕان لەسەر واجبێتی بەدادوەرکردنی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه

وسلم لە هەموو کێشەیەك کە لە نێوان خەڵکی ڕوودەدات لـە بابـەتی دیـن و دنیایـان وە لـە بنچینەکانی دین و لقەکانیدا ﴾.

٢٤. ﴿ وقد ثبت بالكتاب والسنة والإجماع أن من بلغته رسالة النبي صلى الله عليه وسـلم فلم يؤمن فهو كافر، لا يقبل منه الاعتذار بالاجتهاد لظهور أدلة الرسالة (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السـنة) وە چەسپاوە بـە قورئـان و سـوننەت و کـۆڕا کـە هەرکـەس پـەیامی پێغەمبەری پێ بگات و باوەڕی پێ نەهێنێت ئەوە کافرە، وە نەفامی و نەزانی بـە عـوزر لـێ وەرناگیرێت لەبەر ئاشکرایی بەڵگەکانی پەیامەکە ﴾.

٢٥. ﴿ وأجمعوا على أن من جحد أو أنكر أحقية حكم الله تعالى فإنـه كـافر، لأنـه مكـذب للقرآن ومتواتر السنة، ولأنه جاحد لمعلوم من الدين بالضرورة، ولأنـه مخالف للإجمـاع القطعـي المتواتر (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السـنة) وە کـۆڕان لەسـەر ئـەوەی کـە هەرکـەس نکوڵی حەقێتی حوکمی خوای بـەرز بکـات ئـەوە کـافرە، چـونکە بەدرۆخـەرەوەی قورئـان و بـەربڵاوی سـوننەتە، وە لەبەرئـەوەی نکوڵیکـەری زانـراو و بەڵگەنەویسـتێکی دینـە، وە لەبەرئەوەی سەرپێچیکەری کۆڕای بەربڵاوی بێ گومانە ﴾.

٢٦. ﴿ وأجمع أهل السنة على أن مـن نسـف شـريعة الله تعـالى وراء ظهـره، وقـرر للنـاس أحكاما يتحاكمون بها في مختلف أحوالهم، ولا يرجع في شيء منها إلى شريعة الله تعالى، وهو مع ذلك محارب لمن دعا لتطبيق الشريعة ومدافع له، ومؤذ له في نفسـه ومالـه وأهلـه، أن هـذا كافر الكفر الأكبر المخرج عن الملة بالكلية، وأن الحق استتابته فإن تاب وإلا قتل مرتدا .. ومن لم يقل بكفره إلا بشرط الاستحلال فكأن فيه نوع إرجاء (تمام المنة ببعض ما اتفـق عليـه أهـل السنة) وە ئەهلی سوننە کۆڕان لەسەر ئەوەی هەرکەس شەرعی خوا فڕێبداتـە پشـت خـۆی و، حوکم و یاسا بۆ خەڵکی دابنێت کـە دادوەری ببەنـەوە لای لـە حاڵەتەکانیانـدا، وە لـە هـیچ حاڵەتێکدا نەگەڕێتەوە لای شەریعەتی خوای بەرز وبڵند، وە لەگەڵ ئەوەشدا شـەڕ لەگـەڵ ئـەو

کەسەدا ئەکات کە داوای جێبەجێکردنی شەریعەت ئەکات و بەرگری لێ ئەکات، وە عـەزێتی ئەدات لە نەفس و سامان و کەسوکاریدا، ئەوا ئەو کەسە کافرە و کوفرەکەی گەورەیە کـە لـە دین ئەیباتە دەرەوە بەتەواوی، وە حەقی ئەوەیە کە ئیستیتابە بکرێت جا گـەر تۆبـەی کـرد ئەگینا ئـەکوژرێت بـە مورتـەددی، وە هەرکـەس بـە کـافری نـەزانێت مەگـەر بـە مـەرجی بەحەڵاڵزانین ئەوا جۆرێك لە ئیرجائی تیایە ﴾.

٢٧. ﴿ وأجمع المسلمون على أن من دعا إلى التخلي عن أحكام الإسلام والانسلاخ منها، وأنها أحكام جائرة قديمة لا تصلح لهذا القرن المتطور، فإنه كافر الكفر الأكبر، وأنه يستتاب فإن تاب وإلا قتل (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە موسـوڵمانان کـۆڕان لەسـەر ئەوەی کە هەرکەس بانگەواز بکات بۆ وازهێنان لە حوکمەکانی ئیسلام و خۆجیاکردنەوە لێی، وە (بڵێت حوکمەکانی ئیسـلام) حـوکمی سـەپێنراو و کـۆنن و نـاگونجێن بـۆ ئـەم سـەردەمە پێشکەوتووە، ئەوە کافرە و کوفرەکەی گەورەیە، وە ئیسـتیتابە ئـەکرێت و گـەر تۆبـەی کـرد ئەگینا ئەکوژرێت ﴾.

٢٨. ﴿ وأجمعوا على أن من استحل الحكم بغير ما أنزل الله تعالى وقال: " الحكم به لا بأس به "، فإنه كافر حلال الدم والمال (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە کۆڕان لەسـەر ئەوەی کە هەرکەس حوکمکردن بە غەیری شەرع حەڵاڵ بکـات و بڵێـت: " حـوکمکردن پێـی قەیناکە "، ئەوە کافرە و خوێن وماڵی حەڵاڵە ﴾.

٢٩. ﴿ واتفق المسلمون على أن من سوغ اتباع شريعة غير شريعة رسول الله صلى الله عليه وسلم فإنه كافر (تمام المنة ببعض ما اتفق عليـه أهـل السـنة) وە موسـوڵمانان کـۆڕان لەسـەر ئەوەی کە هەرکەس ڕێبدات بە شوێنکەوتنی غـەیری شەرعی پێغەمبەری خوا صلى الله عليـه وسلم ئەوا ئەو کافرە ﴾.

.٣٠ ﴿ وأجمعوا على أن من اعتقد أن الحكم بغير ما أنزل الله تعالى أفضل وأحسن وأصلح للناس من الحكم بما أنزل الله تعالى فإنه كافر حلال الدم والمال بعد استتابته، فإن تاب وإلا قتل (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وه كۆڕان لەسەر ئەوەی کە هەرکەس وابزانێت کە حوکم بە غەیری شەرعی خوا باشتر و چاکتر و گونجاوترە بۆ خەڵك لە حوکم بە شەرعی خوای بەرز و بڵند، ئەوا ئەو کەسە کافرە و خوێن و سامانی حەڵاڵە دوای ئیستیتابەکردنی، جا گەر تۆبەی کرد ئەگینا ئەکوژرێت ﴾.

.٣١ ﴿ وأجمعوا على أن من اعتقد أن حكم غير الله تعالى يساوي حكمه في العدل والفضل والحق والمصلحة والتطبيق والحاكمية، فإنه كافر الكفر الأكبر (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وه كۆڕان لەسەر ئەوەی کە هەرکەس وابزانێت کە حوکمی غەیری خوای بەرز هاوتا و یەکسانە بە حوکمی خوا لە دادپەروەری و چاکی و ڕاستێتی و مەسڵەحەت و جێبەجێکردن و حوکمپێکردنی، ئەوا کافرە و کوفرەکەی گەورەیە ﴾.

.٣٢ ﴿ وأجمع أهل السنة على أن الإعراض الكامل المطلق عن شريعة الله تعالى، فلا يتعلمها ولا يعمل بأي شيء منها أن ذلك من الكفر الأكبر المخرج عن الملة بالكلية، وهو ناقض من نواقض كلمة التوحيد بالاتفاق (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وه ئەهلی سوننە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە ڕوووەرگێڕانی تەواوەتی ڕەها لە شەرعی خوای گەورە، کە نە فێری ببێت و نە کار بە هیچی بکات، ئەوا ئەوە لە کوفری گەورەیە کە لە دین دەرئەکات بە تەواوەتی، وە ئەوە هەڵوەشێنەرەوەیەکی تەوحیدە بە کۆڕا ﴾.

.٣٣ ﴿ من جحد معلوما من الدين بالضرورة فقد كفر إجماعا (شرح القواعد المذاعة في مذهب أهل السنة والجماعة / القاعدة الموفية للعشرين) (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) هەرکەس نکوڵی بەڵگەنەویست و زانراوێکی ئاشکرای دین بکات کوفری کردووە بە کۆڕا ﴾.

٣٤. ﴿ وأجمع العلماء على أن من جحد فريضة من الفرائض الظاهرة المتواترة، أو كذّب حكما من أحكام الله تعالى الظاهرة المتواترة، فإنه كافر الكفر الأكبر المخرج عن الملة بالكلية (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وه زانایان كۆڕان لەسەر ئەوەی كە هەركەس فەرزێكی ئاشكرای بەربڵاو نكوڵی بكات، یان حوكمێك بەدرۆبخاتەوە لە حوكمە ئاشكرا بەربڵاوەكانی خوای بڵند، ئەوا كافرە و كوفرەكەی گەورەیە كە لە دین ئەیباتە دەرەوە بە تەواوەتی ﴾.

٣٥. ﴿ وأجمع المسلمون على كفر من أنكر وجحد وجوب شيء من أركان الإسلام الخمسة (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وه موسوڵمانان كۆڕان لەسەر كافربوونی ئەو كەسەی كە نكوڵی واجبێتی شتێك لە پێنج ڕوكنەكەی ئیسلام بكات ﴾.

٣٦. ﴿ وأجمع العلماء على أن كل طائفة ممتنعة عن تطبيق شريعة من الشرائع الظاهرة، فإنه يجب قتالها حتى تفيء إلى أمر الله وتلتزم به (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وه زانایان كۆڕان لەسەر ئەوەی كە هەر كۆمەڵەیەكی ڕێگر لە جێبەجێكردنی شەرعێك لە شەرعە ئاشكراكان واجبە شەڕیان بكرێت هەتا ئەگەڕێتەوە بۆ لای فەرمانی خوا و پێوەی پابەند ئەبێت ﴾.

## سەرنجێك:

ئەم دەقانەی پێشوو لە بابەتی: سەرچاوەكانی ئیسلام، حوكم بە غەیری ئیسلام و لادان لە شـەریعەت. نموونەیەكە لە سەدان نموونەی دەقی قورئان و فەرموودە و كـۆڕا و وتـەی زانایـانی ئیسـلام، وە ئێمـە بەوەندە دەستهەڵئەگرین و كورد وتەنی: " ئەو كەسە كەسە، ئەلفێكی بەسە "، وە لە ئیسلامدا یـەك دەق یان كۆڕای ڕاستیش بەسە. ئەگینا سوپاس بۆ خوا دەقەكان لەسەر ئەو بابەتانە لە ژمارە نایەن.

# دەروازەی دووەم

## نموونەیەك لەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوون لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٢ بۆ ٢٠٢٠ ی زاینی و پێچەوانەی دەقە شەرعییەکانی ئیسلام و کۆڕای زاناکانێتی

پەرلـەمانی کوردسـتان لـە مـاوەی دروسـتبوون و دەسـتبەکاربوونیەوە تـا ئـەمڕۆ چـەندین یاسـای دەرچوواندووە لە چەندین بابەتی جیاجیادا. وە هەر یاسایەکیش چەندین مادده و بڕگە و دەق لـەخۆی ئەگرێت. وە بەشێکی زۆری ئەو یاسایانە هەموو یان بەشێك لە مادده و بڕگەکانیان پێچەوانەی دەقی قورئان و فەرموودە و کۆڕان.

وە لەم دەروازەیەدا بەشێك لەو مادده و بڕگانە ئەهێنین کە لە بەشێك لە یاساکانی پەرلەماندا هـەن و زۆریان تا ئەمڕۆش کاریان پێ ئـەکرێت و پێچـەوانەی شـەرعی ئیسـلامن. ئەمـە دوور لـەوەی ئایـا بڕگەکان تا چەند گونجاون بۆ خەڵك و دژیەکییان هەیە یان نا لەگەڵ یەکتردا، کە ئەمە لە شوێنی تـردا ئەشێ باسبکرێت.

وە سەرجەم یاساکان لە سایتی فەرمی پەرلەمانەوە هێناومە و، بـۆ دڵنیـایی ئـەتوانیت بگەڕێیتـەوە سەری:

(https://www.parliament.krd/business/legislation)

## یاسای یەکەم:

## بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی ٨/ ٤/ ١٩٩٢.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: پێنج (٥) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: سێ (٣) دەق.

١. مەبەستی سەرەکی ئەم بڕیارە ئەوە بووە کە هەروەك چۆن بەدەقیش هاتووە لە بڕیارەکەدا بەم شێوەیە: " تەرخانکردنی (٥) کورسی لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان بۆ کەمە نەتەوایەتیی ئاشووری بە هەموو تایەفەکانییەوە بە (کلدانی کاثۆلیك و کڵێسای ڕۆژهەڵاتی ئاشووری (ئەستووری) و سریانی و ئەوانی دیکەوە) ".

+ ئەم بڕیارە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامە لەو ڕووەوە کە ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان) بەرزترین دەسەڵاتی یاسایی پێدراوە لە: یاسادانان، دانان و لابردنی سەرۆك و وەزیر و لێپرسینەوەیان، چاودێری جێبەجێ کردنی یاسا دەرچووەکان. وە لە دامەزراوەیەکی واشدا کە دەسەڵاتی ناوچەیەکی موسوڵمانی بەدەست بێت و کارەکانیان بەڕێوە ببات، یان سەرۆك و وەزیرەکانیان دابنێت، نابێت غەیری موسوڵمان ئەندام بێت تیایدا و فەرمان دەربکەن بەسەر موسوڵماناندا. وە ئەوە پێچەوانەی دەق و کۆڕایە:

- ﴿ **وَلَن يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لِلۡكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ سَبِيلًا** (النساء - ١٤١) وە هەرگیز خوا کافران زاڵ ناکات بەسەر موسوڵماناندا ﴾.

- ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ (النساء - ٥٩) ئەی ئەوانەی باوەڕتانهێناوە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەن هەروەها کاربەدەست و فەرمانڕەواکانی کە لەخۆتانن ﴾.

- ﴿ فَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا (الفرقان - ٥٢) جا گوێڕایەڵی کافران مەکە وە بە قورئان جیهادێکی گەورەیان بکە ﴾.

- ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةٗ مِّن دُونِكُمۡ لَا يَأۡلُونَكُمۡ خَبَالٗا وَدُّواْ مَا عَنِتُّمۡ قَدۡ بَدَتِ ٱلۡبَغۡضَآءُ مِنۡ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَمَا تُخۡفِي صُدُورُهُمۡ أَكۡبَرُۚ قَدۡ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡقِلُونَ (آل عمران - ١١٨) ئەی ئەوانەی ئیمانتانهێناوە کافران مەکەن بە لایەنگر و نهێنی خۆتانیان لا باس بکەن، ئەوان کەمتەرخەمی ناکەن لە ئاشووبگێڕان دژی ئێوە، ئەوان ئاواتەخوازی نارەحەتی ئێوەن، ڕق و کینە لە زمانیانەوە ئاشکرا دەرکەوتووە، وە ئەوەی لەدڵیاندا شاردوویانەتەوە گەورەترە، بەدڵنیایی ئایەتەکانمان بۆ ڕوونکردوونەتەوە گەر عەقڵتان بێ ﴾.

- ﴿ اتفقوا على أن الخلافة لا تجوز لكافر (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٣٦٢) کۆڕان لەسەر ئەوەی کە خیلافەت بۆ کافر نابێت ﴾.

- ﴿ ولا مدخل لأهل الذمة في نصب الأئمة، فخروج هؤلاء عن منصب الحل والعقد ليس به خفاء (غياث الأمم للجويني - ٤٩) وە هیچ ڕێیەك نییە بۆ ئەهلی زیمە (کافران) لە دانانی سەرۆکەکاندا، جا دەرچوونی ئەوان لە پلەی گرێبەست و هەڵوەشاندن شاراوە نییە ﴾.

- ﴿ صفات أهل الحل والعقد .. العدالة الجامعة لشروطها الواجبة في الشهادات من الإسلام والعقل والبلوغ وعدم الفسق واكتمال المروءة (الموسوعة الفقهية ٧/ ١١٦) سیفەتەکانی کۆمەڵەی گرێبەست (دانەری سەرۆك و خەلیفە) و هەڵوەشاندن (لادەری خەلیفە): دادپەروەرێکی کۆکەرەوەی مەرجەکانی شایەتی لە موسوڵمانێتی، عاقڵی، بالغی، نەبوونی تاوانێکی ئاشکرا، خاوەن ڕێز و کەرامەتی تەواو ﴾.

+ ڕەتکردنەوەی ئەم بڕیارە ئەوە ناگەیەنێت کە لە ئیسلامدا مافی دینەکانی تر نەدراوە، یان زوڵمیان لێ ئەکرێت، بەڵکو حوکمڕانی لە وڵاتێکی ئیسلامیدا بە حوکم و شەرعی ئیسلامە و هیچ دینێکی تر بەشداری ناکات لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، چ وەك سەرۆکی وڵات یان وەزیر یان ئەندامی لیژنەی شورا یان ئەندامی لیژنەی گرێدان و هەڵوەشاندن (الحل والعقد) یان دادوەر.

٢. پشتبەستن و پەنابۆبردن و کارکردن بە بنەماکانی دیموکراسییەت دوور لە بنەما شەرعی و ئیسلامییەکان، هەروەك لە بڕیارەکەدا بەم شێوەیە هاتووە: " هەڵبژاردنیان لەلایەن ڕۆڵەکانی گەلی ئاشووری و لە دایەرەی هەڵبژاردنی تایبەت بە خۆیانەوە بەشێوەیەکی دیموکراتی ئەنجام دەدرێ ".

+ کارکردن بە دیموکراسییەت و پەنابردن بۆی لەبری شەرعی ئیسلام پێچەوانەی دەق و کۆڕایە، چونکە: دیموکراسییەت لەسەر بنەمای دەسەڵاتی گەل (سلطة الشعب) دامەزراوە، کە تێیدا خەڵکی ناوچەیەك خۆیان یاسا بۆ خۆیان دائەنێن وحەڵاڵ و حەرام دیاری ئەکەن و سیستەمی حوکم دائەڕێژن و سەرۆك بۆ خۆیان دائەنێن و، ناگەڕێنەوە سەر هیچ دەقێکی شەرعی و بنەمایەکی دینی و، ئاساییە تێیدا ئەگەر زۆرینەی خەڵك یان هەموویان حەڵاڵێك حەرام بکەن یان حەرامێك حەڵاڵ بکەن یان واجبێك لابدەن یان شتێك واجب بکەن پێچەوانە بە دین و شەرعی ئیسلام (نقض النظام الديمقراطي للدكتور محمود الخالدي - ١٥) (نقض الجذور الفكرية للديمقراطية الغربية للدكتور محمد أحمد علي مفتي – ١٣) (العلمانية، الليبرالية، الديمقراطية، الدولة المدنية في ميزان الإسلام - ٢١). وە ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەق و کۆڕایانەیە کە لە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەدا خستمانە ڕوو، کە حوکم تەنها بۆ خوای گەورەیە، وە شەرع تەنها شەرعی خوایە، وە حەرام و حەڵاڵ تەنها خوای گەورە دایئەنێت، وە هەر

حوكمێك پێچەوانەی شەرع بێت نەفامییە و بەتاڵە، وە حەرامە خەڵك بێ گەڕانەوە بۆ حوكمی خوا كاروباریان جێبەجێ بكەن و كێشەكانیان چارەسەر بكەن.

+ وە دیموكراسییەت جیایە لە بنەمای پرس و ڕا (شورا) كە دووەمیان لە ئیسلامدا هەیە بە مەرجی خۆی، وە یەكێك لە مەرجەكانی ئەوەیە كە پرس و ڕا و بژاردە بۆ موسوڵمانان و غەیری ئەوانیش نییە لە بابەتێكدا كە دەقی شەرعی لەسەر بێت. بەڵام لە دیموكراسییەتدا پرس و ڕا و دەنگدان و بڕیار بۆ خەڵكی یان نوێنەرەكانیانە تەنانەت گەر بابەتەكە دەقی قورئان یان فەرموودەشی لەسەربێت (العلمانية، الليبرالية، الديمقراطية، الدولة المدنية في ميزان الإسلام - ٢٣).

- ﴿ **وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا** (الأحزاب - ٣٦) وە بۆ هیچ باوەڕدارێك نییە كاتێك خوا و پێغەمبەرەكەی بڕیارێك بدەن ئەوان بۆیان هەبێت شتێكی تر هەڵبژێرن، وە هەركەس سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەكەی بكات ئەوا گومڕابووە گومڕابوونێكی ئاشكرا ﴾.

- ﴿ **يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُقَدِّمُوا۟ بَيْنَ يَدَىِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ** (الحجرات - ١) ئەی باوەڕداران پێچەوانەی خوا و پێغەمبەرەكەی هیچ مەكەن و مەڵێن ﴾.

٣. كاركردن و شەرعییەت دان بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كوردستانی عێراق ژمارە (١)، هەروەك لە بڕیارەكەدا بەم شێوەیە هاتووە: " بەشێوەیەكی دیموكراتی ئەنجام دەدرێ كە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراقی ژمارە (١) كە لە ڕۆژی ٨/ ٤/ ١٩٩٢ دا دەرچووە بگونجێت ".

+ كاركردن بەو یاسایە پێچەوانەی شەرعە، لەبەرئەوەی چەندین خاڵ و بڕگەی یاساكە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامە، كە لە خوارەوە وردەكاری دراوەتێ. وە حەرامە كار بە

یاسا و دەقێك بكرێت كـە پێچـەوانەی دەق یـان كۆڕایـەكی ئیسـلامە، هـەروەك لـە دەروازەی یەكەمی ئەم كتێبەدا خستمانە ڕوو.

## یاسای دووەم:

## یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: سی و دوو (٣٢) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: سیانزە (١٣) دەق.

١. کارکردن بە دیموکراسییەت و دامەزراندنی کۆمەڵگەی دیموکراسی. هەروەك لە هۆیەکانی دەرچوواندنی یاساکەدا هاتووە بە ڕوونی و زیاتر لە جارێك: " مرۆڤایەتی هەر لە کۆنەوە .. دانی بە دیموکراتیەتدا هێناوە. ئەم پرەنسیپە سەلماندوویەتی کە بە چاکی بۆ کار پێکردن دەشێ و شیاوی تاقیکردنەوەیە .. بەرەی کوردستانی .. بڕیاری دا کە .. بۆ دامەزراندنی بنیاتی کۆمەڵگای کوردستانی لەسەر بنچینەی دیموکراتییەت ".

+ حەرامێتی کارکردن بە دیموکراسییەتمان باسکرد لە دووەم تێبینیمان لەسەر یەکەم یاسای ئەم دەروازەیە.

٢. بەشداریکردنی هەموو جۆرە کەسێك مادەم هەژدە ساڵی تەواوکردووە لە هەڵبژاردنی بەرپرس و کاربەدەستی وڵاتدا. هەروەك لە ماددەی حەڤدەیەم و نۆزدەیەم و بیستەمی یاساکەدا هاتووە.

+ ئەو دەقانە بەو ڕەهاییە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامن، چونکە کافر و شێت و نەفام و نا کامڵ و ئافرەت، لەو بابەتانەدا ڕایان وەرناگیرێت، چ لە دانانی سەرۆك و ئەمیر، چ لە دیاریکردنی دەستەی حەلل و عەقد. بەڵکو چەند کەسێکی دیاریکراو ئەو کارانە ئەکەن و مەرج نییە هەموو کەس بەشدار بن تیایدا لە هەموو ناوچەیەکەوە.

- ﴿ رُفِعَ القلمُ عن ثلاثٍ عن النائم حتى يستيقظَ وعن الصغيرِ حتى يكبرَ وعن المُبْتَلى حتى يَعْقِلَ (مسند أحمد ٢/ ٣٣٥) (صحيح النسائي - ٣٤٣٢) قەڵەمی تەکلیف لەسەر سیان هەڵگیراوە، لەسەر خەوتوو تا بەخەبەر دێت، وە لەسەر بچووك تا گەورە ئەبێت، وە لەسەر شێت تا عاقڵ ئەبێت ﴾.
- ﴿ فما نعلمه قطعا إن النسوة لا مدخل لهن في تخير الإمام وعقد الإمامة، فإنهن ما روجعن قط، ولو استشير في هذا الأمر امرأة لكان أحرى النساء وأجدرهن بهذا الأمر فاطمة رضي الله عنها ثم نسوة رسول الله أمهات المؤمنين .. وكذلك لا يناط هذا الأمر بالعبيد .. ولا تَعَلُّقَ له بالعوام الذين لا يُعدون من العلماء وذوي الأحلام، ولا مدخل لأهل الذمة في نصب الأئمة، فخروج هؤلاء عن منصب الحل والعقد ليس به خفاء فهذا مبلغ العلم في هذا الفصل. .. مما نقطع به أن الإجماع ليس شرطا في عقد الإمامة بالإجماع، والذي يوضح ذلك أن أبابكر رضي الله عنه صحت له البيعة، فقضى وحكم وأبرم وأمضى وجهز الجيوش وعقد الألْوية وجر العساكر إلى مانعي الزكاة وجبى الأموال وفرق منها، ولم ينتظر في تنفيذ الأمور انتشار الأخبار في أقطار خِطة الإسلام، وتقرير البيعة من الذين لم يكونوا في بلد الهجرة. وكذلك جرى الأمر في إمامة الخلفاء الأربعة (غياث الأمم للجويني – ٤٨، ٥٢) جا ئەوەی بێ گومان ئەیزانین ئەوەیە کە ئافرەتان هیچ ڕێیەکیان نییە لە هەڵبژاردنی ئیمام و گرێبەستی ئیمامەتیدا، جا ئەوان هەرگیز بۆ لایان نەگەڕاونەتەوە بۆ پرس پێیان، وە گەر پرس و ڕا لەم بابەتەدا بە ئافرەتێك بکرایە ئەوا لەپێشترین و شایەنترین ئافرەت بەم کارە فاتمە بوو ڕەزای خوای لێ بێت پاشان خێزانەکانی پێغەمبەری خوا دایکانی ئیمانداران، وە هەروەها ئەم بابەتە بە کۆیلە نادرێت، وە پەیوەندی نییە بەو عەوامانەوە کە لە زانایان و تێگەشتووان ناژمێردرێت، وە هیچ ڕێیەك نییە بۆ ئەهلی زیمە لە دانانی سەرۆکەکاندا، جا دەرچوونی ئەوان لە پلەی گرێبەست و هەڵوەشاندن شاراوە نییە، جا ئەوە ئەوپەڕی زانیارییە لەم

پارچەیەدا. لەوەی دڵنیایین لێی ئەوەیە کە کۆڕا مەرج نییە لە گرێبەستی ئیمامەتیدا بە کۆڕا، وە ئەوەی ئەمە ڕوون ئەکاتەوە ئەوەیە کە ئەبو بەکر ڕەزای خوای لێبێت بەیعەتەکەی دروستبوو، وە قەزاوەتی کرد و حوکمی کرد و نەخشەی دانا و بەڕێکەوت و سوپای ئامادە کرد و لیوای گرێدا و سەربازی ڕاپێچ کرد بۆ زەکاتنەدەرەکان و پارەی کۆکردەوە و دابەشی کرد، وە لە جێبەجێکردنی کارەکاندا چاوەڕێی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی نەکرد لە سەراپای پارچەکانی ئیسلامدا، وە چەسپاندنی بەیعەت لەوانەی لە مەدینە نەبوون. وە بەهەمان شێوە کارەکان ڕۆشتن لە ئیمامەتی چوار خەلیفەکەدا ﴾.

- ﴿ واتفق العلماء على أنه لا يشترط لصحة البيعة مبايعة كل الناس، ولا كل أهل الحل والعقد، وإنما يشترط مبايعة من تيسّر اجتماعهم من العلماء، والرؤساء، ووجوه الناس (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٣٦٥) وە زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی بەیعەتدانی هەموو خەڵك مەرجی دروستی بەیعەت نییە، وە هەروەها هەموو ئەهلی حەل و عەقدیش، بەڵکو ئەوانەی لەتوانادایە کۆببنەوە لە زانایان و سەرۆکەکان و پیاوماقوڵان لە خەڵك ئەوەندە مەرجە ﴾.

٣. ڕێدان بەوەی ئافرەتان ببن بە بەرپرس و بەڕێوەبەر و کاربەدەست. هەروەك لە ماددەی نۆزدەیەمی یاساکەدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی دەق و کۆڕایە، چونکە ئافرەت پرس و ڕای پێ ناکرێت و ناشکرێت بە بەرپرس و کاربەدەست.

- ﴿ ما أفلَحَ قَومٌ يَلي أمْرَهمُ امرَأةٌ (تخريج المسند - ٢٠٥٠٨) ئەو قەومە سەرکەوتوو نابن ئافرەت کاریان ببات بەڕێوە ﴾.

- ﴿ فما نعلمه قطعا إن النسوة لا مدخل لهن في تخير الإمام وعقد الإمامة، فإنهن ما روجعن قط، ولو استشير في هذا الأمر امرأة لكان أحرى النساء وأجدرهن بهذا الأمر فاطمة رضي الله

عنها ثم نسوة رسول الله أمهات المؤمنين (غياث الأمم للجويني - ٤٨) جا ئەوەی بێ گومـان ئـەیزانین ئەوەیـە کـە ئافرەتـان هـیچ ڕێیـەکیان نییـە لـە هەڵبـژاردنی ئیمـام و گرێبەسـتی ئیمامەتیدا، جا ئەوان هەرگیز بۆ لایان نەگەڕاونەتەوە بۆ پرس پێیان، وە گـەر پـرس و ڕا لـەم بابەتەدا بە ئافرەتێك بکرایە ئەوا لەپێشترین و شایەنترین ئافرەت بەم کـارە فاتمـە بـوو ڕەزای خوای لێ بێت پاشان خێزانەکانی پێغەمبەری خوا دایکانی ئیمانداران ﴾.

+ ئەو پۆست و پلە ئیدارییانە تەکلیف و بەرپرسیارێتین و لە شـەرعدا نەخراونەتـە سـەر شانی ئافرەتان، بەڵکو پیاوان فەرمانیان پێکراوە بەو کارە هەڵسن.

- ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا (البقرة - ٢٨٦) خوای گەورە ئەرك ناخاتە سەرشانی کـەس مەگەر بەپێی توانای کەسەکە خۆی ﴾.

- ﴿ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ (البقرة - ٢٢٨) وە پیاوان پلەیەکیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە ﴾.

+ پۆست و پلەی وڵات نادرێت بە کەسێك کە خۆی داوای بکات لـە شـەرعدا ئەگەرچـی نێریش بێت.

- ﴿ دَخَلْتُ علَى النبـيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ أنَا ورَجُلَانِ مِن قَوْمِي، فَقالَ أحَدُ الرَّجُلَيْنِ: أمِّرْنَا يا رَسولَ اللَّهِ، وقالَ الآخَرُ مِثْلَهُ، فَقالَ: إنَّا لا نُوَلِّي هذا مَن سَأَلَهُ، ولَـا مَـن حَـرَصَ عليـه (صـحيح البخاري - ٧١٤٩) ئەبو موسا ڕەزای خوای لێبێت لەگەڵ دوو پیـاودا چـووە لای پێغەمبـەر، دوو پیاوەکە بە پێغەمبەریان وت: پێغەمبەری خوا بمانکە بـە ئـەمیر. فـەرمووی: ئێمـە ئـەم ئەرکە نادەین بە کەسێك کە داوای بکات یان پەرۆشی بێت ﴾.

٤. ڕێگەدان بە حیزبی ناموسوڵمان بەشدار بن لە دەسەڵاتی وڵاتدا. هـەروەك لـە خـاڵی یەکـەمی ماددەی بیست و دووەمدا هاتووە.

+ حەرامێتی ئەو کارەمان باسـکرد لـە یەکـەم تێبینیمـان لەسـەر یەکـەم یاسـای ئـەم دەروازەیە.

٥. ئەندامی پەرلەمان گەر تاوان بکات تا سەرۆکی پەرلەمان ڕێ نـەدات ناگیرێـت. هـەروەك لـە ماددەی چلەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی دەق و کۆڕایە، چونکە هەرکەس تاوان بکات و لەسـەری بچەسـپێت سزا ئەدرێت بێ گوێدان بـە پلـە و پۆسـتی و بـێ چـاوەڕوانی ڕەزامەنـدی کـەس. وە دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات یەکسانن لەلای شەرع و کەس حەصانەی نییە و، خـوێن و نەفسی پەرلەمانتار لەلای خوا خۆشەویستتر نییە لە کەسی تر. وە نـەبوونی حەصـانە واتای ڕێدان بە دەستدرێژی و زوڵم نییە لە کەسەکە.

- ﴿ **وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِ** (المائدة - ٣٨) دزی نێر و مێ دەستیان ببڕن، وەکو سزایەك بەهۆی ئەوەی کردوویانە، وەکو عیبرەتێك لە خواوە ﴾.

- ﴿ **وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ** (النور - ٤) وە ئەوانەی ئافرەتانی داوێنپاك تۆمەتبار ئەکەن بە زینا و چوار شایەتیان نییە ئەوا هەشتا قامچییان لێبـدەن، وە هـەرگیز شـایەتییان وەرمەگرن، وە ئەوانە لە فەرمانی خوا دەرچوون ﴾.

- ﴿ أنَّ قُرَيْشًا أَهَمَّهُمْ شَأْنُ المَرْأَةِ الَّتي سَرَقَتْ في عَهْدِ النبـيِّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ في غَزْوَةِ الفَتْحِ، فَقالوا: مَن يُكَلِّمُ فِيهَا رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ؟ فَقالوا: وَمَن يَجْتَرِئُ عليـه إلَّـا أُسَـامَةُ بنُ زَيْدٍ، حِبُّ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فَأُتِيَ بهَـا رَسولُ اللهِ صَـلَّى اللَّـهُ عليـه وسـلَّمَ، فَكَلَّمَهُ فِيهَا أُسَامَةُ بنُ زَيْدٍ، فَتَلَوَّنَ وَجْهُ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فَقـالَ: أَتَشْـفَعُ في حَـدٍّ مِن حُدُودِ اللهِ؟ فَقالَ له أُسَامَةُ: اسْتَغْفِرْ لي يـا رَسـولَ اللهِ، فَلَمَّـا كـانَ العَشِـيُّ، قـامَ رَسـولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فَاخْتَطَبَ، فأثْنَى علَى اللهِ بما هو أَهْلُهُ، ثُمَّ قالَ: أَمَّـا بَعْـدُ، فإنَّمـا أَهْلَـكَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ أنَّهُمْ كَانُوا إذَا سَرَقَ فِيهِمِ الشَّرِيفُ تَرَكُوهُ، وإذَا سَـرَقَ فِـيهِمِ الضَّـعِيفُ أَقَـامُوا عليه الحَدَّ، وإنِّي وَالَّذِي نَفْسِي بيَدِهِ، لو أنَّ فَاطِمَةَ بنْتَ مُحَمَّـدٍ سَـرَقَتْ لَقَطَعْـتُ يَـدَهَا، ثُـمَّ أَمَـرَ

بِتِلْكَ الْمَرْأَةِ الَّتِي سَرَقَتْ، فَقُطِعَتْ يَدُهَا (صحيح مسلم - ١٦٨٨) قورەیش ویستیان حەددی دزی لەسەر ئافرەتێكیان جێبەجێ نەكرێت، جا ئوسامەیان ناردە لای پێغەمبەر بۆ شەفاعەت، پێغەمبەر ڕەنگی گۆڕا و فەرمووی: ئایا لە حەددێك لە حەددەكانی خوادا تكا ئەكەیت؟ ئوسامە وتی: داوای لێخۆشبوونم بۆ بكە پێغەمبەری خوا. دواتر پێغەمبەر وتاری دا و فەرمووی: ئەوەی ئەوانەی پێش ئێوەی فەوتان ئەوە بوو كاتێك دەسەڵاتدارێكیان دزی بكردایە وازیان لێ ئەهێنا، وە گەر لاوازێكیان دزی بكردایە سزایان ئەدا، وە من سوێند بەوەی نەفسمی بەدەستە، گەر فاتمەی كچی موحەممەد دزی بكات دەستی ئەبڕم. پاشان فەرمانی كرد بەوەی دەستی ئافرەتەكە ببڕدرێت و بڕییان ﴾.

- ﴿ الحدود تقام على القرشي كما تقام على غير القرشي ولا فرق، وهذا أمر مجمع عليه بيقين لا شك فيه (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٠٨٦) حەددەكان لەسەر قورەیشی جێبەجێ ئەكرێت وەك چۆن لەسەر غەیری قورەیشی ئەكرێت و هیچ جیاوازییەك نییە، وە ئەوە بابەتێكە كۆڕای لەسەرە بە دڵنیاییەكی بێ گومان ﴾.
- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ (الحجرات - ١٣) ئەی خەڵكینە ئێمە ئێوەمان دروستكردووە لە نێر و مێیەك، وە كردوومانن بە چەند گەل و هۆزێكەوە تا یەكتری بناسن، بەڕێزترینتان لای خوای گەورە بەتەقواترینتانە ﴾.
- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰ (المائدة - ٨) ئەی ئیمانداران دادپەروەربن بۆ خوا شایەتی بدەن بە دادپەروەری، وە ڕقلێبوونتان بۆ كەسانێك واتان لێ نەكات دادپەروەر نەبن، دادپەروەر بن ئەوە نزیكترە لە تەقواوە ﴾.

- ﴿ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ (المائدة - ٨٧) وە سنور مەبەزێنن، خوای گەورە دەستدرێژیكەرانی خۆشناوێت ﴾.

- ﴿ عَنِ النبيِّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فِيما رَوَى عَنِ اللهِ تَبارَكَ وَتَعالَى أنَّهُ قالَ: يا عِبادِي إنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ علَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فلا تَظالَمُوا (صحيح مسلم - ٢٥٧٧) خوای گەورە ئەفەرموێت: بەندەكانم من زوڵمم لەسەر خۆم حەرامكردووە، وە لەناو ئێوەشدا حەرامم كردووە، جا زوڵم مەكەن ﴾.

+ نابێت كەس پشتیوانی تاوانباران بێت و ڕێگر بێت لە سزادانیان، وە ئەوە پێچەوانەی دەق و كۆڕایە. وە موسوڵمان فەرمانی پێكراوە كە ڕێگر بێت لە تاوان و خراپە.

- ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ (المائدة - ٢) وە هاوكاری یەكتر بن لە چاكە و تەقوادا، وە هاوكاری یەك مەبن لەسەر خراپە و دەستدرێژیدا ﴾.

- ﴿ وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ (آل عمران - ١٠٤) با لەناو ئێوەی موسوڵماندا كۆمەڵێك هەبن بانگەواز بكەن بۆ باشە، وە فەرمان بكەن بە چاكە وە ڕێگربن لە خراپە، وە ئەوانەن سەرفراز ﴾.

٦. دەقی سوێندی یاسایی پەرلەمانتاران، كاركردن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دینی باس نەكردووە، بەڵكو بەرژەوەندی گەل و خاكی كوردستانی كردووە بە تاكە مەبەست و ئامانجی پەرلەمانتار. هەروەك لە ماددەی چل و حەوتەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونكە لە شەرعدا دین پێش هەموو شتێكە. وە خوای گەورە بۆ پەرستنی خۆی بەتەنها و بێ شەریك دروستی كردووین و ئامانجی یەكەمانە. وە كاری یەكەمی حكومەت چەسپاندنی حوكمە شەرعییەكان و پاراستنی دینە (آل عمران - ١٠٤) (النحل - ١٢٥) (مجموع الفتاوى ٣٥/ ٣٧٢، ١١/ ٤٩٨).

- ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ (الذاريات - ٥٦) وه جنۆکه و ئینسانم تەنها بۆ پەرستنی خۆم دروستکردووه ﴾.

- ﴿ اتفقت الأمة بل سائر الملل على أن الشريعة وضعت للمحافظة على هذه الضروريات الخمس، وهي: الدين، والنفس، والنسل، والمال، والعقل (الموافقات للشاطبي ١/ ٣١) ئوممەتی ئیسلام بەڵكو هەموو ئوممەتەکان کۆڕان لەسەر ئەوەی شەریعەت بۆ پاراستنی ئەم پێنج گرنگییە دانراوە: دین، نەفس، وەچە، سامان، عەقڵ ﴾.

- ﴿ ويلزم الإمام من أمور الأمة عشرة أشياء: أحدها: حفظ الدين على الأصول التي أجمع عليها سلف الأمة (الأحكام السلطانية للقاضي أبو يعلى - ٢٧) وه ئیمام پابەندی دە بابەتە لە کاروباری ئوممەت: یەکێکیان: پاراستنی دین لەسەر ئەو بنەمایانەی پێشینانی ئوممەت لەسەری کۆڕان ﴾.

٧. پەرلەمان یاسا دائەنێت و لە هیچ شوێنێکیشدا نەیوتووە بەو مەرجەی یاساکان هاوتەریبی شەرع بن و پێچەوانەی ئیسلام نەبن. هەروەك لە خاڵی یەکەمی ماددەی پەنجا و شەشدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە یاسادانان مافی خوای گەورەیە و تەنها تایبەتە بەوەوە، وە هیچ شەریکێکی نییە لەم کارەدا و حەرامە مرۆڤەکان یاسا دابڕێژن لە بابەتێکدا کە خوای گەورە بڕیاری تیا داوە و دەقی لەسەر دابەزاندووە. وە گەر ئەو قەیدە نەبێت کە ڕێ لە یاسایەك بگرێت پێچەوانەی شەرع دەربکرێت دەرگای دەرکردنی یاسای پێچەوانە بە شەرع ئەکرێتەوە و گەر یاسایەك یان بڕگە و دەقێك پێچەوانەی شەرعیش بن ڕێیان لێ ناگیرێت.

- ﴿ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ (یوسف - ٤٠) حوکم و بڕیاردان تەنها بۆ خوایە، فەرمانی کردووە تەنها ئەو بپەرستن ﴾.

- ﴿ وَلَا يُشۡرِكُ فِي حُكۡمِهِۦٓ أَحَدٗا (الكهف - ٢٦) وە لە حوكمكردنیدا هیچ شەریكی نییە ﴾.
- ﴿ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ (الشورى - ٢١) ئایا ئەوانە هاوەڵانێكیان هەیە كە شتانێكی لە دین بۆ دارِشتوون كە خوای گەورە رِێی نەداوە ﴾.
- ﴿ واتفقوا أنه مذ مات النبي صلى الله عليه وسلم فقد انقطع الوحي، وكمل الدين واستقر، وأنه لا يحل لأحد أن يزيد شيئا من رأيه بغير استدلال منه، ولا أن ينقص منه شيئا، ولا أن يبدل شيئا مكان شيء، ولا أن يحدث شريعة، وأن من فعل ذلك كافر (مراتب الإجماع / باب من الإجماع في الاعتقادات يكفر من خالفه بإجماع) وە كۆرِان كە لەوەتەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەفاتی كردووە وەحی پچرِاوە، وە دین تەواو و جێگیر بووە، وە كە بۆ كەس حەڵاڵ نییە كە شتێك زیاد بكات لە رِای خۆیەوە بەبێ بەڵگەهێنانەوە لێی، وە نە هیچیشی لێ كەم بكاتەوە، وە نە هیچ بخاتە شوێنی هیچ و جێگۆرِكێ بە هیچ بكات، وە نە هیچ شەرعێك دابهێنێت، وە كە هەركەس وابكات كافرە ﴾.
- ﴿ والإنسان متى حلل الحرام المجمع عليه، أو حرم الحلال المجمع عليه، أو بدل الشرع المجمع عليه كان كافرا مرتدا باتفاق الفقهاء (مجموع الفتاوى ٣/ ٢٦٧) وە مرۆڤ هەركاتێك حەرامی كۆرِا لەسەری حەڵاڵ كرد، یان حەڵاڵی كۆرِا لەسەری حەرامكرد، یان شەرعی كۆرِا لەسەری گۆرِی كافر و مورتەددە بە كۆرِای زانایانی فیقهـ ﴾.
- ﴿ ومعلوم أن من أسقط الأمر والنهي الذي بعث الله به رسله، فهو كافر باتفاق المسلمين واليهود والنصارى (مجموع الفتاوى ٨/ ١٠٦) وە زانراوە كە هەركەس ئەو فەرمان و قەدەغەكردنەی كە خوا پێغەمبەرەكەی پێ ناردووە بخات، ئەوا كافرە بە كۆرِای موسوڵمانان و جوولەكە و گاور ﴾.

٨. زاڵكردنی دیموكراسییەت بەسەر ئیسلامدا و بەگەورەتر و بەهێزتر زانینی. هەروەك لە هۆی دەرچوواندنی یاساكەدا هاتووە: " هیچ پرنسیپێك بەدرێژایی چاخەكانی مێژوو بەقەدەر دیموكراتییەت بەرگری لەخۆی نەكردووە ".

+ ئەمەش پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە كە ئیسلام تاكە بیروباوەڕی حەقە و باشترین دینە. وە دینی خوای گەورەیە و خوای گەورەش خاوەنی باشترین قسە و دین و حوكمە، وە خوای گەورە ڕاستگۆترینە. وە دینی خوا بەراورد ناكرێت لەگەڵ هیچ دین و بیروباوەڕ و پرەنسیپێكدا و، هیچ دینێكی تر زاڵ نابێت بەسەریدا.

- ﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗا (النساء - ١٢٥) وە كێ دینی لەو كەسە باشترە كە ڕووی خۆی تەسلیمی خوا كردووە و چاكەكارە و شوێن دینی ئیبراهیم كەوتبێ و لە هەموو دینە بەتاڵەكان لایدابێت ﴾.

- ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ (آل عمران - ١٩) بێ گومان تاكە دین لای خوا ئیسلامە ﴾.

- ﴿ أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ (المائدة - ٥٠) ئایا ئەوانە حوكمی نەفامییان ئەوێت، وە كێ حوكمی لە خوا باشترە بۆ كەسانێك دڵنیا بن ﴾.

- ﴿ فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعۡدُ بِٱلدِّينِ (٧) أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ (٨) (التين) ئیتر دوای ئەمە چی وات لێ ئەكات دین بەدرۆ بزانی (٧) ئایا خوای گەورە دادترین دادوەر نییە (٨) ﴾.

- ﴿ وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا (النساء - ٨٧) وە كێ قسەی ڕاستگۆترە لە خوا ﴾.

- ﴿ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعۡنَآ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ لَيُخۡرِجَنَّ ٱلۡأَعَزُّ مِنۡهَا ٱلۡأَذَلَّۚ وَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَعۡلَمُونَ (المنافقون - ٨) مونافیقان ئەڵێن گەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە بەدڵنیایی بەعیززەتەكان زەلیلەكان دەرئەكەن، وە عیززەت تەنها بۆ خوا و پێغەمبەرەكەی و ئیماندارانە، بەڵام مونافیقان نازانن ﴾.

- ﴿ وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا (الفرقان - ٣٣) وه كـافران هـيچ گومانێك بۆ تۆ ناهێننەوە ئیللا ئێمە حـەق و باشـترین ڕوونكردنـەوەت بـۆ ئەهێنینـەوە لـە بەرامبەردا ﴾.

٩. وەسفكردنی غەیری دیموكراسییەت بە دیكتاتۆرییەت و دەرنەهێنانی ئیسلام لێی. هەروەك لە هۆیەكانی دەرچوواندنی یاساكەدا هاتووە: " تاكو بووەتە شێوە و ڕێبازی جیهـانی ئەمرۆكـە، جیهانێك كە لاپەڕەی ڕژێمە دیكتاتۆری یەكان دەپێچێتەوە و كۆڵەكەكانی سیستەمێكی نوێی جیهانی لەسەر بنچینەیەكی سەرەكی و پتـەو بنیـات دەنـێ كـە ئەمانـەن: دیموكراتییـەت و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادی یەكانی ".

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونكە بەسوك سـەیركردنی ئیسـلامە، وە تانەدانـە لێـی و، ئیسلام ئەخاتە ڕیزی بیروباوەڕە دەستكرد و فاشیلەكانەوە و بە بیروبـاوەڕێكی دۆڕاو و كز و پێچراوە وەسفی ئەكات. وە ئەوەش هەمووی كوفرە چونكە ئیسلام دیـنی خـوای گەورەیە و باشترین دینە و بینراوە كە لەگەشـەكردندایە لـە جیهانـدا نـەك كزبـوون و پێچرانەوە. وە گاڵتەكردن و سوكایەتی بە ئیسلام و حوكمـە شـەرعییەكانە و ئـەوەش كوفرە (التوبة - ٦٥، ٦٦).

١٠. داوەری بردنە لای دەوڵەتان و یاسا دەستكردەكانیان لـەبری ئیسـلام و شـەرعی خـوا. هەروەك لە هۆیەكانی دەرچوواندنی یاساكەدا هاتووە: " بۆ دامـەزرانـدنی بنیـاتی كۆمـەڵگای كوردستانی لەسەر بنچینەی دیموكراتییەت و ڕێزگرتن لە ماف و ئـازادیی مـرۆڤ بـەپێی ئـەو پەیمان و دابوو دەستوورانەی كە دەوڵـەتان بڕیاریـان لەسـەر داوە. تـاكو بـۆ هـەموو جیهـانی بسەلمێنێ كە گەلی كوردستانی عێراق لەتوانای دا هەیە بەپێی ئەو بنچینانەی كـە ئەمڕۆكـە عالەم دانی پێداهێناوە بەڕێوەی ببات ".

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە حەرامە داوەری ببرێتە لای غەیری شەرعی خوای گەورە و، کار بە غەیری قورئان و سوننەت و کۆڕا بکرێت، وەك لە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەدا خستمانە ڕوو.

- ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا (النساء - ٦٠) ئایا نابینی ئەوانەی بە گومانی خۆیان ئیمانیان هێناوە بەوەی بۆت دابەزیوە و بەوەی پێش تۆش دابەزیوە ئەیانەوێت حوکم برەن بۆ لای تاغوت، لەکاتێکدا فەرمانیان پێ کراوە کە بێ باوەڕ بن بە هەموو تاغوتێك، وە شەیتان ئەیەوێت گومڕایان بکات گومڕاکردنێکی دوور ﴾.

١١. ئەندامی پەرلەمان دەسەڵاتی ڕەهای هەیە. هەروەك لە هۆیەکانی دەرچوواندنی یاساکەدا هاتووە: " دیموکراتیەت مانای حوکمڕانی گەل و کارگێڕیتی بەهۆی نوێنەرانیەوەیە کە بەئازادی یەکی تەواو هەڵیان دەبژێرێ و هەموو دەستەڵاتێکیان پێ دەسپێرێ بۆ دامەزراندنی دەستەڵاتی یاسا وحوکمەکەی .. کەببێتە مایەی دامەزراندنی کۆمەڵێك لە دەزگای ڕێکخراوی تایبەتمەند بەپێی پرنسیپی جیاکردنەوەی هەر سێ دەستەڵاتەکانی یاسادانان و جێ بەجێ کردن و دادوەری ".

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە گوێرایەڵی ڕەها تەنها بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی.

- ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا (الأحزاب - ٣٦) وە بۆ هیچ باوەڕدارێك نییە نێر بێت یان مێ کاتێك خوا و پێغەمبەرەکەی بڕیارێك بدەن هیچ بژاردەیەکی

تریان هەبێت، وە هەرکەس سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوا بێ گومان گومڕا بووە گومڕابوونێکی ڕوون ﴾.

+ وە پێچەوانەی شەرعە چونکە خەلیفە یان ئەمیری موسوڵمانان تەنها خۆی هەموو دەسەڵاتێکی هەیە و کەسی تر دەسەڵاتەکانی ڕەها نین.

- ﴿ أنَّ رَسولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قَالَ، وحَوْلَهُ عِصَابَةٌ مِن أصْحَابِهِ: بَايِعُونِي علَى أنْ لا تُشْرِكُوا باللَّهِ شيئًا، ولَا تَسْرِقُوا، ولَا تَزْنُوا، ولَا تَقْتُلُوا أوْلَادَكُمْ، ولَا تَأْتُوا ببُهْتَانٍ تَفْتَرُونَهُ بيْنَ أيْدِيكُمْ وأَرْجُلِكُمْ، ولَا تَعْصُوا في مَعروفٍ، فمَن وفَى مِنكُم فأجْرُهُ علَى اللَّهِ، ومَن أصَابَ مِن ذلكَ شيئًا فَعُوقِبَ في الدُّنْيَا فَهو كَفَّارَةٌ له، ومَن أصَابَ مِن ذلكَ شيئًا ثُمَّ سَتَرَهُ اللَّهُ فَهو إلى اللَّهِ، إنْ شَاءَ عَفَا عنْه وإنْ شَاءَ عَاقَبَهُ (صحيح البخاري - ١٨) بەیعەتم بدەنێ لەسەر ئەوەی کە هیچ هاوەڵێك بۆ خوا دانەنێن، وە دزی نەکەن، وە زینا نەکەن، وە منداڵەکانتان نەکوژن، وە بوهتانێك لەبەر دەست و قاچتاندا نەهێنن، وە لە چاکەدا سەرپێچی مەکەن، جا هەرکامتان بەوەفا بێت بۆ ئەو بەیعەتە ئەوا پاداشتی لەسەر خوایە، وە هەرکەس لە شتێك لەوانەیا سەرپێچی کرد و لە دنیا سزای وەرگرت ئەوە کەفارەتێتی، وە هەرکەس لە شتێك لەوانەیا سەرپێچی کرد و خوا بۆی شاردەوە ئەوە بۆ لای خوای گەورەیە، گەر بیەوێت لێی خۆشئەبێت وە گەر بیەوێت سزای ئەدات ﴾.

+ وە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە لە ناشەرعیدا سەرۆك یان ئەندام پەرلەمان یان هەرکەسێك گوێرایەڵی ناکرێت و دەسەڵاتی نامێنێت، وە لە نوسراوەکەدا ئەو جیاکارییە نەکراوە و بێ قەید و مەرج دەسەڵات ڕەهاکراوە.

- ﴿ لا طَاعَةَ في مَعْصِيَةِ اللهِ، إنَّما الطَّاعَةُ في المَعروفِ (صحيح مسلم - ١٨٤٠) گوێرایەڵی نییە لە سەرپێچی خوادا، بەڵکو گوێرایەڵی لە چاکەدایە ﴾.

١٢. کارکردن بەو یاسایانەی کە دەرئەچن لە پەرلەمانەوە، بەبێ دانانی مـەرجی پێچـەوانە نەبوونی لەگەڵ شەرعدا. وەك لە ماددەی شەستەمی یاساکەدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی ئەو دەقانەیە کە لە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبـەدا خسـتمانە ڕوو، لەو ڕووەوە کە نابێت یاسای پێچەوانە بە شەرع کاری پێ بکرێت.

١٣. کارکردن بەم یاسایە. هەروەك لە ماددەی شەست و یەکەمدا هاتووە.

+ ئەمەش پێچەوانەی شەرعە چونکە ئەم یاسایە زیاتر لە بڕگە و ماددەیەکی پێچەوانەی شەرعە و نابێت کاری پێ بکرێت.

## یاسای سێهەم:

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی / ١٩٩٢ هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: هەشت (٨) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: هەشت (٨) دەق.

١. سەرۆکی هەرێم لەرێی هەڵبژاردنی خەڵکیەوە دائەنرێت. هەروەك لە ماددەی یەکەم و هەشتەمی یاساکەدا هاتووە.

+ لە دووەم تێبینیمان لەسەر دووەم یاسای ئەم دەروازەیە باسمانکرد، کە ئەو کارە هەموو کەسێك ڕای تیادا نادات و کۆمەڵێك کەسی دیاریکراو سەرۆکی وڵات دائەنێن.

٢. دیاریکردنی ماوەی دەستبەکاربوونی سەرۆك بە چوار ساڵ. وەك لە ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە سەرۆکی وڵات ئەو پۆستە بۆ ماوەی کاتی ناگرێتە دەست، بەڵکو هەتا مردنی یان نەمانی مەرجێکی شەرعی تیایدا هەر دەسەڵاتدارە و، کەس بۆی نییە بەبێ هۆ لای ببات.

- ﴿ الإمام إذا لم يخل عن صفات الأئمة فرام العاقدون له عهدا أن يخلعوه، لم يجدوا إلى ذلك سبيلا باتفاق الأمة، فإنَّ عقد الإمام لازم لااختيار في حله من غير سبب يقتضيه (غياث الأمم للجويني - ٩٧) گەر ئیمام لە سیفەتەکانی ئیمامەکان بێبەش نەبوو وە ئەوانەی پەیمانیان بۆ بەستووە ویستیان لایببەن، بەکۆڕای ئوممەت ناتوانن وابکەن بە هیچ جۆرێك،

چونکە گرێبەستی ئیمام پەیوەستە و هیچ هەڵبژاردنێك نییە لە هەڵوەشاندنیدا بەبێ هۆیەکی پێویستکەری ﴾.

- ﴿ من المتفق عليه بين علماء الإسلام أن الإمام مادام قائما بواجباته الملقاة على عاتقه، حارساً أميناً للدين الحق، مالكا القدرة على الاستمرار في تدبير شؤون رعيته، عادلا بينهم يقيم القسط في شؤونهم المختلفة ويعطي كل ذي حق حقه، فإنه لا يجوز عزله ولا الخروج عليه (السياسة الشرعية على منهج الوحيين لمأمون حموش - ٢٣٨) لەنێوان زانایانی ئیسلامدا کۆڕا هەیە لەسەر ئەوەی هەتاوەکو ئیمام هەڵبستێت بە واجبەکانی سەر شانی، پارێزەر و جێ متمانە بێت بۆ دینی حەق، توانای بەردەوامی هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکەکەی، داد بێت لەنێوانیان و دادپەروەری بکات لە بابەتەکانی نێوانیاندا و مافی هەموو خاوەن مافێك بدات، ئەوا نابێت لابرێت وە نابێت شۆڕش دژی بکرێت ﴾.

٣. کارکردن بە بڕگەکانی یاسای یەکەمی ساڵی ١٩٩٢. وەك لە ماددەکانی سێ یەم و شەشەمدا هاتووە.

+ ئەمەپێچەوانەی شەرعە چونکە یاسای پێچەوانە بە شەرع کاری پێ ناکرێت و بەتاڵە.

٤. دانانی چەند مەرجێك بەبێ بەڵگەی شەرعی بۆ سەرۆك وەك: (تەمەنی سەروو چل ساڵ بێت)، وە گوێنەدان بە مەرجە شەرعییەکان لە: (موسوڵمانێتی، بەرپرسیارێتی، نێرینەیی، کارکردن بە حوکمە شەرعییەکان). وەك لە ماددەی پێنجەمدا هاتووە.

+ لە یەکەم تێبینیماندا لەسەر یەکەم یاسای ئەم دەروازەیە و سێهەم و شەشەم تێبینیمان لەسەر دووەم یاسای ئەم دەروازەیە بەشێکیمان باسکرد.

- ﴿ الصفات المرعية في الأئمة تنقسم أقساما: فمنها ما يتعلق بالحواس، ومنها ما يتعلق بالأعضاء، وما يرتبط بالصفات اللازمة، ومنها ما يتعلق بالفضائل المكتسبة .. فأما البصر فلا خلاف في اشتراطه .. ومما يشترط من الحواس: السمع .. نطق اللسان .. وأما ما

يـؤثر عدمـه في الانتهـاض إلى المـآرب والأغـراض: كفقـد الـرجلين واليـدين .. فأمـا الصـفات اللازمة فمنها النسب، فالشرط أن يكون الإمام قرشيا .. ومـن الصـفات .. الـذكورة والحريـة والعقل والبلوغ .. والشجاعة والشـهامة (غيـاث الأمـم للجـويني / البـاب الرابـع في صـفات الإمام القوام على أهل الإسـلام / ٦٠) سيفەتە ڕەچاوكراوەكان لە پێشـەواكاندا بەسـەر چـەند بەشێكدا دابەش ئەكرێت: لەوانە ئەوەی پەیوەندی بە هەستەكانییەوە هەیە، وە لەوانە ئـەوەی پەیوەندی بە ئەندامەكانییەوە هەیە، وە ئەوەی پەیوەندی هەیە بە سـیفەتە پەیوەسـتەكانەوە، وە تیایانە پەیوەندی هەیە بە سیفەتە دەستكەوتووەكانەوە. جا توانای بینین هـیچ ڕاجیاییـەك نییە لە مەرجێتیدا، وە لەوانەی مەرجە لە هەستەكاندا: بیستن، قسەكردن. وە ئەوەی نەبوونی كاریگەرە لە هەستان بۆ مەبەست و ویستەكان: وەك لەدەستدانی دوو قـاچ و دوو دەسـت. وە سیفەتە پەیوەستەكان وەك: نەسەب، جا مەرجە ئیمام (خەلیفە) لە هۆزی قورەیش بێت، وە لە سیفەتەكان: نێرینەیی، سەربەستی، عەقڵ، باڵغی، ئازایەتی، جوامێری ﴾.

- ﴿ اتفقوا على أن الخلافة لا تجـوز لامـرأة ولا لكـافر ولا لصبـي لم يبلـغ ولا لمجنـون (موسـوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٣٦٢) كۆڕان لەسەر ئـەوەی خیلافـەت بـۆ ئـافرەت و كـافر و منداڵی نابالغ و شێت نابێت ﴾.

٥. خەڵكی خۆیان كاندید ئەكەن تاكو دیاریبكرێن و هەڵبژێردرێن بە سـەرۆك. وەك لـە مـاددەی حەوتەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە كە بەرپرسیارێتی نادرێت بە كەسـێك كـە خـۆی داوای بكات، وە دانانی سەرۆكی وڵات ڕێ و شوێنی شەرعی خۆی هەیە.

- ﴿ إنَّا لا نُوَلِّي هذا مَن سَأَلَهُ، ولَا مَن حَرَصَ عليه (صحيح البخاري - ٧١٤٩) ئێمە ئەم كـارە نادەین بە كەسێك داوای بكات یان پەرۆشی بێت و دەستی پێوە بگرێت ﴾.

- ﴿ أجمعوا على انعقاد الخلافة بعقد أهل الحل والعقد لإنسان حيث لا يكون هناك استخلاف لأحد. أجمعوا على جواز جعل الخليفة الأمرَ شورى بين جماعة. إن المسلمين أجمعوا على أن الخليفة يجوز له أن يستخلف غيره بعده، ويجوز له ألاّ يستخلف. اتفقوا على أن من ساد الناس مدة ثلاثة أيام إماما إثر موت الإمام الذي لم يَستخلف، جازت إمامته (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي – ١٣٦٥، ١٣٦٧، ١٣٦٩، ١٣٧١) كۆڕان لەسەر گرێدانی خیلافەت بە گرێبەستی ئەهلی حەلل و عەقد بۆ مرۆڤێك لەكاتێكدا جێنشینیی بۆ كەس نەبێت. كۆڕان لەسەر ڕێپێدراویی كردنی كارەكە بە شورا لەنێوان كۆمەڵێكدا لەلایەن خەلیفەوە. موسوڵمانان كۆڕان لەسەر ئەوەی خەلیفە بۆی هەیە جێنشینیی بۆ كەسێك دیاریبكات دوای خۆی، وە بۆیشی هەیە وانەكات. كۆڕان لەسەر ئەوەی هەركەس سەرۆكایەتی خەڵك بكات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ وەك ئیمام دوای مردنی ئەو ئیمامەی جێنشینی دانەناوە، ئەوا ئیمامەتییەكەی ڕێپێدراوە ﴾.

٦. دەقی سوێندی سەرۆك، كاركردن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دین و شەرعی باس نەكردووە، بەڵكو بەرژەوەندی گەل و خاكی كوردستان و سەروەری یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی كردووە بە مەبەست و ئامانجی سەرۆك. هەروەك لە ماددەی نۆیەمدا هاتووە.

+ لە شەشەم تێبینیماندا لەسەر دووەم یاسای ئەم دەروازەیە باسمانكرد.

# یاسای چوارەم:

## یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی / ١٩٩٢.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: شەش (٦) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: سێ (٣) دەق.

١. دانانی سیاسەتی گشتی هەرێم بەگوێرەی یاسا دەرچووەکان لە پەرلەمانەوە، نەوەك بەگوێرەی دەقی شەرعی. هەروەك لە خاڵی یەك لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە.

+ ئەمەش پێچەوانەی شەرعە چونکە سیاسەتی کاری حکومەت بەپێی شەرع نییە بەڵکو بەپێی دەقی یاسا دەستکردەکانی مرۆڤە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەقانەیە کە لە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەدا خستمانە ڕوو.

٢. پێشنیازکردنی یاسا بەبێ بوونی مەرجی پێچەوانە نەبوونی یاساکە لەگەڵ شەرعی ئیسلامدا. هەروەك لە خاڵی دوو لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە.

+ لە حەوتەم تێبینیمان لەسەر دووەم یاسای ئەم دەروازەیە باسمانکرد.

٣. جێبەجێ کردنی یاساکان، بەبێ مەرجی پێچەوانە نەبوونی یاساکە لەگەڵ شەرعی ئیسلامدا. وەك لە خاڵی حەوت لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە.

+ ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەقانەیە کە لە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەدا خستمانە ڕوو. وە لە حەوتەم تێبینیمان لەسەر دووەم یاسای ئەم دەروازەیەش باسمانکرد.

## یاسای پێنجەم:

## یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای پاراستنی بێگانەکان و ئەو کارگەرانەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتی یەکان لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: یەك (١) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: یەك (١) دەق.

١. پشتبەستن و کارکردن بە یاسای سزادانی عێراقیی ژمارە (١١١)ی ساڵی / ١٩٦٩. وەك لە بڕگەی (ب)ی ماددەی دووەمی یاساکەدا هاتووە.

- کارکردن بەو یاسایە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە ئەو یاسایە چەندین بڕگە ماددەی تێدایە کە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامن، هەر لە یەکەم ماددەیەوە کە بە کوردییەکەی دەڵێت: " هیچ سزا و ڕێگرییەك نییە لەسەر کردارێك مەگەر لەسەر بنەمای یاسایەك کە باس لە تاوانێتی ئەو کارە بکات لەکاتی ئەنجامدانیدا ". وە ئەوەش پێچەوانەی ئەو دەقانەیە کە لە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەدا خستماننە ڕوو، لەو ڕووەوە کە ئەگەر شتێك دەقی شەرع بە تاوان دایانابێت لای کارکەر بە یاساکە تاوان نییە هەتا لەو یاسایەدا بە تاوان دانەنرابێت، وە گەر شتێك لە شەرعدا تاوان نەبێت و لە یاساکەدا بە تاوان دانرابێت لای کارکەر بە یاساکە تاوانە.

## یاسای شەشەم:

## یاسای ژمارە (٧) ساڵی / ١٩٩٢ یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: دوو (٢) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: یەك (١) دەق.

١. ئیسلام فەرمان بە خۆبەختکردن ئەکات بە نیشتیمان و ئەمەش جەوهەری ئیسلامە. هەروەك لە هۆیەکانی دەرکردنی یاساکەدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونکە درۆکردنە بەدەم خوای گەورەوە، وە بوهتانکردنە بۆ دینە پیرۆزەکەی. وە ئەو قسەیە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نییە، بەڵکو دەقە شەرعییەکان پێچەوانەین. وە خوای گەورە دینی داناوە و پێغەمبەرانی ناردووە هەتاوەکو بەتەنها خۆی بپەرسترێت و شەرع و بەرنامەی خۆی کاری پێ بکرێت و لەناو خەڵکیدا جێبەجێ بکرێت. وە شەرعی ئیسلام فەرمانی کردووە بە خۆبەختکردن لەپێناو دینی خوادا، هەتا لەسەر زەوی بڵاوببێتەوە و خەڵك شوێنی بکەون، نەك خۆبەخت بکرێت لەپێناو ڕەگەز و توخم و نیشتیمان و میللەتدا.

- ﴿ **وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ** (الذاريات - ٥٦) وە ئینسان و جنۆکەم تەنها بۆ پەرستنی خۆم دروستکردووە ﴾.
- ﴿ **فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ** (محمد - ١٩) جا بزانە کە هیچ خوایەکی حەق نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله ﴾.

- ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ (الأنبياء - ٢٥) وه هیچ پێغەمبەرێكمان پێش تۆ نەناردووە ئیللا وەحیمان بۆ كردووە كە هیچ خوایەكی حەق نییە جگە لە من جا تەنها من بپەرستن ﴾.
- ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ (النحل - ٣٦) وه لە ناو هەموو ئوممەتێكدا پێغەمبەرێكمان ناردووە كە تەنها خوا بپەرستن و لە تاغووت دووربكەونەوە ﴾.
- ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ (الأنعام - ١٥٥) وه ئەم قورئانە دامانبەزاندووە موبارەكە جا شوێنی بكەون و تەقوابكەن بەڵكو ڕەحمتان پێ بكرێت﴾.
- ﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّ (المائدة - ٤٨) وه قورئانمان بۆ دابەزاندووین بە حەق، بەڕاستدانەری كتێبەكانی پێش خۆیەتی و بالادەستە بەسەریانەوە، جا حوكم بكە لەنێوانیاندا بەوەی خوا دایبەزاندووە، وە شوێن هەواكانیان مەكەوە لەوەی لە حەق بۆت هاتووە ﴾.
- ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِ (النساء - ٦٤) وه هیچ پێغەمبەرێكمان نەناردووە تەنها بۆ ئەوەی گوێرایەڵی بكرێت بە ئیزنی خوا ﴾.
- ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا (النساء - ٦٥) نەخێر سوێند بە پەروەردگارت ئیمان ناهێنن هەتا تۆ ئەكەن بە دادوەر لەوەی لەنێوانیان ڕوودەدات لە كێشە، پاشان هیچ نارەحەتییەك نابینن لە نەفسیاندا لەوەی حوكمت داوە، وە تەسلیمی ئەبن ﴾.
- ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (الأنعام - ١٦٢) بڵێ بێ گومان نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم تەنها بۆ الله یە پەروەردگاری جیهانیان ﴾.

- ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِيِّ ٱلۡأُمِّيِّ ٱلَّذِي يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ (الأعراف - ١٥٨) بلێ ئەی خەڵکینە من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەمووتان، ئەو خوایەی هەموو موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەوە، هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، زیندوو ئەکاتەوە و ئەمرێنێت، جا باوەڕ بێنن بە خوا و نێردراوە پێغەمبەرە نەخوێندەوارەکەی کە باوەڕی هەیە بە خوا و وشەکانی، وە شوێنی بکەون بەڵکو هیدایەت وەرگرن ﴾.
- ﴿ جَاءَ رَجُلٌ إلى النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فَقَالَ: الرَّجُلُ يُقَاتِلُ لِلْمَغْنَمِ، والرَّجُلُ يُقَاتِلُ لِلذِّكْرِ، والرَّجُلُ يُقَاتِلُ لِيُرَى مَكَانُهُ، فمَن في سَبيلِ اللَّهِ؟ قَالَ: مَن قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هي العُلْيَا فَهو في سَبيلِ اللَّهِ (صحيح البخاري - ٢٨١٠) پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر و پرسی: پیاوێك شەڕ ئەکات بۆ دەستکەوتی شەڕ، وە پیاوێك شەڕ ئەکات بۆ ناوبانگ، وە پیاوێك شەڕ ئەکات بۆ دەرخستنی ئازایەتی (ریابازی)، جا کامەیان لەپێناو خوادایە؟ (لە ریوایەتی تردا هاتووە کە: پیاو شەڕ ئەکات بۆ سەرخستنی عەشرەت و هۆز و خێزانی) فەرمووی: هەرکەس شەڕبکات بۆ ئەوەی قسەی خوا (دینی خوا) بەرز بێت، ئەوە لەپێناو خوادایە ﴾.

## یاسای حەوتەم:

## یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی / ١٩٩٢ یاسای وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: دوو (٢) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: یەك (١) دەق.

١. پشتبەستن بە ڕاگەیاندن و بەڵێننامە دەستکردەکانی وڵاتان لە داوەریکردندا. وەك لە مـاددەی دووەمی یاساکەدا هاتووە.

+ ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەقانەیە کە لە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەدا خستمانە ڕوو. لەو ڕووەوە کە حەرامە پەنا بۆ غەیری شەرعی ئیسلام ببرێت بۆ داوەریکردن.

## یاسای هەشتەم:

## یاسای ژمارە (١٤) ساڵی – ١٩٩٢ یاسای دەسەڵاتی دادوەری.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: نۆ (٩) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: هەشت (٨) دەق.

١. دادگا جگە لە یاسا دەستکرد و نوسراوەکان هیچ سەروەر و سەرچاوەیەکی تری نییە بۆ کارکردن. وەك لە ماددەی یەکەمدا هاتووە.

+ ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەقانەی دەروازەی یەکەمن لەو ڕووەوە کە قورئان و سوننەت باڵاترین دەسەڵاتن و سەرچاوەن بۆ حوکم و داوەری کردن نەك یاسای مرۆڤەکان.

٢. حوکمی دادگاکان بەناوی گەلەوە دەردەچێت. وەك لە ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ گەر مەبەست لەمە ئەوە بێت کە گەل بەرپرسیاری بڕیارەکانی دادوەرەکانن، ئەوە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە دادوەر تەنها خۆی و ئەو کەسانە بەرپرسن لە حوکمەکە کە هاوکاری بوون لە دەرکردنی حوکمەکەدا و، گەر حوکمەکە دروست بێت خۆی چاکەی بۆ ئەنوسرێت و گەر هەڵە بێت و بە ئەنقەست بێت خۆی تاوانبارە و گەل تاوانی هەڵناگرێت.

- ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ (فاطر - ١٨) وە کەس تاوانی کەس هەڵناگرێت ﴾.

- ﴿ القضاةُ ثلاثةٌ: واحدٌ في الجنَّةِ، واثنان في النَّارِ، فأما الذي في الجنَّةِ، فرجلٌ عرف الحقَّ فقضى به، ورجل عرَف الحقَّ، فجارَ في الحُكمِ، فهو في النَّارِ، ورجلٌ قضى للناسِ على جهلٍ فهو في النَّارِ (سنن أبي داود - ٣٥٧٣) قازییەکان سیانن: یەکێکیان لە بەهەشتدایە و دووانیان لە

ئاگران. جا ئەوەیان کە لە بەهەشتدایە پیاوێکە حەقی زانیوە و حوکمی کردووە پێی. وە پیاوێك حەقی زانیوە و زوڵمی کردووە لە حوکمدا، ئەوە لە ئاگردایە. وە پیاوێك بە نەفامی حوکمی کردووە بۆ خەڵك ئەوە لە ئاگردایە ﴾.

- ﴿ أجمع المسلمون على أن الحاكم العالم الأهل للحكم إن أصاب في حكمه، فله أجران، أجر باجتهاده وأجر بإصابته، وإن أخطأ فله أجر باجتهاده (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٣٤٧) موسوڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە حاکمی زانای شیاو بۆ حوکم گەر لە حوکمدا پێکای ئەوا دوو پاداشتی هەیە، پاداشتێکی ئیجتیهاد و پاداشتێکی پێکانی ڕاستی. وە گەر هەڵەیکرد ئەوا پاداشتی ئیجتیهادی هەیە ﴾.

+ گەر مەبەست ئەوە بێت کە بڕیاری دادوەر وەك ئەوەیە هەموو گەل کۆبووبنەوە و بڕیاریان دابێت، ئەوە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە دادوەریی کاری هەموو گەل نییە لە سەرەتاوە هەتا بوترێت نوێنەرێکیان ئەو کارەیان بۆ ئەکات. بەڵکو ئەرکی کەسێکی شارەزای موئەههلە کە کۆمەڵێك مەرجی تێدایە و ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە. هەربۆیە گەر هەموو خەڵك کۆببنەوە و حوکم لەسەر حاڵەتێك بدەن حوکمەکەیان بەتاڵە چونکە خەڵکی ئاسایی و نەشارەزا بە کاری دادوەری ئەو کارەیان لێ ناوەشێتەوە.

- ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ (الإسراء - ٣٦) وە لە شتێکدا کە زانیاریت نەبوو قسەی تیا مەکە ﴾.

- ﴿ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ (المائدة - ٤٨) جا حوکم بکە لەنێوانیاندا بەوەی خوا دایبەزاندووە، وە شوێن هەواکانیان مەکەوە لەوەی لە حەق بۆت هاتووە ﴾.

- ﴿ القضاةُ ثلاثةٌ: واحدٌ في الجنَّةِ، واثنان في النَّارِ، فأما الذي في الجنَّةِ، فرجلٌ عـرف الحـقَّ فقضـى بِه، ورجل عرَف الحقَّ، فجارَ في الحُكمِ، فهو في النَّارِ، ورجـلٌ قضـى للنـاسِ علـى جهـلٍ فهـو في النَّارِ (سنن أبي داود - ٣٥٧٣) قازییەکان سیانن: یەکێکیان لە بەهەشـتدایە و دووانیـان لـە ئاگران. جا ئەوەیان کە لە بەهەشتدایە پیاوێکـە حـەقی زانیـوە و حـوکمی کـردووە پێـی. وە پیاوێك حەقی زانیوە و زوڵمی کردووە لە حوکمدا، ئەوە لە ئاگردایە. وە پیاوێـك بـە نـەفامی حوکمی کردووە بۆ خەڵك ئەوە لە ئاگردایە ﴾.
- ﴿ واتفقـوا علـى أن القضـاء مــن فـروض الكفايـة (موسـوعة الإجمـاع في الفقـه الإسـلامي - ٣٣٤٦) کۆڕان لەسەر ئەوەی کە قەزاوەت لە فەرزی کیفائییە ﴾.
- ﴿ إنّ تولية الإمام الأعظم للقاضي شرط في صحة قضائه (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٣٤٨) دامـەزراندنی قازی لەلایەن ئیمامی گەورەوە (خەلیفە، ئەمیر) مـەرجە لە دروسـتی قەزاوەتەکەیدا ﴾.

٣. مەرجەکانی دادوەر کە لە ماددەی سی و سێ یەمدا هاتووە.

+ هەندێك مەرجیان شەرعی نین چونکە بەڵگەی شەرعی لەسەریان نییە، وەك: تەمـەنی کەمتر نەبێت لە سی ساڵ، هاوسەری هـەبێت، بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە یاسـادا هەبێت.
+ هەندێك مەرجی شەرعییان تیـا نییـە لـە: نێرینـەیی لای زۆربـەی زانایـانی شـەرع، موسـوڵمانێتی، خـاوەن عەقیـدەی ئـەهلی سـوننە، سەربەسـتی، زانـا بـە قورئـان و فـەرمووده و کـۆڕا و قیـاس و ڕاجیـایی. (موسـوعة الإجمـاع في الفقـه الإسـلامي — ٣٣٤٩، ٣٣٥٠، ٣٣٥١).

٤. دادوەر سوێند ئەخوات کە یاسا جێبەجێ بکات. وەك لە ماددەی سی و پێنجەمدا هاتووە.

+ ئەوەش پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە دادوەر ئەبێت بە شەرع حوکم بکات لەنێوان خەڵکیدا نەك بە یاسا و دەستووری دەستکردی مرۆڤ.

- ﴿ **فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّ** (المائـدة - ٤٨) جـا حوکم بکە لەنێوانیاندا بەوەی خوا دایبەزاندووە، وە شوێن هەواکانیان مەکەوە لەوەی لە حـەق بۆت هاتووە ﴾.

- ﴿ **فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا** (النسـاء - ٦٥) نەخێر سوێند بە پەروەردگارت ئیمان نـاهێنن هەتا تۆ ئەکەن بە دادوەر لەوەی لەنێوانیان ڕووئەدات لە کێشـە، پاشـان هـیچ نارەحەتییـەك نابینن لە نەفسیاندا لەوەی حوکمت داوە، وە تەسلیمی ئەبن ﴾.

- ﴿ **أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦۖ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا** (النسـاء - ٦٠) ئایا نابینی ئەوانەی بە گومانی خۆیان ئیمانیان هێناوە بەوەی بۆت دابـەزیوە و بەوەی پێش تۆش دابەزیوە ئەیانەوێت حوکم برەن بۆ لای تاغوت، لەکاتێکدا فەرمانیان پـێ کـراوە کـە بـێ بـاوەڕ بـن بـە هـەموو تاغوتێـك، وە شـەیتان ئەیـەوێت گومڕایـان بکـات گومڕاکردنێکی دوور ﴾.

- ﴿ **أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ** (المائـدة - ٥٠) ئایـا ئەوانە حوکمی نەفامییان ئەوێت، وە کێ لە خوا حوکمی باشترە بۆ کەسانێك دڵنیا بن ﴾.

٥. دادوەر ناگیرێت و سزا نادرێـت بـەبێ ڕەزامەنـدی وەزیـری داد. وەك لـە مـاددەی شەسـت و یەکەمدا هاتووە.

+ لە پێنجەم تێبینیمان لەسەر دووەم یاسای ئەم دەروازەیە باسمانکرد.

٦. کار بە هیچ دەقێك ناکرێت گەر لەگەڵ ماددەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت. وەك لە ماددەی شەست و پێنجەمدا هاتووە.

- ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونکە دەقی یاسای دەستکرد زاڵکراوە بەسەر دەقی قورئان و فەرموودەدا و لەکاتی ناکۆکیدا دەقی یاسا پێش دەقی شەرعی ئەخرێت. وە ئەمە پێچەوانەی هەموو ئەو دەقانەیە کە لە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەدا خستمانە ڕوو، وە کوفرێکی ڕوون و بێ خەوشە و لەدین وەرگەڕانە و دژایەتی دەقە شەرعییەکانە.

٧. کارکردن بەم یاسایە. هەروەك لە ماددەی شەست و شەشەم و شەست و حەوتەمدا هاتووە.

- ئەمەش پێچەوانەی شەرعە چونکە ئەم یاسایە زیاتر لە بڕگە و ماددەیەکی پێچەوانەی شەرعە و نابێت کاری پێ بکرێت.

# یاسای نۆیەم:

## یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای یانسیبی ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی کوردستان.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: بیست و حەوت (٢٧) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: بیست و شەش (٢٦) دەق.

١. تەواوی یاساکە کە لە بیست و پێنج مادده پێکهاتووە پێچەوانەی شەرعە چونکە یانسیبی حەڵاڵ کردووە و کاری پێکردووە و هەر دەقێکی ڕەتکردۆتەوە بە دەقە شەرعییەکانیشەوە کە پێچەوانەی یاساکە بێت و فەرمانی کردووە بە جێبەجێ کردنی یاساکە. هەروەك لە ماددەی یەکەمەوە هەتا هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە هاتووە.

+ ئەوانە هەموو پێچەوانەی دەق و کۆڕا شەرعییەکانن، چونکە یانسیب جۆرێکە لە قومارکردن و قوماریش حەرامە. وە ئەوەش بەهانە نییە کە بوترێت: " پارەی یانسیبەکە بۆ ئاوەدانکردنەوە بەکاردێت "، چونکە پارەی حەرام حەرامە مامەڵەی پێوە بکرێت.

- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (٩٠) إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ (٩١) (المائدة)

ئەی ئیمانداران بێ گومان مەی و قومار و بت و بەختگرتنەوە گڵاون و لە کاری شەیتانن جا

لێی دووربکەونەوە بەڵکو سەرفراز بن (٩٠) بێ گومان شـەیتان ئەیـەوێت دوژمنایـەتی و ڕق بخاتە ناوتانەوە لە مەی و قوماردا، وە ڕێتان لێ ئەگرێت پێیان لە زیکری خوا و لە نوێژ، ئایـا ئێوە وازئەهێنن لێیان (٩١) ﴾.

- ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا (البقـرة - ٢١٩) پرسیارت لێ ئەكەن دەربارەی مەی و قومار، بڵێ تاوانێكی گەورە و سوودی تیایە بۆ خەڵكی، وە تاوانەكەیان گەورەترە لە سوودەكەیان ﴾.

- ﴿ أجمع العلماء على أن القمار حرام، بالنرد أو بالشطرنج أو بأي شيء من الأشياء، وأنه أكل للمال بالباطل (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٤٠٢) زانایان كـۆڕان لەسـەر ئـەوەی قومار حەرامە، بە زار یان بە شەترەنج یان بە هەرشتێك، وە قومار پارە خواردنە بە بەتاڵ ﴾.

## یاسای دەیەم:

## یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: حەڤدە (١٧) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: چواردە (١٤) دەق.

١. ڕێگەدان بە دانانی حیزب، بەتایبەت حیزبێك کە بە شێوازی دیموکراسی دانرابێت. وەك لە ماددەی یەکەم و دووەم و سێیەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونکە لە ئیسلامدا موسوڵمانان یەك ئوممەتن و یەك دەستە و کۆمەڵن. وە پەرتەوازەیی و خۆ جیاکردنەوە لە کۆمەڵەی موسوڵمانان و لادان لە ڕێباز و بیروباوەڕیان حەرامە بە دەق و کۆڕا. وە دروستکردنی حیزب لە مەسڵەحەتی یەك ڕیزی موسوڵمانان نییە و جیاوازی و ڕاجیایی ئەخاتە نێوانیان.

- ﴿ **وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ** (الأنعام - ١٥٣) وە بێ گومان ئەمە ڕێگای ڕاستی منە جا شوێنی بکەون، وە شوێن ڕێچکەکانی تر مەکەون لەبەرئەوەی لە ڕێگای ڕاستی خوا جیاتان ئەکەنەوە ﴾.
- ﴿ **مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَٱتَّقُوهُ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَلَا تَكُونُواْ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ** (٣١) **مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًاۖ كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ** (٣٢) (الروم) بۆ لای خوا بگەڕێنەوە و تەقوای بکەن و نوێژەکان بکەن و لە موشریکان مەبن (٣١) لەوانەی دینەکەیان پارچە کردووە و بوون بە چەند کۆمەڵێکەوە، هەر کۆمەڵێکیش دڵخۆشە بەو ڕێبازەی لەسەریەتی (٣٢) ﴾.

- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ (الأنعام - ١٥٩) ئەوانەی دینەکەیان بەش کردووە و بوون بە چەند کۆمەڵێك (ئەی موحەممەد) تۆ لەوان نیت و بەریت لێیان، کاری ئەوان بۆ لای خوایە و خۆی سزایان ئەدات ﴾.
- ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْ (آل عمران - ١٠٣) وە هەمووتان دەست بگرن بە دینی خواوە و بەشبەش مەبن ﴾.
- ﴿ فما تَأْمُرُني إنْ أدْرَكَني ذلكَ؟ قالَ: تَلْزَمُ جَماعَةَ المُسْلِمينَ وإمَامَهُمْ قُلتُ: فإنْ لَمْ يَكُنْ لهمْ جَمَاعَةٌ ولَا إمَامٌ؟ قالَ: فَاعْتَزِلْ تِلكَ الفِرَقَ كُلَّهَا، ولو أنْ تَعَضَّ بأَصْلِ شَجَرَةٍ، حتَّى يُدْرِكَكَ المَوْتُ وأَنْتَ علَى ذلكَ (صحيح البخاري - ٧٠٨٤) هاوەڵێك لە پێغەمبەری پرسی: چی بکەم کاتێك سەردەمەکە خراپ ئەبێت و بانگەوازکەرانێك خەڵکی بۆ جەهەننەم بانگ ئەکەن؟ فەرمووی: پەیوەستی کۆمەڵەی موسوڵمانان و ئیمامەکەیان ئەبیت. وتی: ئەی ئەگەر کۆمەڵە و ئیمامیان نەبوو؟ فەرمووی: ئەوا لەو کۆمەڵانە هەموو دووربکەوەرەوە، ئەگەرچی خۆت بە ڕەگی دارێکەوە بگریت، هەتا مردن ئەتگاتێ و لەسەر ئەوەیت ﴾.
- ﴿ إنَّ بَني إسرائيلَ افترَقَتْ على ثِنتيْنِ وسَبعينَ فِرقةً، وأنتم تفترِقونَ على مِثلِها، كلُّها في النَّارِ إلَّا فِرقةً (تخريج المسند - ١٢٢٠٨) بەنی ئیسرائیل بەسەر حەفتا و دوو کۆمەڵدا بەش بوو، وە ئێوەش بەسەر هەمان کۆمەڵەدا بەش ئەبن، هەموویان لە ئاگران جگە لە یەکێکیان ﴾.

٢. فەرزکردنی باوەڕبوون و کارکردن بە دیموکراسییەت. وەك لە خاڵی دوو و سێ و چوار لە ماددەی چوارەمدا هاتووە.

+ حەرامێتی کارکردن بە دیموکراسییەتمان باسکرد لە دووەم تێبینیمان لەسەر یەکەم یاسای ئەم دەروازەیە، وە هەشتەم تێبینی لەسەر دووەم یاسا.

٣. دینەکان جیاواز نین و واجبە و مەرجە بە جیاواز نەبینرێن. وەك لە خاڵی پێنج لە ماددەی چوارەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونکە ئیسلام دینی خـوای گەورەیـە و جیایـە لـە هـەموو دینەکانی تر، وە تەنها دینی ئیسلام تەوحیدی تیایە و هەموو دینەکانی تـر شـیرك و کوفریان تیایە، وە تەنها لەرێی ئیسلامەوە عەبدەکان ئەچـنە بەهەشـتەوە، وە خـوای گەورە تەنها ئیسلامی بە دین داناوە و پێی ڕازییە و لە دینی تر ڕازی نییە، ئیتر چۆن دینەکان وەك یەکن؟ وە ئەو بانگەشەیە پێچەوانەی دەق و کوڕایە و کوفرێکی ڕوونە.

- ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ (آل عمران - ١٩) دین لا ی خوا تەنها ئیسلامە ﴾.
- ﴿ وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا (المائدة - ٣) وە ڕازی بووم ئیسلام دینتان بێت ﴾.
- ﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (آل عمـران - ٨٥) وە هەرکەس غەیری ئیسلام بە دین هەڵبژێرێت ئەوا لێی وەرناگیرێت، وە لە قیامەتدا لە دۆڕاوەکانە ﴾.
- ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ (١) لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ (٢) وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ (٣) وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ (٤) وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ (٥) لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ (٦) (الكافرون) بڵێ ئەی کافرینە (١) من ئەوە ناپەرستم کە ئێوە ئەیپەرستن (٢) وە ئێوەش ئەوە ناپەرستن کە من ئەیپەرستم (٣) وە من ئەوە ناپەرستم کە ئێوە ئەیپەرستن (٤) وە ئێوەش ئـەوە ناپەرسـتن کـە من ئەیپەرستم (٥) دینی خۆتان هەیە و بۆ خۆتانە، وە منیش دینی خۆم هەیە (٦) ﴾.
- ﴿ أَفَنَجۡعَلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ كَٱلۡمُجۡرِمِينَ (القلم - ٣٥) ئایـا ئێمـە موسـوڵمانان وەك تاوانبـاران مامەڵەئەکەین ﴾.
- ﴿ وَلَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُخۡلِصُونَ (البقرة - ١٣٩) ئێمـە (ی ئیمانـدار) کردەوەی خۆمان هەیە و ئێوە (ی کافر)ـیش کردەوەی خۆتـان هەیـە، وە جیاوازیـان ئەوەیـە ئێمە بە دڵسۆزییەوە کردەوەکانمان ئەکەین ﴾.

- ﴿ مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ (آل عمران - ٦٧) ئیبراهیم نه جوولەکه بوو نه گاور بەڵکو لەشیرك لایدابوو بۆ تەوحید و موسوڵمان بوو، وه له موشریکان نەبوو ﴾.
- ﴿ وَقَالُوا۟ كُونُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ تَهْتَدُوا۟ ۗ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِـۧمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ (البقرة - ١٣٥) وه وتیان بن به جوولەکه و گاور ئەوسا هیدایەت وەرئەگرن، بڵێ بەڵکو ئێمه لەسەر دینی ئیبراهیمین و له شیرك لاماندراوه، وه ئیبراهیم له موشریکان نەبوو ﴾.
- ﴿ انعقد الإجماع على أن الإسلام هو الدين الذي فرضه الله سبحانه وتعالى على الإنس والجن، وأنه لا دين لله سواه، وأنه ناسخ لجميع الشرائع ولا ينسخه دين بعده أبدا، ومن خالف ذلك كفر بالإجماع. وعليه، فإن من التزم بما جاءت به التوراة أو الإنجيل أو أية ملة أخرى ولم يتبع القرآن لا يقبل منه ذلك، وهو كافر مشرك بالإجماع (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٣٨) كۆڕا دروستبووه لەسەر ئەوەی ئیسلام ئەو دینەیه که خوا فەرزی کردووه لەسەر مرۆڤ و جنۆکه، وه جگه لەو خوا دینی نییه، وه ئەو سڕەرەوەی هەموو شەریعەتەکانه و هیچ دینێك دوای خۆی هەرگیز نایسڕێتەوه، وه هەرکەس سەرپێچی ئەوه بکات کوفری کردووه لای هەمووان. وه لەوەوه، هەرکەس پابەند بێت بەوەی که تەورات یان ئینجیل هێناویەتی یان هەر دینێکی تر و شوێن قورئان نەکەوێت ئەوەی لێ قبوڵ ناکرێت، وه کافر و موشریکه بەبێ ڕاجیایی ﴾.
- ﴿ وأجمع العلماء على كفر من دعا إلى الوحدة بين الأديان (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وه زانایان کۆڕان لەسەر کافرێتی ئەو کەسەی که بانگەشەی یەکگرتن و یەکخستنی دینەکان ئەکات ﴾.

٤. حیزب بۆی هەیه پیتاك کۆبکاتەوه له خەڵك. وەك له خاڵی پێنج له ماددەی سێزدەیەمدا هاتووه.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە جگە لە دەسەڵاتی شەرعی بە مەرجی خۆی، کەس بۆی نییە دەست بۆ سامانی خەڵکی ببات بەبێ بەڵگەی شەرعی و لێیان بسێنێت و باج و پیتاکیان لەسەر واجب بکات. وە سامانی خەڵك لە ئیسلامدا حەرامکراوە لەسەر خەڵك مەگەر حەقی خوای گەورەی تیا بێت.

- ﴿ فإنَّ دِماءَكُمْ وأَمْوالَكُمْ، - قالَ مُحَمَّدٌ: وأَحْسِبُهُ قالَ - وأَعْراضَكُمْ علَيْكُم حَرامٌ (صحيح البخاري - ٤٤٠٦) خوێن و سامان و ناموستان لەسەرتان حەرامە ﴾.

- ﴿ أُمِرْتُ أنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حتَّى يَشْهَدُوا أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، ويُقِيمُوا الصَّلَاةَ، ويُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذلكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وأَمْوَالَهُمْ إلَّا بحَقِّ الإسْلَامِ، وحِسَابُهُمْ علَى اللَّهِ (صحيح البخاري - ٢٥) فەرمانم پێکراوە کە جەنگی خەڵکی بکەم هەتا شایەتمان ئەهێنن و نوێژ ئەکەن و زەکات ئەدەن، جا گەر وایان کرد خوێن و پارەیان لێم پارێزراوە مەگەر بە حەقی ئیسلام، وە لێپرسینەوەیان لەسەر خوایە ﴾.

٥. ڕێزگرتن لە یاساکانی پەرلەمان ئەرکە. وەك لە خاڵی دوو لە ماددەی پازدەیەمدا هاتووە.

+ ئەو یاسایانەی پەرلەمان یان ئەنجوومەنی وەزیران یان هەر لایەن و دەسەڵاتێکی تر هیچ ڕێزێکیان نییە ئەگەر پێچەوانەی دەقی قورئان یان سوننەت یان کۆڕا بن، بەڵکو بە حوکم و بڕیاری نەفامی دادەنرێن.

- ﴿ **أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ** (المائدة - ٥٠) ئایا ئەوانە حوکمی نەفامییان ئەوێت، وە کێ حوکمی لە خوا باشترە بۆ کەسانێك دڵنیا بن ﴾.

- ﴿ يقول تعالى ذكره: أيبغي هؤلاء اليهود الذين احتكموا إليك، فلم يرضوا بحكمك، إذ حكمت فيهم بالقسط. " حكم الجاهلية "، يعني: أحكامَ عبدة الأوثان من أهل الشرك، وعندهم كتاب الله فيه بيان حقيقة الحكم الذي حكمتَ به فيهم، وأنه الحق الذي لا يجوز خلافه. ثم قال تعالى ذكره موبّخا لهؤلاء الذين أبوا قبولَ حُكم رسول الله صلى الله عليه وسلم عليهم ولهم

من اليهود، ومستجهلاً فِعلهم ذلك منهم: ومَن هذا الذي هو أحسن حكماً، أيّها اليهود، مِن الله تعالى ذكره عند من كان يوقن بوحدانية الله، ويقر بربوبيته؟ يقول تعالى ذكره: أيّ حُكمٍ أحسن من حُكم الله، إن كنتم موقنين أن لكم رباً، وكنتم أهل توحيدٍ وإقرار به؟ (تفسير الطبري ٣/ ١١٥) خوای گەورە ئەفەرموێت: ئایا ئەو جوولەکانەی کە حوکمیان هێناوەتە لای تۆ، وە ڕازی نەبوون بە حوکمت، کاتێك بە دادپەروەری حوکمت کردن، " حوکمی نەفامی " یان ئەوێت؟ واتە: حوکمی بت پەرستەکان لە موشریکەکان، وە کتێبی خوایان لەلایە کە ڕوونکردنەوەی ڕاستی حوکمەکەی تیایە کە تۆ لەناویاندا حوکمت داوە پێی، وە ئەوە حەقەکەیە کە نابێت سەرپێچی بکرێت. پاشان خوای گەورە بە سەرزەنشتەوە بەوانەی کە نەیانویست حوکمی پێغەمبەر قبوڵ بکەن لەسەریان و بۆیان لە جوولەکە، وە بە نەفامیدانە پاڵیان لەو کردارەیاندا فەرمووی: وە ئەوە کێیە کە حوکمی باشترە ئەی جوولەکە لە خوای بڵند و بەرز لەلای کەسێك کە یەقینی هەیە بە تاقانەیی خوا، وە دان بە پەروەردگاریتییدا ئەنێت؟ خوای گەورە ئەفەرموێت: چ حوکمێك باشترە لە حوکمی خوا، گەر دڵنیان کە پەروەردگارێکتان هەیە، وە خاوەن تەوحید و دانپیانانن پێی؟ ﴾.

٦. ئەم یاسایە حیزبەکانی پابەند نەکردووە بەوەی پەیڕەوی ناوخۆیان پێچەوانە نەبێت لەگەڵ شەرعدا، یان دژایەتی دینی ئیسلام و دەقەکانی نەکەن.

+ ئەمەش پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە ڕێگەی نەگرتووە لە خراپە و گومڕایی و کوفر.

- ﴿ **وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ** (آل عمران - ١٠٤) با لەناو ئێوەی موسوڵماندا کۆمەڵێك هەبن بانگەواز بکەن بۆ باشە، وە فەرمان بکەن بە چاکە وە ڕێگربن لە خراپە، وە ئەوانەن سەرفراز ﴾.

٧. فەرزکردنی یاساکە لەسەر حکومەت و حیزبەکان. وەك لە ماددەی نۆزدەیەم و بیست و دووەمدا هاتووە.

+ یاسای پێچەوانە بە شەرع حەرامە و کوفرە فەرزبکرێت لەسەر خەڵك، بەپێی ئەو دەق و کۆڕایانەی لە دەروازەی یەکەمدا خستماننە ڕوو.

٨. کارکردن بە یاساکە، وە کار نەکردن بە هیچ دەقێك ئەگەرچی شەرعییش بێت مادەم پێچەوانەی ئەم یاسایەیە. وەك لە ماددەی بیست و یەکەم و بیست و سێیەمدا هاتووە.

+ کار بە یاسای پێچەوانە بە شەرع ناکرێت، وە کارنەکردن بە دەقی شەرعی لە بەرامبەر دەقی یاسایی دەستکرددا کوفرە و پێچەوانەی ئەو دەق و کۆڕایانەیە کە لە دەروازەی یەکەمدا هێنامانن.

## یاسای یانزەیەم:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: یانزە (١١) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: هەشت (٨) دەق.

١. کارکردن بە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧. وەك لە سەرەتای یاساکەدا هاتووە.

- کارکردن بەو یاسایە پێچەوانەی شەرعە، چونکە کاری بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ کردووە و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی لێوە وەرگرتووە. وە سەرپێچییە شەرعییەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ لە تێبینییەکانی دووەم یاسای ئەم دەروازەیەدا خستمانەڕوو.

٢. بەرجەستەکردنی سیستمی فیدرالیزم بۆ کوردستان. وەك لە خاڵی (١) لە ماددەی چوارەمی یاساکەدا هاتووە.

- سیستمی فیدرالیزم شتێکی نامۆیە بە شەرعی ئیسلام بە ناو و ناوەرۆکییەوە، بەتایبەت گەر ناوەرۆکەکەی بریتی بێت لە ڕێگەدان بە دەسەڵاتێك کە یاسا بۆ خۆی دابڕێژێت ئەگەرچی پێچەوانەی شەرعیش بێت. وە ئەوەش پێچەوانەی شەرعی ئیسلامە چونکە قورئان و سوننەت تاکە سەرچاوەی تەشریع و حوکمن و کەس بۆی نییە حوکم دابڕێژێت پێچەوانەی شەرع، وە ئەو حوکمە دەستکردە نەفامییە.

+ وه گەر ناوەڕۆکەکەی ئەوە بێت کە دەسەڵاتی ناوچەیەك سەربەخۆ بێت و نەچێتە ژێر دەسەڵاتی ناوەندیی (مرکزي) وڵاتەوە. ئەوا ئەوە پێچەوانەی سیستمی خیلافەتی ئیسلامە چونکە لە ئیسلامدا سیستەمی وڵات مەرکەزییەتە و پایتەخت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە، وە هەموو ویلایەتەکان بە شەرعی ئیسلام حوکم ئەکەن.

- ﴿ لَمَّا بَعَثَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ مُعَاذَ بنَ جَبَلٍ إلى نَحْوِ أهْلِ اليَمَنِ قالَ له: إنَّكَ تَقْدَمُ علَى قَوْمٍ مِن أهْلِ الكِتَابِ، فَلْيَكُنْ أوَّلَ ما تَدْعُوهُمْ إلى أنْ يُوَحِّدُوا اللَّهَ تَعَالَى، فَإِذَا عَرَفُوا ذلكَ، فأخْبِرْهُمْ أنَّ اللَّهَ قدْ فَرَضَ عليهم خَمْسَ صَلَوَاتٍ في يَومِهِمْ ولَيْلَتِهِمْ، فَإِذَا صَلَّوْا، فأخْبِرْهُمْ أنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عليهم زَكَاةً في أمْوَالِهِمْ، تُؤْخَذُ مِن غَنِيِّهِمْ فَتُرَدُّ علَى فقِيرِهِمْ (صحيح البخاري - ٧٣٧٢) پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم موعاذی نارد بۆ یەمەن و پێی فەرموو: سەرەتا بانگیان بکە بۆ بەتەنیا ناسین و پەرستنی الله، جا گەر ئەوەیان زانی و باوەڕیان پێ هێنا، پێیان بڵێ خوا پێنج نوێژی لەسەر فەرزکردوون لە شەو و ڕۆژێکیاندا، جا گەر نوێژیان کرد پێیان بڵێ خوا زەکاتێکی لەسەر فەرزکردوون لە سامانیاندا، لە دەوڵەمەندیان وەرئەگیرێت و ئەگەڕێنرێتەوە بۆ سەر فەقیرەکانیان ﴾.

- ﴿ وفرّق رسول الله صلى الله عليه وسلم في جميع البلاد التي دخلها الإسلام عمّالا على الصدقات (التاريخ للطبري ٣/ ١٤٧) وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە هەموو ناوچەکاندا کە ئیسلامی تیابوو کاربەدەستانێکی دانابوو لەسەر زەکاتەکان ﴾.

٣. بەرگری کردن لە سەروەری یاسا. وەك لە خاڵی (٣) لە ماددەی چوارەمدا هاتووە.

+ سەروەری بۆ شەرعی ئیسلامە نەك یاسا دەستکرد و نەفامییەکان، وە بەرگری کردن لە یاسا نەفامییەکان کوفرە و حەرامە (المجادلة - ٢٢) (النساء - ٦٠).

٤. بەرگری کردن لە ئازادییە دیموکراسییەکان. وەك لە خاڵی (٤) لە ماددەی چوارەمدا هاتووە.

+ بەرگری کردن لە دیموکراسییەت کوفرە، چونکە دیموکراسییەت دینێکە جیا لە ئیسلام.

وە تەنها ئیسلام شایستەی بەرگری کردن و خۆ فیداکردنە لەسەری (الكافرون ١-٦) (المائدة - ٣) (الصف - ٤) (النساء - ٧٨).

- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَ (التوبة - ١١١) خوا نەفس وماڵی لە باوەڕداران کڕیوە لە بەرامبەر ئەوەدا بەهەشتی پێ بەخشیون، لە پێناو خوادا ئەجەنگن جا ئەکوژن و ئەکوژرێن ﴾.

- ﴿ جاءَ رَجُلٌ إلى النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فَقالَ: الرَّجُلُ يُقاتِلُ لِلْمَغْنَمِ، والرَّجُلُ يُقاتِلُ لِلذِّكْرِ، والرَّجُلُ يُقاتِلُ لِيُرَى مَكانُهُ، فمَن في سَبيلِ اللَّهِ؟ قالَ: مَن قاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هي العُلْيا فَهو في سَبيلِ اللَّهِ (صحيح البخاري - ٢٨١٠) پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر و پرسی: پیاوێك شەڕ ئەكات بۆ دەستكەوتی شەڕ، وە پیاوێك شەڕ ئەكات بۆ ناوبانگ، وە پیاوێك شەڕ ئەكات بۆ دەرخستنی ئازایەتی (ڕیابازی)، جا كامەیان لەپێناو خوادایە؟ فەرمووی: هەركەس شەڕبكات بۆ ئەوەی قسەی خوا (دینی خوا) بەرز بێت، ئەوە لەپێناو خوادایە ﴾.

- ﴿ جاءَ رَجُلٌ إلى النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فَقالَ: يا رسول الله ما القِتال في سبيل الله؟ فَإنَّ أحدَنا يُقاتِلُ غَضَباً، ويُقاتِلُ حَمِيّة. فرفع إليه رأسه قال: وما رفع رأسه إلا أنه كان قائما، فقالَ: مَن قاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هي العُلْيا فَهو في سَبيلِ اللَّهِ عز وجل (صحيح البخاري - ١٢٣) پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر و پرسی: شەڕكردن لەپێناو خوادا كامەیە؟ چونكە تیامانە لە توڕەییا شەڕئەكات، وە تیامانە لەبەر هۆز و عەشرەت شەڕئەكات. فەرمووی: هەركەس شەڕبكات بۆ ئەوەی قسەی خوا بەرز بێت، ئەوە لەپێناو خوای گەورەدایە ﴾.

- ﴿ فَقالَ: أليسَ قَتْلَانَا في الجَنَّةِ وقَتْلَاهُمْ في النَّارِ؟ قالَ: بَلَى (صحيح البخاري - ٣١٨٢) عومەری كوڕی خەطاب لە پێغەمبەری پرسی: ئایا كوژراوەكانی ئێمە لە بەهەشتدا نین و كوژراوەكانی ئەوان لە ئاگردا؟ فەرمووی: بەڵێ ﴾.

٥. له یاساکەدا نەهاتووە کە کار لەسەر ڕۆشنبیری ئاینیی بکرێت بۆ خزمەتی ئاینی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی بەشێوەی دروست و لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر و هاوەڵانی ڕەزای خوایان لێ بێت.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونکە کاری ڕۆژنامە نوسی سەرچاوەیەکی کاریگەرە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی باش و ئاسان بەتایبەت بۆ ئەو جێیانەی دەستی زانایانیان ناگاتێ و سەرچاوەی زانستە شەرعییەکان کز و کەمن تیایان. وە هۆکارێکی ئاوا گرنگ لەپێشترە کە بۆ ئەو کارە پیرۆزە تەرخان بکرێت (النحل - ١٢٥) (آل عمران - ١٠٤).

٦. وەرگرتنی رەسم و پیتاك. وەك لە خاڵی (٤) لە ماددەی بیستەم وە خاڵی (١) و (٢)ی ماددەی بیست و دووەمدا هاتووە.

+ لە چوارەم تێبینیمان لەسەر یاسای دەیەم باسمانکرد.

٧. متمانە لەقکردنی خەڵك بە رژێمی فیدراڵی لە کوردستان قەدەغەیە. وەك لە برگەی (٦)ی ماددەی بیستەم هاتووە.

+ مادەم فیدرالیزم پێچەوانەی شەرعە و نامۆیە پێی، کەواتە خستنەڕووی عەیبەکانی واجبە لەسەر خەڵك بەگشتی و موسوڵمانان بەتایبەتی. وە واجبە بۆ کورد ڕوونبکرێتەوە کە ئەو سیستمە پێچەوانەی شەرعە و، حەرامە ئەو ڕاستییەیان لێ بشاردرێتەوە (آل عمران - ١٠٤).

- ﴿ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ (البقرة - ١٤٠) وە کێ لەو کەسە زاڵمترە کە شایەتییەکی لەلابێت و بیشارێتەوە ﴾.

- ﴿ وَلَا تَكۡتُمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَۚ وَمَن يَكۡتُمۡهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٞ قَلۡبُهُۥ (البقرة - ٢٨٣) وە شایەتی مەشارنەوە وە هەرکەس بیشارێتەوە ئەوا دڵی تاوانبارە ﴾.

- ﴿ وَإِذۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكۡتُمُونَهُۥ (آل عمـران - ١٨٧)

وە خوای گەورە بەڵێنی لە ئەهلی کیتاب وەرگرت، ئەبێت پێغەمبەرایەتی موحەممەد بۆ خەڵك روونبکەنەوە و نەیشارنەوە ﴾.

## یاسای دوانزەیەم:

## یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانی عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: یانزە (١١) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: سێ (٣) دەق.

١. دامەزراندنی هۆبەی سەما. وەك لە بڕگەی (ح) لە خاڵی (١)ی بڕگەی دووەمی ماددەی بیستەم هاتووە.

+ سەماکردن بەتایبەت سەمای ئافرەتان هەرچەندە لە بنەڕەتدا بە مەرجی خۆی ڕێپێدراوە، بەڵام هۆکارە بۆ فیتنە و بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی و کاری حەرام لەم سەردەمەدا. وە هەر شتێك هۆکار بوو بۆ حەرام حەرامە لە شەرعدا. وە لە یاساکەدا هیچ مەرجێکی شەرعی باس نەکراوە و بە ڕەهایی هۆبە و بەشی بۆ کراوەتەوە و ئەوەش نابەجێیە.

- ﴿ قال المرداوي: قَالَ الشَّيْخُ تَقِيُّ الدِّينِ أَيْضًا: كُلُّ فِعْلٍ أَفْضَى إلَى مُحَرَّمٍ كَثِيرًا: حَرَّمَهُ الشَّارِعُ، إذَا لَمْ يَكُنْ فِيهِ مَصْلَحَةٌ رَاجِحَةٌ. لِأَنَّهُ يَكُونُ سَبَبًا لِلشَّرِّ وَالْفَسَادِ. انتهى من "الإنصاف" (٦/٩٠) (موقع: الإسلام سؤال وجواب / حكم الرقص) هەموو کردارێك کە سەر بۆ حەرامێکی زۆر بکێشێت داڕێژەری شەرع حەرامی کردووە، گەر مەسڵەحەتێکی گەورەتری تیا نەبێت. چونکە ئەبێت بە هۆیەك بۆ خراپە و فەساد ﴾.

- ﴿ قال النووي رحمه الله: وَالرَّقْصُ لَيْسَ بِحَرَامٍ، قَالَ الْحَلِيمِيُّ: لَكِنَّ الرَّقْصَ الَّذِي فِيهِ تَثَنٍّ وَتَكَسُّرٌ يُشْبِهُ أَفْعَالَ الْمُخَنَّثِينَ حَرَامٌ عَلَى الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ (موقع: الإسلام سؤال وجواب / حكم الرقص) نەوەوی بەرِەحمەت بێت فەرمووی: سەما حەرام نییە، حەلیمی فەرمووی: بەلاّم سەمایەك خۆلارکردنەوە و شکانەوە و چەمانەوەی تیا بێت وەك کردەوەی ئەوانەی خۆیان بە ئافرەتان ئەچوێنن حەرامە لەسەر پیاوان و ئافرەتان ﴾.
- ﴿ فذهب الحنفية والمالكية والحنابلة والقفال من الشافعية إلى كراهة الرقص، معللين ذلك بأن فعله دناءة وسَفَه، وأنه من مسقطات المرؤة، وأنه من اللهو .. وهذا كله ما لم يصحب الرقص أمر محرم كشرب الخمر، أو كشف العورة ونحوهما، فيحرم اتفاقا .. وقيد الشافعية الإباحة بما إذا لم يكن فيه تكسر كفعل المخنثين وإلا حرم على الرجال والنساء (الموسوعة الفقهية ٢٣/ ١٠) حەنەفییەکان و مالیکی و حەنبەلییەکان و قەففال لە شافیعییەکان لەسەر کەراهەتی سەمان، بەبەهانەی ئەوەی ئەنجامدانی سوکی و بێ ڕەوشتییە، وە لە شکێنەری شەخسییەت و کەسایەتییە، وە لە غافڵکەرەکانە. ئەمە هەمووی گەر لەگەڵ سەمادا شتێکی حەرام نەبێت وەك مەی خواردنەوە، یان دەرخستنی عەورەت، یان هاوشێوەیان، ئەوکاتە حەرامە بە کۆڕا. وە شافیعییەکان ڕێپێدانیان بە بەندێك (مەرج)ـەوە بەستووە ئەویش گەر خۆلارکردنەوە و شکانەوەی تیا نەبێت وەك کردەوەی ئەوانەی خۆیان بە ئافرەتان ئەچوێنن، ئەگینا حەرامە لەسەر پیاوان و ئافرەتان ﴾.

٢. دامەزراندنی هۆبەی هونەرە مۆسیقییەکان. وەك لە خاڵی (٣) لە بڕگەی یەکەمی ماددەی بیستەمدا هاتووە.

+ مۆسیقا لە شەرعدا حەرامە، وە کردنەوەی بەشی تایبەت بۆ خوێندن و فێربوون و ژەنین و گوێگرتنی پێچەوانەی شەرعە و حەرامە. بەڵکو واجبە ئەو شوێنانە دابخرێن.

- ﴿ قال الله تعالى في سورة لقمان: " ومن الناس من يشتري لهو الحديث ليضل عن سبيل الله "، قال حبر الأمة ابن عباس رضي الله عنهما: هو الغناء، وقال مجاهد رحمه الله: اللهو الطبل ( تفسير الطبري ٢١/٤٠ ) (موقع: الإسلام سؤال وجواب / حكم الموسيقى والغناء والرقص) خواى گەورە لە سورەتى لوقماندا فەرموويەتى: " وە لەناو خەڵكيدا كەسانێك هەن خەريكى سەرقاڵكەر و لەهوى قسەن بۆئەوەى ڕێگرى بكەن لە ڕێگاى خوا "، زاناى ئوممەت ئيبن عەبباس ڕەزاى خوايان لىٚ بێت فەرمووى: ئەوە گۆرانييە، وە موجاهيد بەڕەحمەت بێت فەرمووى: لەهو تەپڵە ﴾.
- ﴿ قال ابن القيم رحمه الله: ويكفي تفسير الصحابة والتابعين للهو الحديث بأنه الغناء فقد صح ذلك عن ابن عباس وابن مسعود، قال أبو الصهباء: سألت ابن مسعود عن قوله تعالى: " ومن الناس من يشتري لهو الحديث "، فقال: والله الذي لا إله غيره هو الغناء - يرددها ثلاث مرات - ، وصح عن ابن عمر رضي الله عنهما أيضا أنه الغناء (إغاثة اللهفان ١/ ٢٥٨-٢٥٩) (موقع: الإسلام سؤال وجواب / حكم الموسيقى والغناء والرقص) ئيبن قەيم بەڕەحمەت بێت فەرمووى: وە تەفسيرى هاوەڵان و تابيعى بەسە بۆ لەهوى قسە كە گۆرانييە، وە ئەوە سەلماوە لە ئيبن عەباس و ئيبن مەسعودەوە، ئەبو صەهبائ فەرمووى: لە ئيبن مەسعودم پرسى دەربارەى قسەى خواى گەورە: " وە لەناو خەڵكيدا كەسانێك هەن خەريكى سەرقاڵكەر و لەهوى قسەن "، فەرمووى: سوێند بە الله كە هيچ خوايەك نييە غەيرى ئەو ئەوە گۆرانييە، سىٚ جار دووبارەى كردەوە. وە لە ئيبن عومەريشەوە سەلماوە ڕەزاى خوايان لىٚ بێت كە گۆرانييە ﴾.
- ﴿ وقال تعالى: " واستفزز من استطعت منهم بصوتك " عن مجاهد رحمه الله قال: استَنزِل منهم من استطعت، قال: وصوته الغناء والباطل (موقع: الإسلام سؤال وجواب / حكم الموسيقى والغناء والرقص) وە خوا فەرمووى: " وە گومڕايان بكە بە دەنگەكەت هەركەسيان

كه بتوانيت "، له موجاهيدەوە بەڕەحمەت بێت فەرمووى: لێيان سوك بكه هەركەس بتوانيت، فەرمووى: وە دەنگى گۆرانى و بەتاڵە ﴾.

- ﴿ لَيَكونَنَّ مِن أُمَّتي أقْوامٌ، يَسْتَحِلُّونَ الحِرَ والحَرِيرَ، والخَمْرَ والمَعازِفَ (صحيح البخاري - ٥٥٩٠) له ئوممەتەكەمدا كەسانێك ئەبن داوێن و حەرير و مەى و ئاميرى مۆسيقا حەلاڵ ئەكەن ﴾.

- ﴿ سَمِعَ ابنُ عُمَرَ مِزْمارًا، قال: فوَضَعَ إصبَعَيهِ على أُذُنَيهِ، ونَأى عنِ الطَّريقِ، وقال لي: يا نافِعُ، هل تَسمَعُ شيئًا؟ قال: فقُلْتُ: لا، قال: فرَفَعَ إصبَعَيهِ من أُذُنَيهِ، وقال: كُنتُ مع النَّبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فسَمِعَ مِثلَ هذا، فصَنَعَ مِثلَ هذا (تخريج سنن أبي داود - ٤٩٢٤) ئيبن عومەر گوێى له شمشاڵ بوو، پەنجەكانى خستە سەر گوێى و لەو ڕێيە لايدا، وە بە نافيعى وت: گوێت له هيچە؟ وتى: نەخێر. پاشان پەنجەى لەسەر گوێى لابرد و فەرمووى: لەگەڵ پێغەمبەردا بووم صلى الله عليه وسلم گوێى له هاوشێوەى ئەوە بوو جا هاوشێوەى منى كرد ﴾.

- ﴿ قال ابن القيم رحمه الله: مذهب أبي حنيفة في ذلك من أشد المذاهب، وقوله فيه من أغلظ الأقوال، وقد صرح أصحابه بتحريم سماع الملاهي كلها كالمزمار والدف، حتى الضرب بالقضيب، وصرحوا بأنه معصية يوجب الفسق وترد بها الشهادة، وأبلغ من ذلك أنهم قالوا: أن السماع فسق والتلذذ به كفر، هذا لفظهم، ورووا في ذلك حديثا لا يصح رفعه، قالوا: ويجب عليه أن يجتهد في أن لا يسمعه إذا مر به أو كان في جواره، وقال أبو يوسف في دار يسمع منها صوت المعازف والملاهي: ادخل عليهم بغير إذنهم لأن النهي عن المنكر فرض، فلو لم يجز الدخول بغير إذن لامتنع الناس من إقامة الفرض. إغاثة اللهفان ١/ ٤٢٥ (موقع: الإسلام سؤال وجواب / حكم الموسيقى والغناء والرقص) ئيبن قەيم ڕەحمەتى خواى لێ بێت فەرمووى: مەزهەبى ئەبى حەنيفە لەو بابەتەدا لە توندترين مەزهەبەكانە، وە قسەكەى لە ڕەقترين

قسەکانە، وە هاوەڵەکانی ڕای ئاشکرایان لەسەر داوە بە حەرامێتی گوێگرتن لە سەرقاڵکەرەکان هەمووی وەك شمشاڵ و دەف، تەنانەت لێدان بە لق و پارچە دار، وە وتویانە کە ئەوە تاوانێکی فاسقکەرە و شایەتی پێی ڕەتئەکرێتەوە، وە لەوە ڕوونتر وتویانە: گوێگرتن فیسقە وچێژبینین لێی کوفرە. ئەوە لەفزەکەیانە، وە لەوەدا فەرموودەیەکیان هێناوە لاوازە، وتویانە کە واجبە لەسەری هەوڵ بدات گوێی لێ نەگرێت گەر بەلایدا ڕۆشت یان لەلایدا بوو، وە ئەبو یوسف فەرموویەتی: لە ماڵێکدا گەر دەنگی مۆسیقا و سەرقاڵکەرەکان ئەهات، بچۆرە ژوورەوە بەبێ ئیزنیان چونکە ڕێگری لە خراپە فەرزە، جا گەر چوونە ناو ماڵەکەوە بەبێ ئیزن ڕێپێدراو نەبێت ئەوا خەڵکی ئەوەستن لە ئەنجامدانی فەرزەکە ﴾.

- ﴿ وسئل الإمام مالك رحمه الله عن ضرب الطبل والمزمار، ينالك سماعه وتجد له لذة في طريق أو مجلس؟ قال: فليقم إذا التذ لذلك، إلا أن يكون جلس لحاجة، أو لا يقدر أن يقوم، وأما الطريق فليرجع أو يتقدم. ( الجامع للقيرواني ٢٦٢ )، وقال رحمه الله: إنما يفعله عندنا الفساق ( تفسير القرطبي ١٤/ ٥٥ ) (موقع: الإسلام سؤال وجواب / حكم الموسيقى والغناء والرقص) لە مالیکیان پرسی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەربارەی بیستنی تەپڵێدان و شمشاڵ و چێژبینین لێی لە ڕێگا یان مەجلیسدا. فەرمووی: با هەستێت گەر چێژی لێ بینی، مەگەر دانیشتنێکی ناچاری و پێویست بێت، یان نەتوانێت هەستێت، وە ڕێگاش یان پێشکەوێت یان بگەڕێتەوە. وە فەرمووی: لەلای ئێمە فاسقەکان وا ئەکەن ﴾.

- ﴿ قال ابن القيم رحمه الله في بيان مذهب الإمام الشافعي رحمه الله: وصرح أصحابه العارفون بمذهبه بتحريمه وأنكروا على من نسب إليه حله (إغاثة اللهفان ١/ ٤٢٥)، وقد عد صاحب كفاية الأخيار، من الشافعية، الملاهي من زمر وغيره منكرا، ويجب على من حضر إنكاره (كفاية الأخيار ٢/ ١٢٨) (موقع: الإسلام سؤال وجواب / حكم الموسيقى والغناء والرقص) ئیبن قەیم لە باسی مەزهەبی شافیعیدا فەرمووی: وە هاوەڵە شارەزاکانی بە مەزهەبەکەی

ئاشکرا حەرامێتی ئەو کارەیان باسکردووە، وە نکوڵییان کردووە لەوانەی حەڵاڵێتی ئەو کارەیان داوەتە پاڵی. وە خاوەنی کتێبی (کفاية الأخيار) شمشاڵ و غەیری ئەوی لە سەرقاڵکەرەکان بە خراپە داناوە، وە نکوڵیکردن بە واجب ئەزانێت لەسەر ئەو کەسەی لەلایدا بێت ﴾.

- ﴿ وقال ابن قدامة - محقق المذهب الحنبلي - رحمه الله: الملاهي ثلاثة الضرب محرم، وهو ضرب الأوتار والنايات والمزامير كلها، والعود والطنبور والمعزفة والرباب ونحوها، فمن أدام استماعها ردت شهادته ( المغني ١٠/ ١٧٣ )، وقال رحمه الله: وإذا دعي إلى وليمة فيها منكر، كالخمر والزمر، فأمكنه الإنكار، حضر وأنكر، لأنه يجمع بين واجبين، وإن لم يمكنه لا يحضر ( الكافي ٣/ ١١٨ ) (موقع: الإسلام سؤال وجواب / حكم الموسيقى والغناء والرقص) ئیبن قودامە ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمووی: سەرقاڵکەرەکان سیانن، لێدان حەرامە، ئەویش لێدانی ژێ و نەی و شمشاڵ هەموویان، وە عود و ساز و میعزەف و ڕەباب و هاوشێوەیان، جا هەرکەس درێژە بدات بە گوێگرتنیان شایەتی ڕەتئەکرێتەوە. وە فەرمووی: وە گەر بانگێشتی خوانێك کرا خراپەی تیا بوو، وەك خەمر و مۆسیقا، وە توانی نکوڵی بکات ئەچێت و نکوڵی ئەکات، چونکە دوو واجب کۆئەکاتەوە، وە گەر نەیتوانی ناچێت ﴾.

٣. دامەزراندنی هۆبەی وێنەکێشان و داتاشین و وێنەگرتن. وەك لە بڕگەی (أ) و (ب) و (هـ) لە خاڵی (٤)ی بڕگەی دووەمی ماددەی بیستەم هاتووە.

+ وێنەکێشان و داتاشین و وێنەگرتن حەرامن، وە کردنەوەی بەش و شوێنی تایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە پێچەوانەی شەرعە. وە ئەو وێنە و داتاشراوانە هۆکارێکن بۆ بڵاوبوونەوەی شیرك و پەرستنی غەیری خوای گەورە. وە مەبەست لە وێنە و داتاشراو ئەوانەن کە لە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵدا دروست ئەکرێن، وە دەقی بڕگەکان بە ڕەهایی ڕێگەیان بە وێنە و داتاشین کردووە و ئەو جۆرەیان لێ دەرنەهێناوە.

- ﴿ قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ (الصافات - ٩٥) (ئيبراهيم عليه السلام) پێی وتن ئایا ئێوه عیبادەتی شتانێك ئەكەن كە خۆتان دایانئەتاشن ﴾.

- ﴿ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عنهما، صَارَتِ الأَوْثَانُ الَّتي كَانَتْ في قَوْمِ نُوحٍ في العَرَبِ بَعْدُ أمَّا ودٌّ كَانَتْ لِكَلْبٍ بدَوْمَةِ الجَنْدَلِ، وأَمَّا سُوَاعٌ كَانَتْ لِهُذَيْلٍ، وأَمَّا يَغُوثُ فَكَانَتْ لِمُرَادٍ، ثُمَّ لِبَنِي غُطَيْفٍ بالجَوْفِ، عِنْدَ سَبَإٍ، وأَمَّا يَعُوقُ فَكَانَتْ لِهَمْدَانَ، وأَمَّا نَسْرٌ فَكَانَتْ لِحِمْيَرَ لِآلِ ذِي الكَلَاعِ، أسْمَاءُ رِجَالٍ صَالِحِينَ مِن قَوْمِ نُوحٍ، فَلَمَّا هَلَكُوا أوْحَى الشَّيْطَانُ إلى قَوْمِهِمْ، أنِ انْصِبُوا إلى مَجَالِسِهِمُ الَّتي كَانُوا يَجْلِسُونَ أنْصَابًا وسَمُّوهَا بأَسْمَائِهِمْ، فَفَعَلُوا، فَلَمْ تُعْبَدْ، حتَّى إذَا هَلَكَ أُولَئِكَ وتَنَسَّخَ العِلْمُ عُبِدَتْ (صحيح البخاري - ٤٩٢٠) ئیبن عەباس ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: بتەكانی قەومی نوح دواتر هاتە ناو عەرەبەوە، بتی وەد بۆ هۆزی كەلب، وە سواع بۆ هوذەیل، وە یەغوث بۆ موراد، پاشان بۆ بەنی غوطەیف لەلای سەبەئـ، وە یەعوق بۆ هەمەدان، وە نەسر بۆ ئالی ذیل كەلاع، ئەوانە ناوی پیاوچاكانی قەومی نوح بوون، جا كاتێك مردن شەیتان بە قەومەكەیانی وت لەو جێیانەی تیایا دائەنیشتن بت داتاشن و بەناویانەوە ناویان بنێن، ئەوانیش وایان كرد، جا نەپەرستران هەتا ئەو قەومە مردن و زانست نەما پەرستران ﴾.

- ﴿ أنَّهَا اشْتَرَتْ نُمْرُقَةً فِيهَا تَصَاوِيرُ، فَلَمَّا رَآهَا رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قَامَ علَى البَابِ، فَلَمْ يَدْخُلْهُ، فَعَرَفْتُ في وجْهِهِ الكَرَاهِيَةَ، فَقُلتُ: يا رَسولَ اللَّهِ أتُوبُ إلى اللَّهِ، وإلَى رَسولِهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ مَاذَا أذْنَبْتُ؟ فَقالَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: ما بَالُ هذِه النُّمْرُقَةِ؟ قُلتُ: اشْتَرَيْتُهَا لكَ لِتَقْعُدَ عَلَيْهَا وتَوَسَّدَهَا، فَقالَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: إنَّ أصْحَابَ هذِه الصُّوَرِ يَومَ القِيَامَةِ يُعَذَّبُونَ، فيُقَالُ لهمْ أحْيُوا ما خَلَقْتُمْ وقالَ: إنَّ البَيْتَ الذي فيه الصُّوَرُ لا تَدْخُلُهُ المَلَائِكَةُ (صحيح البخاري - ٢١٠٥) عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت دۆشەكێكی كڕی ڕەسمی تیا بوو، جا كاتێك پێغەمبەری خوا بینی لای دەرگاكە وەستا و نەهاتە ژوورەوە، وە

عائیشه له ڕوخساریدا ڕق و تووڕەیی بینی، وتی: پێغەمبەری خوا تۆبه ئەکەم بۆ لای خـوا وه پێغەمبەرەکەی، چ تاوانێکم کردووه؟ فەرمووی: ئەم دۆشەکه چییه؟ وتی: بۆ تۆم کڕیوه هـەتا لەسەری دانیشیت و ڕاکشێیت. فەرمووی: ئەوانەی ئەم ڕەسمانەیان دروستکردووه له قیامەتـدا ئەشـکەنجه ئـەدرێن، جـا پێیـان ئـەوترێت ئـەوەی دروسـتتانکردووه زینـدووی بکەنـەوه. وه فەرمووی: ئەو ماڵەی وێنەی تیایه فریشتەی تێ ناچێت ﴾.

- ﴿ دَخَلَ عَلَيَّ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ، وَقَدْ سَتَرْتُ سَهْوَةً لي بقِرَامٍ فيه تَمَاثِيلُ، فَلَمَّا رَآهُ هَتَكَهُ وَتَلَوَّنَ وَجْهُهُ وَقالَ: يا عَائِشَةُ أَشَدُّ النَّاسِ عَذَابًا عِنْدَ اللهِ يَـومَ القِيَامَـةِ، الَّـذِينَ يُضَـاهُونَ بخَلْقِ اللَّهِ. قالَتْ عَائِشَةُ: فَقَطَعْنَاهُ فَجَعَلْنَا منه وِسَادَةً، أَوْ وِسَادَتَيْنِ (صحيح مسلم - ٢١٠٧)

پێغەمبەری خوا هاته لای عائیشه و ئەویش تاقێکی به پەردەیەك داپۆشیبوو که وێنـەی تیـا بوو، جا کاتێك پێغەمبەر بینی لێی کـردەوه و ڕەنگـی ڕووی گـۆڕا، وه فـەرمووی: عائیشـه سەختترین ئەشکەنجەی کەسێك له قیامەتدا لای خوا ئەوانەن هاوشێوەی دروستکراوەکانی خوا ئەکەن. جا پەردەکەیان بڕی و یەك دوو دۆشەکیان لێ دروستکرد ﴾.

- ﴿ أنَّ أُمَّ حَبِيبَةَ، وأُمَّ سَلَمَةَ ذَكَرَتا كَنِيسَةً رَأَيْنَها بالحَبَشَةِ فيها تَصاوِيرُ، فَذَكَرَتا للنَّبِيِّ صَـلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فقالَ: إنَّ أُولَئِكَ إذا كانَ فِـيهِمُ الرَّجُـلُ الصَّـالِحُ فَمـاتَ، بَنَـوْا علـى قَبْـرِهِ مَسْـجِدًا، وصَوَّرُوا فيه تِيكَ الصُّوَرَ، أُولَئِكَ شِرارُ الخَلْقِ عِنْدَ اللَّهِ يَومَ القِيامَةِ (صحيح البخاري - ٣٨٧٣)

ئوم حەبیبه و ئوم سەلەمه باسی کەنیسەیەکیان بۆ پێغەمبەر کرد له حەبەشه که وێنـەی تیـا بـووه، فـەرمووی: ئەوانـه گـەر پیاوچـاکێکیان تیـا بووایـه و بمردایـه لەسـەر قەبرەکـەی مزگەوتێکیان دروستئەکرد و ئەو وێنانەیان تیا دروستئەکرد، ئەوانه خراپترین کەسن لای خـوا له قیامەتدا ﴾.

- ﴿ دَخَلَ النبـيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسـلَّمَ مَكَّـةَ، وحـولَ البَيْـتِ سِـتُّونَ وثَلَـاثُ مِئَـةِ نُصُـبٍ، فَجَعَـلَ يَطْعُنُهَا بعُودٍ في يَدِهِ، ويقولُ: جَاءَ الحَقُّ وزَهَقَ البَاطِلُ، إنَّ البَاطِلَ كانَ زَهُوقًـا، جَـاءَ الحَقُّ ومـا

يُبْدِئُ البَاطِلُ وما يُعِيدُ (صحيح البخاري - ٤٧٢٠) پێغەمبەری خوا چووە مەککەوە و لە چواردەوری کەعبەدا سێ سەد و شەست بت هەبوو، جا بە دارێك لێیانی ئەدا و ئەیفەرموو: جَاءَ الحَقُّ وزَهَقَ البَاطِلُ، إنَّ البَاطِلَ كانَ زَهُوقًا، جَاءَ الحَقُّ وما يُبْدِئُ البَاطِلُ وما يُعِيدُ ﴾.

- ﴿ أنَّ النبيَّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، لَمَّا رَأَى الصُّوَرَ في البَيْتِ لَمْ يَدْخُلْ حتَّى أَمَرَ بهَا فَمُحِيَتْ (صحيح البخاري - ٣٣٥٢) کاتێك پێغەمبەر وێنەکانی لە کەعبەدا بینی نەچووە ناویەوە هەتا فەرمانی کرد و سڕییانەوە ﴾.

- ﴿ يباح تصوير الشجر ونحوه، مما لا روح فيه، ولا تحرم صنعته ولا التكسب به سواء الشجر المثمر وغيره، وهذا مذهب العلماء كافة، إلا مجاهداً فإنه كره تصوير الشجر المثمر (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٥٦٨) وێنەکێشانی درەخت و هاوشێوەی ڕێپێدراوە لەوانەی ڕۆحیان تیا نییە، وە دروستکردن و پارە پەیاکردن لێوەی حەرام نییە، جا درەختی بەردار بێت یان هی تر، وە ئەوە ڕێبازی هەموو زانایانە جگە لە موجاهید، ئەو وێنەکێشانی درەختی بەرداری بە حەرام زانیوە ﴾.

- ﴿ إن تصوير صورة الحيوان حرام شديد التحريم، وهو من الكبائر، سواء أكان التصوير في ثوب، أم دينار، أم جدار، أم غير ذلك. وهذا هو قول العلماء (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٥٦٩) کێشانی وێنەی ئاژەڵ حەرامە حەرامێکی توند، وە لە تاوانە گەورەکانە، جا وێنەکە لە جل یان دینار یان دیوار یان هی تردا بێت، وە ئەوە قسەی هەموو زانایانە ﴾.

- ﴿ إن الإجماع على أن الصور إن كانت ذات أجسام (تماثيل) حرام يجب تغييرها، سواء أكانت مما يمتهن أم لا. وقال بعض السلف بالرخصة في اللُّعب لصغار البنات (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٥٧٠) کۆڕا لەسەر ئەوەیە کە وێنە گەر هی خاوەن جەستە بێت (پەیکەر) حەرامە و واجبە بگۆڕدرێت، جا لەوانە بێت کە سوکایەتییان پێ ئەکرێت (واتە لە جێیەکدا

دابنرێت كە قاچی پیا بنرێت یان هاوشێوەی لە سوككردنی وێنەكە) یـان نـا، وە بەشـێك لـە پێشینان ڕێیان بە یاری داوە بۆ كچی منالْ ﴾.

- ﴿ تحريم بيع الأصنام عليه العمل عنـد أهـل العلـم (موسـوعة الإجمـاع في الفقـه الإسـلامي - ٢٥٧١) حەرامێتی فرۆشتنی بت و پەیكەر كاری زانایانی لەسەرە ﴾.

# یاسای سیانزەیەم:

## یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای باجی خانووبەرە (عقار)ی هەرێمی کوردستان.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: شەش (٦) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: دوو (٢) دەق.

١. دانانی باج لەسەر ئەو کەسانەی مامەڵە بە موڵکی خانووەوە دەکەن، لە نرخەکەی لە کاتی کڕین و فرۆشتندا. وەك لە ماددەی یەکەم و هۆیە پێویستەکانی یاساکەدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە، چونکە ئەسڵ لە سامانی خەڵکیدا بەریئییانە لە هەموو باج و زەکات و لێ سەندنێك. وە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی ڕاست و ڕوون نییە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و هاوەڵانی کە ئەو کارە ڕێپێدراو بێت. بەڵکو دەق و کۆڕا پێچەوانەی ئەوەن و حەرامیان کردووە. وە سامانی خەڵکی حەرامە دەستیان بۆ ببرێت بەبێ بەڵگە و لە شتێکدا کە حەرامە.

- ﴿ فإنَّ دِماءَكُمْ وأَمْوالَكُمْ، وأَعْراضَكُمْ علَيْكُم حَرامٌ (صحيح البخاري - ٤٤٠٦) جا خوێن و سامان و ناموستان حەرامە لەسەرتان ﴾.
- ﴿ أُمِرْتُ أنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حتَّى يَشْهَدُوا أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، ويُقِيمُوا الصَّلَاةَ، ويُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذلكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وأَمْوَالَهُمْ إلَّا بحَقِّ الإسْلَامِ، وحِسَابُهُمْ علَى اللَّهِ (صحيح البخاري - ٢٥) فەرمانم پێکراوە کە جەنگی خەڵکی بکەم هەتا

شایەتمان ئەهێنن و نوێژ ئەکەن و زەکات ئەدەن، جا گەر وایان کرد خوێن و پارەیان لێم پارێزراوە مەگەر بە حەقی ئیسلام، وە لێپرسینەوەیان لەسەر خوایە ﴾.

- ﴿ لا يدخُلُ الجَنَّةَ صاحبُ مَكْسٍ (تخريج سنن أبي داود - ٢٩٣٧) (المسند - ١٧٢٩٤) خاوەن باج و سەرانە ناچێتە بەهەشتەوە ﴾.

- ﴿ اتفقوا على أن المراصد الموضوعة للمغارِم على الطرق، وعند أبواب المدن، وما يؤخذ في الأسواق من المكوس على السلع المَجلوبة من المارّة والتجار، ظُلمٌ عَظيمٌ، وَحَرامٌ، وَفِسقٌ، حاشا ما أخذَ على حكم الزكاة، وباسمها من المسلمين من حَولٍ إلى حول مما يتجرون به (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٧٦١) کۆڕان لەسەر ئەوەی ئەو چاودێرانەی کە بۆ سەرانە لەسەر ڕێگاکان دانراون یان لە دەروازەی شارەکاندا، وە ئەوەی لە بازاڕدا لە باج لەسەر کاڵای هێنراو ئەسەنرێت لە پیادە و بازرگان، زوڵمێکی گەورەیە و حەرامە و فیسقە، جگە لەوەی بە حوکمی زەکات و بەناویەوە لە موسوڵمانان وەرئەگیرێت ساڵ بۆ ساڵ لەوەی بازرگانی پێوە ئەکەن ﴾.

- ﴿ الأموال السلطانية التي أصلها في الكتاب والسنة ثلاثة أصناف: الغنيمة، والصدقة، والفيء. فأما الغنيمة فهي المال المأخوذ من الكفار بالقتال .. وأما الصدقات فهي لمن سمى الله تعالى في كتابه .. إن الفيء هو ما أخذ من الكفار بغير قتال (السياسة الشرعية لابن تيمية – ٢٨، ٣٢، ٣٤) سامانە دەوڵەتییەکان ئەوانەی کە بنەمایان هەیە لە قورئان و سونەتدا سیانن: دەستکەوتی جەنگ لە کافران (غەنیمە)، وە زەکات، وە دەستکەوت لە کافران بەبێ جەنگ (فەیئ) ﴾.

## یاسای چواردەیەم:

## یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: نۆ (٩) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: دوو (٢) دەق.

١. ڕەنگی سپی لە ئاڵای کوردستاندا هێمای دیموکراسییە. وەك لە بڕگەی (٢)ی ماددەی یەکەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە نابێت میللەتی موسوڵمان ئاڵای کوفر هەڵبڕن. وە ئاڵا تەعبیر لە بیروبۆچوونی خەڵکەکە ئەکات و، ئەمەش وا نیشان ئەدات کە خەڵکی کوردستان لەسەر دینی کوفرین بۆیە ئاڵاکەیان تەعبیر لەو کوفرە ئەکات. وە موسوڵمان ئەبێت بەری بێت لە کوفر بە هەموو شێوە و وێنەیەك، لە قسە و کردار و شیعار و ئاڵا و هتد.

- ﴿ **فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّـٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا** (البقرة - ٢٥٦) جا هەرکەس کوفر بە تاغوت بکات و باوەڕ بە خوا بهێنێت ئەوە دەستی بە پەتی بەهێزەوە گرتووە کە پچڕانی نییە ﴾.

- ﴿ **وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِي بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ** (الزخرف - ٢٦) وە کاتێك ئیبراهیم بە باوك و قەومەکەی وت من بەریم لەو بتانەی ئەیپەرستن ﴾.

- ﴿ **قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُوا۟ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُا۟ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ**

تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ (الممتحنة - ٤) له ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون پێشەوایەتییەکی باشتان بۆ هەیە، کاتێك کە بە قەومەکەیان وت ئێمە بەرین لە ئێوە و لەوانەی ئەیانپەرستن لەگەڵ خوادا، بێ باوەڕین بە دینی ئێوە و لەنێوانماندا دوژمنایەتی و ڕق دروست بوو بۆ هەمیشە هەتا باوەڕ بە خوا ئەهێنن بێ شەریك ﴾.

- ﴿ ألا إنَّ كلَّ شيءٍ من أمرِ الجاهليةِ تحتَ قدمي موضوعٌ (صحيح الجامع - ٢٠٦٨) هەموو شتێك لە بابەتی نەفامی لە ژێر پێمدا دانراوە ﴾.
- ﴿ مَن قالَ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وكَفَرَ بما يُعْبَدُ مِن دُونِ اللهِ، حَرُمَ مالُهُ ودَمُهُ، وحِسابُهُ علَى اللَّهِ (صحيح مسلم - ٢٣) هەرکەس بڵێت: لا ئیلاهە ئیللەڵا، وە کافر بێت بەو شتانەی غەیری خوا ئەپەرسترێن، سامان و خوێنی حەرام بووە، وە لێپرسینەوەی لەسەر خوایە ﴾.

٢. تیشکەکانی خۆری ئاڵای کوردستان هێمای جەژنی نەورۆزن. وەك لە برگەی (٣)ی ماددەی یەکەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونکە موسوڵمانان تەنها دوو جەژنیان هەیە ئەویش ڕەمەزان و قوربانە. وە نەورۆز جەژنی موسوڵمانان نییە. وە هەر شتێکی تر بە جەژن دابنرێت بەتاڵە و پێویستی بە بەڵگەی شەرعی هەیە. وە موسوڵمان نابێت بەشداری جەژنی دینەکانی تربێت. وە نابێت ئاڵاکەی بیروباوەڕی دینەکانی تر لەخۆی بگرێت، لەبەر هەمان هۆی تێبینی پێشوو.

- ﴿ للمسلمين عيدان هما: عيد الفطر من رمضان .. وعيد الأضحى .. وليس للمسلمين عيد غيرهما إلا يوم الجمعة، وثلاثة أيام بعد يوم الأضحى. وهذا لا خلاف فيه بين أهل الإسلام (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٩٨٤) موسوڵمانان دوو جەژنیان هەیە ئەوانیش: جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربانە، وە موسوڵمانان جەژنیان نییە غەیری ئەو دووانە جگە لە ڕۆژی جومعە. وە ئەوە ڕاجیایی تیا نییە لە نێوان موسوڵماناندا ﴾.

## یاسای پانزەیەم:

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عێراقیدا.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: پانزە (١٥) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: هەشت (٨) دەق.

١. وەزارەتی مافی مرۆڤ کۆشش ئەکات لەپێناو چەسپاندنی داب و دەستوور و دروشمی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. وەك لە خاڵی (٢)ی ماددەی دووەمدا هاتووە.

- بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کە دەوڵەتێکی دیموکراتی دابمەزرێت، وە لەم دەوڵەتەدا هەموو کەسێك ئەرك و مافی یەکسان بێت و، هیچ جۆرە جیاوازییەکیان نەبێت مادەم خاوەن ڕەگەزنامەی هەمان وڵاتن، وە ئاین تەدەخول ناکات لە دەسەڵاتدا (العلمانية، الليبرالية، الديمقراطية، الدولة المدنية في ميزان الإسلام - ٢٨). وە ئەمەش پێچەوانەی شەرعە چونکە دیموکراتییەت کوفرە و دینێکی ترە جیا لە ئیسلام، وە غەیری ئیسلام نابێت کاری پێ بکرێت، وەك لە دووەم تێبینیمان لەسەر یاسای یەکەمی ئەم دەروازەیە باسمانکرد.
- وە خەڵکی بمانەوێت یان نا جیاوازن لە ڕووی ڕەگەز و ئاین و هتد، وە ئاینی ئیسلام بەپێی جیاوازییەکانیان ئەرك و مافی بەسەردا داون و وەك یەك سەیری نەکردوون، بۆنموونە پیاو جیایە لە ئافرەت، وە کافر جیایە لە ئیماندار. وە یەکسانکردنی ئەوانە

بە ڕەهایی پێچەوانەی شەرعە، وە خوای گەورە خۆی شارەزاترە بە ماف و ئەرکی عەبدەکانی.

- ﴿ وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ (آل عمران - ٣٦) وە نێر وەك مێ نییە ﴾.
- ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ (النساء - ٣٤) پیاوان بالادەست و سەرپەرشتن بەسەر ئافرەتانەوە بەهۆی ئەوەی خوا فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکیاندا، وە بەهۆی ئەوەی کە لە ماڵی خۆیان ئەبەخشن (نەفەقە، مارەیی) ﴾.
- ﴿ قَٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَٰغِرُونَ (التوبة - ٢٩) کوشتاری ئەوانە بکەن کە باوەڕیان بە خوا و قیامەت نییە، وە ئەوە حەرام ناکەن کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە، وە بە دینی حەقی ئیسلام دینداری ناکەن، لەوانە کە ئەهلی کیتابن هەتا جزیە ئەدەن و بێ دەسەڵات و زەلیلن ﴾.
- ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ (الملك - ١٤) ئایا خوا ئاگادار و شارەزای ئەوانە نییە کە دروستی کردوون، وە خۆی بەبەزەیی و شارەزا و ئاگادارە ﴾.
- ﴿ قُلْ أَتُعَلِّمُونَ ٱللَّهَ بِدِينِكُمْ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ (الحجرات - ١٦) بڵێ ئایا ئێوە خوا فێری دینەکەتان ئەکەن، لەکاتێکدا خوا ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە ئەیزانێت، وە خوا ئاگاداری هەموو شتێکە ﴾.
- ﴿ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلْأَرْضِ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ (یونس - ١٨) بڵێ ئایا ئێوە هەواڵ بە خوای گەورە ئەدەن، کە هەر خۆی زانایە بە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، پاکی و بڵندی بۆ ئەو لەو شەریکانەی بۆی دائەنێن ﴾.

+ وە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەشەوە کە ئیسلام لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدارە و شەریعەتی داناوە بۆ ئەوە، وە لابردن و کەنارخستنی دین لە دەسەڵات پێچەوانەی شەرعە (ص - ٢٦) (الأنعام - ١٥٥) (النساء - ٦٥) (المائدة — ٤٤، ٤٨، ٤٩) (الأحزاب - ٣٦) (البقرة - ٨٥).

+ وە پێچەوانەی شەرعە چونکە ڕەگەزپەرستی و وڵات و ناوچەچێتی حەرامە لە ئیسلامدا و، مادەم کەسەکە مرۆڤە و نێر یان مێیە، کافر یان موسوڵمانە ئەرك و مافی خۆی هەیە و مافی نەفەوتاوە ئەگەرچی ڕەگەزنامەی وڵاتەکەشی نەبێت.

- ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَـٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (الحجرات - ١٣) ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان دروستکردووە لە نێر و مێیەك، وە کردوومانن بە چەند هۆز و تیرەیەکەوە هەتا یەکتر بناسن بەڕێزترینتان لای خوا بەتەقواترینتانە، خوای گەورە زانا و شارەزایە ﴾.

+ وە پێچەوانەی شەرعە چونکە لە ئیسلامدا بە دادپەروەری حوکم ئەکرێت لەنێوان خەڵکیدا نەوەك یەکسانی.

- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا۟ ٱلْأَمَـٰنَـٰتِ إِلَىٰٓ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُوا۟ بِٱلْعَدْلِ (النساء - ٥٨) خوا فەرمانتان پێ ئەکات کە ئەمانەتەکان بگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان، وە گەر حوکمتان کرد لەناو خەڵکدا بە دادپەروەری حوکم بکەن ﴾.

٢. وەزارەتی مافی مرۆڤ پشت بە یاسا و دەستوورە دەستکردەکانی مرۆڤ ئەبەستێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەدا مافی مرۆڤ دیاری ئەکات. وەك لە خاڵی (٣) و (٥) و (٧) و (٨)ی ماددەی دووەم و ماددەی سێیەم و هۆکارە زەرووڕەکاندا هاتووە.

- ئەمەش پێچەوانەی شەرعە چونکە خوای گەورە مافی مرۆڤەکانی دیاریکردووە و هەر کەسێکی تر یاسا دابنێت پێچەوانەی دەقی شەرعی بڕیارێکی نەفامییە و پەنابردن بۆی کوفرە (النساء - ٦٠) (الملك - ١٤) (المائدة - ٥٠) (النور - ٦٣).

٣. وەزارەتی مافی مرۆڤ چاودێری یاساکانی هەرێم ئەکات هەتا دژ نەبێت لەگەڵ مافی مرۆڤ و ئازادییەکاندا. وەك لە خاڵی (٤)ی ماددەی دووەمدا هاتووە.

- گەر چاودێریێك هەبێت بەسەر یاسا دەرچوو و بەرکارەکانی کوردستانەوە لایەنی کەم ئەبێت وەزارەتی ئەوقاف بێت و، نەهێڵێت دەق و بڕگە ماددەی یاساکان پێچەوانەی شەرعی ئیسلام بن، نەك وەزارەتی مافی مرۆڤ یاساکان بەراورد بکات بە یاسا دەستکردەکان و ئەوان پێوەری ڕاست و دروستییان بن. وە ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە شەرعی ئیسلامی پەك خستووە و یاسای نەفامیی کردووە بە پێوەر لەبری دەقی شەرعی. وە ئەوەش پێچەوانەی دەقەکانی دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەیە.

## یاسای شانزەیەم:

## یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠١) سزادانی هەر پیاوێك کە لە دەرەوەی دادگا مارەی ژن بکات.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: شەش (٦) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: یەك (١) دەق.

١. بەپێی ئەم یاسایە گەر پیاوێك لەلای مەلایەك یان بێ ئەوەش بە ڕێوڕەسمێکی شەرعی ژن مارە بکات سزا ئەدرێت بە سجن یان غەرامەی ماددی. وە گەر ژنەکە ژنی دووەم یان سێهەم یان چوارەم بوو، ئەوا پیاوەکە سزاکەی توندترە بە زیادکردنی ماوەی سجنەکە لەسەری. وەك لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە.

- ئەم یاسایە پێچەوانەی شەرعە چونکە لە شەرعدا مەرج نییە بۆ ئەوەی عەقدی هاوسەرگیری دروست و تەواو بێت لە دادگا ئەنجامبدرێت یان دەوڵەت ئاگاداری بێت. وە گەر یاساکە لەو ڕووەشەوە دەرکرابێت کە: " باشترە لەم سەردەمەدا گرێبەستەکان لە دادگادا تۆمار بکرێن بۆ پاراستنی مافی هاوسەرەکان ". ئەوا ئەو بڕیارە شتێکی باشە بەڵام پێویست ناکات سزا دابنرێت لەسەر نەکردنی ئەو کارە، یان بێ بەڵگە واجب بکرێت لەسەر هاوسەرەکان، چونکە دوو هاوسەرەکە کارێکی ناشەرعییان نەکردووە و، گرێبەستەکەیان دروستە بە مەرجی خۆی (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٣١). وە مادەم گرێبەستەکە دروستە و، لایەنەکانی گرێبەستەکەش

به ڕەزامەندی خۆیان نەهاتوون بۆ تۆمارکردنی گرێبەستەکە لای دەوڵەت، هیچ هۆکارێکی شەرعی و ڕەوا نابینم لە سزادانی پیاوەکە یان هەر لایەنێکی گرێبەستەکەدا، بەڵکو ئەوە ستەمە و ناشەرعییە.

- ﴿ أجمعوا على أن النكاح يجوز دون إذن السلطان (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٥١) کۆڕان لەسەر ئەوەی کە هاوسەرگیری ڕێپێدراوە بەبێ ڕەزامەندی سوڵتان ﴾.

+ لایەنێکی تری ناشەرعی لە یاساکەدا سزادانی موسوڵمانانە لەسەر پابەندبوونیان بە ئیسلامەوە. لەو ڕووەوە کە لە شەرعی ئیسلامدا ڕێوشوێنی تایبەت هەیە بۆ گرێبەستی شەرعی و، بەپێی ئەم یاسایە هەرکەس بەو ڕێوشوێنانەوە پابەند بێت و بە یاساکەوە پابەند نەبێت سزا ئەدرێت. ئەمەش زوڵمە و دژایەتی ئیسلام و حوکمە شەرعییەکانە و، حەرامە و کوفرە (المائدة - ٣٣) (البقرة - ٨٥).

+ وە لایەنێکی تری ناشەرعی ئەوەیە کە، شێوازی دارشتنی ماددەکە و توندکردنی سزاکە لەسەر ئەو پیاوەی کە هاوسەرگیری دووەم و سێهەم و چوارەم ئەکات، ئەوە نیشان ئەیات کە فرەژنی تاوانە و تاوانێکی گەورەشە، هەربۆیە سزاکە توندتر کراوە لەسەر ئەو کەسەی فرەژنییەکەی لەلای دادگا نەکردووە. لەکاتێکدا فرەژنی کارێکی شەرعییە و دەق و کۆڕای لەسەرە. وە بۆ هیچ لایەن و کەس و حکومەتێك نییە بە تاوان حسابی بکات و موسوڵمانی لەسەر سزا بدات.

- ﴿ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تُقۡسِطُواْ فِي ٱلۡيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ (النساء - ٣) وە گەر ترسان لەوەی دادپەروەر نەبن لەگەڵ ئەو کچە هەتیوانەی سەرپەرشتییان ئەکەن و ویستی نیکاحیانتان هەیە، ئەوە جگە لەوان مارە بکەن لە ئافرەتانی تر کە خۆتان بە باشی ئەزانن دووان و سیان و چوار ﴾.

- ﴿ اتفق المسلمون على أن المسلم، الحر، البالغ، العاقل، العفيف، الصحيح، غير المحجور، لـه أن ينكح معاً أربعاً من النساء الحرائر، غير زوان، صحائح (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٩٨) موسوڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی موسوڵمانی سەربەستی باڵغی عاقڵی داوێنپـاکی ساغی ڕێلێنەگیراو (لەلایەن سەرپەرشت یان دەوڵەتەوە)، بـۆی هەیـە پێکـەوە چـوار ئـافرەتی سەربەستی داوێنپاکی ساغ مارە بکات ﴾.

+ سجنکردن لە شەرعدا سزای هیچ تاوانێـك نییـە، وە ئـەوە پێچـەوانەی شـەرعە کـە تاوانبارێك سزاکەی سجن کردن بێـت مەگـەر بـە بەڵگـەی شـەرعی لـە قورئـان یـان فەرموودە یان کۆڕا.

+ سەرپێچییەکی تر جیاوازی کردنە لە نێـوان ڕەگەزەکانـدا هەرچـەندە هـەمان کاریـان کردووە بە سزادانی پیاوەکە دوور لە ژنەکە. کـە ئەمـە هەرچـەندە تـاوان نییـە گـەر هاوسەرگیری بکرێت بە مەرجە شەرعییەکان لە دەرەوەی دادگا وەك وتمان، بەڵام گـەر تاوان بێت نابێت ئافرەتەکە لە سزا بێ بەش بێت. ئەمەش پێچەوانەی شەرعە چـونکە تاوانبار سزا ئەدرێت گەر تاوانەکەی لەسەر بچەسپێت بێ ڕەچاوکردنی ڕەگـەز و ئـایین و، بێ چاوپۆشی کردن لە هیچ کەس.

## یاسای حەڤدەیەم:

## یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠١) بەدەرکردنی ژن لە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەمووارکراوی ساڵی ١٩٦٩.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: حەوت (٧) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: یەك (١) دەق.

١. لەو دەقەی کە لە یاسای سزاکانی عێراقدا بە کوردییەکەی ئەڵێت: " تاوان نییە بەڵکو مافێکی یاساییە گەر مێرد ئەدەبی ژنەکەی دابدات، وە دایك و باوکان و مامۆستاکان و ئەوەی لە حوکمی ئەواندان ئەدەبی منداڵ دابدەن، لە چوارچێوەی بڕیاردراوی شەرع یان یاسا یان عورف (ماددەی ٤١ بڕگەی ١) ". ئافرەت دەرکراوە و حوکمەکە نایگرێتەوە. وەك لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە.

+ ئەمەی پەرلەمانی کوردستان کردوویەتی پێچەوانەی شەرعە، چونکە لە شەرعدا ڕێگە بە مێرد دراوە کە ڕێگە و هەنگاوی شەرعی بگرێتە بەر لەکاتی نوشوزی ئافرەتەکەیدا، وە بڕگەی یاسا عێراقییەکە لەو ڕووەوە پێکاوێتی و هەڵە نییە. وە خۆزگە پەرلەمانی کوردی بەم شێوەیە ئەو بڕگەیەیان داڕشتبوایەتەوە گەر بەدوای هەڵە و کەموکورتی چاککردنی یاساکانەوەن: " تاوان نییە بەڵکو مافێکی شەرعییە گەر مێرد ئەدەبی ژنەکەی دابدات گەر هەڵەیەکی کرد، وە دایك و باوکان و مامۆستاکان و ئەوەی لە حوکمی ئەواندان ئەدەبی منداڵ دابدەن، لە چوارچێوەی

بڕیاردراوی شەرع یــان عــورف و، بــەبێ ســنوربەزاندن و فەوتانــدنی مافیــان، وە بــە پێشخستنی ڕێگای شەرعی بەسەر ڕێگــای عورفیــدا گــەر لێككگیربــوون. وە بــۆ ژن و منداڵ هەیە داوای مافیان بكەن گەر مافیان خورا بەهۆ یــان بیــانووی ئەدەبدانیانــەوە ".

- ﴿ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّ (النسـاء - ٣٤) وە ئەو ئافرەتانەی كە ئێوە ترسی نوشوزیانتان هەیە، ئامۆژگارییان بكەن، وە لــە جێــدا لێیان جیا ببنەوە، وە لێیانبدەن ﴾.

## یاسای هەژدەیەم:

## یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠١) لەکارخستنی بڕگە (٢)ی ماددەی (٣٧٧) لە یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: پێنج (٥) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: یەك (١) دەق.

١. هەریەك لە دوو هاوسەرەکە بەپێی ئەم یاسایە گەر داوێنپیسییان کرد (زینا)، ئەوا خۆیان و ئەو کەسەشی کە داوێنپیسییەکەی لەگەڵ کردوون بە بەندکردن سزا ئەدرێن. وەك لە ماددەی دووەمی یاساکەدا هاتووە.

- ئەمە بێجگە لەوەی کارکردنە بە یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) کە سەرپێچی زۆری تیایە بەرامبەر شەریعەتی ئیسلام. پەکخستنی حوکمێکیشە لە حوکمە شەرعییەکانی ئیسلام، کە بریتییە لە سزای ژن و پیاوی زیناکار بە سەد جەلدە گەر کچ یان کوڕ بوون، وە بەردبارانکردن تا مردن گەر ژن یان پیاو بوون. نەوەك زیندانی کردنیان.

- ﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ وَلَا تَأۡخُذۡكُم بِهِمَا رَأۡفَةٞ فِي دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ وَلۡيَشۡهَدۡ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٞ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ (النور - ٢)

کچ و کوڕی زیناکار هەریەکەیان سەد جەلدیان لێ بدەن، وە بەزەییتان پێیاندا نەیەتەوە لە

ئەنجامدانی ئەم حوکمەدا، گەر باوەڕدارن بە خوا و قیامەت، وە با سزاکەیان کۆمەڵێك لە ئیمانداران ئامادەی بێت ﴾.

- ﴿ البِكْرُ بالبِكْرِ جَلْدُ مِئَةٍ ونَفْيُ سَنَةٍ، والثَّيِّبُ بالثَّيِّبِ جَلْدُ مِئَةٍ، والرَّجْمُ (صحيح مسلم - ١٦٩٠) حوکمی زینای کچ و کوڕ سەد جەلد و دوورخستنەوەیانە لەو ناوچەیە بۆ ماوەی ساڵێك، وە ژن و پیاو سەد جەلد و بەردبارانکردنە تا مردن ﴾.

- ﴿ إن المسلمين أجمعوا على أن الزاني المحصن، إذا زنى عامداً، عالماً، مختاراً، فحدّه الرجم حتى يموت (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١١٣٨) موسوڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە زیناکاری پارێزراو (ژن و پیاو) گەر بە ئەنقەست و زانین و ویستی خۆی زینای کرد، ئەوا سزاکەی بەردبارانکردنە تا مردن ﴾.

# یاسای نۆزدەیەم:

## یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠١) لەکارخستنی یاسای ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (١٩٨٠).

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: پێنج (٥) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: یەك (١) دەق.

١. بەپێی ئەم یاسایە پیاو بۆی نییە ژنی دووەم بهێنێت ئەگەر بێوەژنیش بێت بەبێ ئیزنی دادگا. وەك لە ماددەی یەکەمدا هاتووە.

- لە یەکەم تێبینیمان لەسەر شانزەیەم یاسای ئەم دەروازەیە باسمانکرد کە ڕەزامەندی دادگا و دەوڵەت مەرج نییە بۆ دروستی نیکاح.

## یاسای بیستەم:

## یاسای ژمارە (٢٤)ی ساڵی / ٢٠٠٤ یاسای دەوام پێدانی بەرکارخستنی یاسای ئەحواڵی شەخصیی ژمارە (١٨٨)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٥٩) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: شەش (٦) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: دوو (٢) دەق.

١. بەپێی ئەم یاسایە کار بە یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) ئەکرێت. وەك لە ماددەی یەکەم و دووەمی یاساکەدا هاتووە.

+ کارکردن بەو یاسایە پێچەوانەی شەرعە چونکە لە زۆرێك بڕگەدا پێچەوانەی شەرعە. وەك: بڕگەی (٢) لە ماددەی یەکەم، کە کارکردنی بە حوکمە شەرعییەکان خستووەتە دوای کارکردن بەو یاسایە. ئەوەش پێچەوانەی دەق و کۆڕاکانی دەروازەی یەکەمە.

## یاسای بیست و یەکەم:

## یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای دەزگای گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: یانزە (١١) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: یەك (١) دەق.

١. دەزگای گشتی گەشتوگوزار تێدەکۆشێ بۆ دامەزراندنی جێگای ڕابواردن. وەك لە بڕگـەی (٣) لە ماددەی پێنجەمدا هاتووە.

+ گەر مەبەست لە ڕابواردن کاری داوێنپیسی و مەشروب خواردنەوە و هەر حـەرامێکی تـر بێـت، ئـەوە پێچـەوانەی شـەرعە و، حـەڵاڵکردنی حـەرامێکی شـەرعییە و، بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتییە.

- ﴿ **وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا** (الإسـراء - ٣٢) وە نزیکـی زینـا مەکەونەوە، چونکە تاوانێکی بێزراو و ڕێگایەکی خراپە ﴾.
- ﴿ **يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** (المائدة - ٩٠) ئەی ئیمانداران بێ گومـان مـەی و قومـار و بـت و بەختگرتنەوە گڵاون و لە کاری شەیتانن جا لێی دووربکەونەوە بەڵکو سەرفراز بن ﴾.

- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ (النور - ١٩) ئەوانەی پێیان خۆشە فاحیشە لەناو ئیماندارانـدا بـڵاو ببێتـەوە، سزایەکی بەئێشیان هەیە لە دنیا و قیامەتدا ﴾.
- ﴿ والإنسان متى حلل الحرام المجمع عليه، أو حرم الحلال المجمع عليه، أو بدل الشرع المجمع عليه كان كافرا مرتدا باتفاق الفقهاء (مجموع الفتاوى ٣/ ٢٦٧) وە مرۆڤ هەرکاتێك حەرامی کـۆڕا لەسەری حەڵاڵ کرد، یان حەڵاڵی کۆڕا لەسەری حەرامکرد، یان شەرعی کۆڕا لەسـەری گـۆڕی کافر و مورتەددە بە کۆڕای زانایانی فیقھ ﴾.

+ گەر مەبەست لە ڕابواردن ئەوانەی سەرەوە نەبێت، بەڵکو تەنها بەسەربردنی کات بێت بە شتی ڕێگەپێدراوی شەرعی. ئەوا پێویستە ئەو بڕگەیە بـە مـەرجی شـەرعی قەیـد بکرێت و ئەو کارانەی لێ جیا بکرێتەوە، نەوەك بەو ڕەهاییە جێ بهێڵرێت و حـەڵاڵ و حەرام تێکەڵ ببێت.

## یاسای بیست و دووەم:

## یاسای ژمارە (٤٦)ی ساڵی / ٢٠٠٤ یاسای هەیئەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی - عیراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: پێنج (٥) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: دوو (٢) دەق.

١. هەیئەی گشتی ئاسایش تێدەکۆشێت بۆ پاراستنی بناغە و بنەمای سیستمی فیدراڵیی دیموکراتی و پەرلەمانیی دەوڵەتی عێراق. وەك لە بڕگەی (١)ی ماددەی شەشەم و هۆکارە زەرووڕەکاندا هاتووە.

+ لەکاتێکدا سیستمی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانیی کوفرە. حەرامە و پێچەوانەی شەرعە کە پارێزگاری لەم سیستەمە بکرێت و هێزی تایبەتی بۆ دروستبکرێت بەتایبەت لە موسوڵمانان. وە لە شەرعدا حوکمی ئەو کەسەی پارێزگاری لە دەسەڵاتی زاڵم و کافر ئەکات، هەمان حوکمی دەسەڵاتەکەیە.

- ﴿ **وَلَا تَرْكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنْ أَوْلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ** (هود - ١١٣) وە ئێوە مەیلتان نەبێت بەلای ستەمکاراندا دوایی ئاگری دۆزەخ ئەتانگرێتەوە، ئەو کاتە لە غەیری خوا هیچ پشتیوانێکتان نابێت، پاشان سەرناخرێن ﴾.

- ﴿ **إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُواْ خَٰطِـِٔينَ** (القصص - ٨) بێ گومان فیرعەون و هامان و سەربازەکانیان تاوانبار بوون ﴾.

- ﴿ لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡ (المجادلة - ٢٢) نابینی کەسانێك هەبن ئیمانیان بە خوا و قیامەت هەبێت خۆشەویستییان بۆ دژایەتیکەرانی خوا و پێغەمبەرەکەی هەبێت، ئەگەرچی باوان یان نەوە یان برا یان عەشرەتیان بن ﴾.
- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ (الممتحنة - ١) ئەی ئیمانداران دوژمنی من و ئێوە مەکەن بە دۆست، خۆشەویستی خۆتانیان بۆ دەربڕن، لەکاتێکدا کافرن بەو حەقەی بۆتان هاتووە ﴾.

## یاسای بیست و سێیەم:

## <u>یاسای ژمارە (٤٧)ی ساڵی / ٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق.</u>

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: بیست و چوار (٢٤) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: یەك (١) دەق.

١. ئەو حیزبانەی کە لیست پێشکەش ئەکەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەبێت چارەکێکی پاڵێوراوەکانیان ئافرەت بێت. وەك لە ماددەی دەیەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونکە بەرپرسیارێتی دەسەلاَت ئەرکە و ئەم ئەرکە بە ئافرەت نەسپێردراوە لە شەرعدا. وە ئافرەت بۆ ئەو کارە گونجاو نییە و ناتوانێت تەواوی مافی خۆی بداتێ و، خەڵکەکە سەرکەوتوو نابن لەژێر دەسەلاَتی ئافرەتدا.

- ﴿ **وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ** (البقرة - ٢٢٨) وە پیاوان پلەیەکیان هەیە بەسەر ئافرەتانەوە ﴾.
- ﴿ **ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ** (النساء - ٣٤) پیاوان بالاَدەست و سەرپەرشتن بەسەر ئافرەتانەوە بەهۆی ئەوەی خوا فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکیاندا، وە بەهۆی ئەوەی کە لە ماڵی خۆیان ئەبەخشن (نەفەقە، مارەیی) ﴾.

- ﴿ مَن يَلي أمْرَ فارِسَ؟ قالوا: امرَأةٌ، قالَ: ما أفلَحَ قَومٌ يَلي أمْرَهمُ امرَأةٌ (تخريج المسند - ٢٠٥٠٨) كێ كاروباری فارس ئەبات بەڕێوە؟ وتیان ئافرەتێك. فەرمووی: قەومێك سەركەوتوو نابن كاریان ئافرەتێك بیبات بەڕێوە ﴾.

+ ئەم حوكمەی شەرع زوڵمی تیا نییە لە ئافرەت، بەڵكو زوڵمی لەسەر لاداوە بەوەی ئەو ئەركە قورسەی پێ نەسپاردووە هەروەك عالەمانییەت واجبی كردووە لەسەریان. وە ئەم حوكمەی شەرع بێ ڕێزی نییە بە ئافرەت بەڵكو دانانی كەسی شیاوە بۆ شوێنی شیاوی خۆی، وە لابردنی بێ ڕێزییە لەسەر ئافرەت كە عالەمانییەت ئەو بێ ڕێزییە ئەكات پێی. وە هەروەك چۆن نەشیاوە بڵێین پیاو ئەبێت شیری منداڵ بدات و ئەركی ناو ماڵ بەڕێوە ببات، كە دیاریشە پیاو لەوەدا سەركەوتوو نابێت وەك ئافرەت. ئاواش نەشیاوە و بێ ڕێزییە كە ئافرەت بەزۆر لە ماڵ دەربێنین و ئەركێكی قورس بخەینە سەر شانیان و لە مووچەی كابانی ماڵ بێ بەشیان بكەین، وە وردە وردە فێری لەشفرۆشیان بكەین بەناوی كاركردن و نەبوونی جیاوازی لە نێوان كاركردن بە دەست و كاركردن بە دامێن.

## یاسای بیست و چوارەم:

## یاسای ژمارە (١)ی ساڵی / ٢٠٠٥ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: شانزە (١٦) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: سیانزە (١٣) دەق.

١. سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی خەڵك هەڵدەبژێردرێت. وەك لە ماددەی دووەم و چوارەم و شەشەم و هەشتەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە، چونکە گەر سەرۆکی هەرێم وەك سیفەتی خەلیفە بێت، ئەوا ئەبێت ئەهلی حەل و عەقد دایبنێن، نەك خەڵکی ئاسایی و ئافرەت و نەشارەزا و شێت و کافر. وە گەر وەك والییەك بێت بەسەر ناوچەیەکەوە و لەژێر دەسەڵاتی خەلیفەیەکی شەرعیدا، ئەوا ئەبێت خەلیفە دایبنێت. وە لە هەردوو حاڵەتدا خەڵك هەڵینابژێرن. وە ئەو جۆرە دیاریکردنە بۆ سەرۆك لە دیموکراسییەتدا هەیە نەك ئیسلام. وە لە دووەم تێبینی لەسەر دووەم یاسای ئەم دەروازەیە باسمان لەوە کرد.

- ﴿ واتفق العلماء على أنه لا يشترط لصحة البيعة مبايعة كل الناس، ولا كل أهل الحل والعقد، وإنما يشترط مبايعة من تيسّر اجتماعهم من العلماء، والرؤساء، ووجوه الناس (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي – ١٣٦٥) وە زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی بەیعەتدانی هەموو خەڵك مەرجی دروستی بەیعەت نییە، وە هەروەها هەموو ئەهلی حەل و عەقدیش،

بەڵكو ئەوانەی لەتواناندایە كۆببنەوە لە زانایان و سەرۆكەكان و پیاوماقوڵان لە خەڵك ئەوەندە مەرجە ﴾.

٢. ماوەی كاری سەرۆكی هەرێم چوار ساڵە، وە ئـەكرێ چـواری تـریش دەسـتبەكاربێت. وەك لـە ماددەی سێیەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونكە خەلیفە یان والی ماوەی كاركردنەكەی بە ساڵەوە بەند نییە، بـەڵكو بـە زینـدوویتی و بـوونی مەرجـەكانی ویلایەتـەوە بەنـدە. واتـە هـەتا مەرجەكانی تیادا مابن و زیندوو بێت ویلایەتەكەی كۆتایی نایەت و لـە پۆسـتەكەیدا دەمێنێتەوە و لانابرێت. وە لە تێبینی دووەم لەسەر یاسای سێیەمی ئەم دەروازەیـەدا باسمانكرد.

٣. مەرجە پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆكایەتی هەرێم چل ساڵ و زیاتر بێـت. وەك لـە برگـەی (١)ی ماددەی پێنجەمدا هاتووە.

+ ئەو مەرجە پێچەوانەی شەرعە چونكە لە شەرعدا تەنها مەرجی بالغی هەیە لـەڕووی تەمەنەوە.

- ﴿ جماعة أهل السنة، وأئمتهم ذكروا أن الخليفة يجب أن يكـون مكلّفاً (موسـوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٣٦٠) كۆمەڵەی ئەهلی سوننە و پێشەواكانیان باسیان كردووە كە خەلیفە ئەبێت بەرپرسیار (عاقڵ و بالغ) بێت ﴾.

٤. لە ماددەی پێنجەمدا هیچ مەرجێكی شەرعی باسنەكراوە بۆ سەرۆك.

+ ئەوەش پێچەوانەی شەرعە چونكە گەر كەسەكە ئەو مەرجانەی تیا نەبن كـە دەق یـان كۆڕایان لەسەرە، ئەوا دەسەڵاتەكەی بەتاڵە و ناشەرعییە. وە مەرجەكانیش ئەمانـەن: نێرینەیی، ئازادیی، بەرپرسیارێتیی (عاقڵ، بالغ)، زانا و موجتەهید بێت، دادپـەروەر بێت (فاسق نەبێت)، چاكەكار بێـت، بـەتوانا بێـت، درۆزن نـەبێت، ترسـنۆك نـەبێت

(موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي – ١٣٦٠) (الأحكام السلطانية للماوردي - ١٩)، له قورەیش بێت (السياسة الشرعية على منهج الوحيين لمأمون حموش – ١٣٤) (الأحكام السلطانية - ٢٠)، حوكم به شەرعی خوا بكات (المائدة – ٤٨) (المائدة - ٤٤).

- ﴿ واتفقوا على أن الخلافة لا تجوز لامرأة، ولا لكافر، ولا لصبي لم يبلغ، ولا لمجنون (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٣٦٢) وه كۆڕان لەسەر ئەوەی كه خیلافەت بۆ ژن و كافر و منالّی نابالّغ و شێت نابێت ﴾.

٥. كەسەكه خۆی خۆی ئەپالّێوێت بۆ پۆستی سەرۆك و داوای پۆستەكه ئەكات. وەك له برگەی (١)ی ماددەی حەفتەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونكە لە شەرعدا ویلایەت و دەسەلاّت و پۆست و پلە نادرێت به كەسێك كه خۆی داوای كردبێت.

- ﴿ دَخَلْتُ علَى النبيِّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ أنَا ورَجُلَانِ مِن قَوْمِي، فَقالَ أحَدُ الرَّجُلَيْنِ: أمِّرْنَا يا رَسولَ اللَّهِ، وقالَ الآخَرُ مِثْلَهُ، فَقالَ: إنَّا لا نُوَلِّي هذا مَن سَأَلَهُ، ولَا مَن حَرَصَ عليه (صحيح البخاري - ٧١٤٩) (صحيح مسلم - ١٧٣٣) ئەبو موسا ڕەزای خوای لێبێت لەگەلّ دوو پیاودا چووە لای پێغەمبەر، دوو پیاوەكه به پێغەمبەریان وت: پێغەمبەری خوا بمانكه به ئەمیر. فەرمووی: ئێمه ئەم ئەركه نادەین به كەسێك كه داوای بكات یان پەرۆشی بێت ﴾.

٦. سەرۆك دوای هەلّبژاردنی سوێند ئەخوات كه ئەرك و فەرمانەكانی به دلّسۆزی ئەنجام بدات. وەك له ماددەی نۆیەمدا هاتووە.

+ ئەوەش پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە كه سوێند لەسەر پابەندبوون به شەرعی ئیسلام و ئەركه شەرعییەكانییەوە ناخوات. كه ئەركی سەرەكی ئەو پۆستەیه له شەرعدا.

٧. ئەگەر سەرۆكی هەرێم داوای كۆتایی هاتنی ماوەكەی بكات پەرلەمان لایئەبات. وەك لە بڕگەی (١)ی ماددەی شازدەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونكە سەرۆك بۆی نییە دەست لە كار بكێشێتەوە دوای دیاریكردن و بەیعەت.

- ﴿ الإجماع على أنه ليس للإمام أن ينعزل بعد انعقاد إمامته (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٣٨٢) كۆڕا لەسەر ئەوەیە كە ئیمام بۆی نییە دەست لەكار بكێشێتەوە دوای گرێبەستی ئیمامەتییەكەی ﴾.

٨. لە ماددەی شانزەدا ئەو هۆكارانە باس نەكراون كە لە ڕووی شەرعەوە ویلایەتی سەرۆك ناهێڵن.

+ ئەوەش پێچەوانەی شەرعە، چونكە گەر هۆكارێكی شەرعی هەبێت بۆ لادانی سەرۆك واجبە لابرێت و ویلایەتەكەی ئەكەوێت، وەك لەم حاڵەتانە: كافربوون، شێتبوون، كوێربوون (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٣٨٣)، لادانی لە ڕێڕەوی ئیسلام (السياسة الشرعية على منهج الوحيين لمأمون حموش - ٢٤٥).

٩. سەرۆكی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە بە دەنگدان دائەنرێت. وەك لە ماددەی حەڤدەهەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونكە ئەهلی حل و عەقد سەرۆك دائەنێن لە شەرعدا نەوەك پەرلەمان.

١٠. دانانی سەرۆكی هەرێم بۆ بەدیهێنانی دیموكراسی و فیدرالییە. وەك لە كۆتایی هۆی دانانی یاساكەدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە، چونکە دانانی سەرۆك بۆ موسوڵمانان بۆ بەدیهێنانی فەرمانێکی شەرعی و ڕاپەڕاندنی کار و باری خەڵکە بەپێی شەرعی ئیسلام، نەك بۆ کارکردن بۆ کوفر و نەفامی، وە دانانی بەگوێرەی ڕا و عەقڵ.

- ﴿ اتفقوا على أن الإمامة فرض، وأنه لا بد من إمام .. وقد أجمعوا على أن مصدر وجوب نصبه هو الشرع، لا العقل (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٣٥٩) کۆڕان لەسەر ئەوەی ئیمامەتی فەرزە، وە ئەبێت ئیمامێك هەبێت، وە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە سەرچاوەی واجبێتی دانانی شەرعە نەك عەقڵ ﴾.

- ﴿ والّذي يلزمه من الأمور العامة عشرة أشياء: أحدها حفظ الدين على أصوله المستقرة وما أجمع عليه سلف الأمة .. الثاني تنفيذ الأحكام بين المتشاجِرين .. الثالث حماية البَيضة والذّب عن الحريم .. والرابع إقامة الحدود لتصان محارم الله .. والخامس تحصين الثغور بالعدة المانعة والقوة الدافعة .. والسادس جهاد من عاند الإسلام بعد الدعوة حتى يُسلم أو يدخل في الذمة .. والسابع جباية الفيء والصدقات على ما أوجبه الشرع نصا واجتهادا .. والثامن تقدير العطايا وما يستحق في بيت المال من غير سرف ولا تقتير .. التاسع استكفاء الأمناء وتقليد النصحاء فيما يفوَّض إليهم من الأعمال ويكله إليهم من الأموال .. العاشر أن يباشر بنفسه مشارفة الأمور وتصفّح الأحوال (الأحكام السلطانية للماوردي - ٤٠) وە ئەوەی لەسەر ئیمامە لە کاری گشتی دە شتە: یەکێکیان پاراستنی دین لەسەر بنەما جێگیرەکانی وە ئەوەی پێشینانی ئوممەت کۆڕان لەسەری، دووەم جێبەجێ کردنی حوکمەکان لەنێوان ناکۆکەکان، سێیەم پاراستنی سنورەکان و دوورخستنەوەی مەترسی لەسەر پارێزراوەکان، وە چوارەم ئەنجامدانی حەددەکان بۆ پاراستنی سنورەکانی خوا، وە پێنجەم پاراستنی کەلێنەکانی سنورەکان بە کەرەستەی ڕێگر و هێزی پاڵنەر، وە شەشەم جیهادی سەرپێچیکەری ئیسلام دوای بانگەوازکردنی هەتا ئەبێت بە موسوڵمان یان ئەبێت بە زمی، وە حەوتەم وەرگرتنی

فەیئـ و زەکات بەو شێوەیەی شەرع واجبی کردووە بە دەق و ئیجتیهاد، وە هەشتەم خەمڵاندن و ژماردنی بەخشینەکان وە ئەوەی شایستەیە لە بەیتولمال بەبێ زیـادەڕەوی و دەسـتگرتنەوە، نۆیەم داواکردن لە دەستپاکەکان و دانانی ڕاوێژکەرەکان لەوەی پێیان ئەسـپێردرێت لـە کـار و پێیان ئەدرێت لە پارە، دەیەم خودی خۆی سەرپەرشتی و چاودێری کارەکان بکات ﴾.

## یاسای بیست و پێنجەم:

## یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان – عێراق دا.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: بیست و یەك (٢١) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: پێنج (٥) دەق.

١. یاساکە پێناسەی تیرۆری بە توندوتیژی و هەڕەشە و ترساندن کردووە بە ڕەهایی، وە بەدیهێنانی مەبەستی ئاینیی بە تیرۆر داناوە. وەك لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە.

+ توندوتیژی گەر بەواتای هەر جۆرە توندییەك بێت لە قسە یان کردار، یان پێداگریکردن و سوور بوون بێت لەسەر بیروباوەڕ و شەرع و حوکمەکانی ئیسلام، ئەوا پێچەوانەی شەرعە. چونکە لە شەرعی ئیسلامدا لە هەندێك حاڵەتدا فەرمان بە توندوتیژی و ڕەقبوون و دامەزراویی و پێداگریی و ترساندن کراوە. وە بەدەرنەکردنی ئەو حاڵەتە شەرعییانە لە دەقی یاساکە پێچەوانەی شەرعە.

- ﴿ **يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ** (التوبة – ٧٣) ئەی پێغەمبەر جیهادی کافر و مونافیقان بکە و دڵڕەق بە لەگەڵیاندا، وە شوێنیان جەهەننەمە و خراپترین سەرەنجامە ﴾.

- ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (المائدة - ٣٨) دزى نێر و مێ دەستیان ببڕن، وەك سزایەك بەهۆی ئەوەی كردوویانە، وەك سزایەكیش لە خواوە، وە خوا بە عیززەت و كاربەجێیە ﴾.
- ﴿ مُّحَمَّدٞ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡ (الفتح - ٢٩) موحەممەد پێغەمبەری خوایە، وە ئەوانەی لەگەڵیان سەخت و توندن لەسەر كافران و بەسۆز و میهرەبانن لەنێوان خۆیاندا ﴾.
- ﴿ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمۡ لَا تَعۡلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعۡلَمُهُمۡ (الأنفال - ٦٠) وە چەندێك هێز لە تواناتاندایە بۆیان ئامادە بكەن وە لە ڕەشمەی ماین، كە بەوانە دوژمنانی خوا و خۆتان بترسێنن، وە كەسانێكی تریش لە مونافیقان ئێوە نایانناسن خوا ئەیانناسێت ﴾.
- ﴿ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ (المائدة - ٦٨) بە ئەهلی كیتاب بڵێ ئێوە لەسەر هیچ دینێكی حەق نین هەتا تەورات و ئینجیل جێبەجێ نەكەن (لە مژدەدان بە موحەممەد تیایاندا)، وە هەتا شوێن ئەوە نەكەون كە لە خواوە بۆتان دابەزیوە (قورئان) ﴾.
- ﴿ وَإِنَّآ أَوۡ إِيَّاكُمۡ لَعَلَىٰ هُدًى أَوۡ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ (سبإ - ٢٤) وە ئێمەی موسوڵمانان یان ئێوەی كافر لەسەر هیدایەت یان لەسەر گومڕاییەكی ئاشكراین ﴾.

+ بەدیهێنانی مەبەستە ئاینییەكان، بەدیاریكراویش تاكە ئاینی خوای گەورە كە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ئامانجی سەرەكی بوونی مرۆڤە لەسەر زەوی. وە بە تیرۆر و تاواندانانی ئەوە پێچەوانەی شەرعە و كوفرە (الذاريات - ٥٦) (آل عمران - ١٩) (البقرة - ١٩٣) (الأنعام - ١٥٥) (المائدة - ٤٨).

٢. بەكافردانان كاری تیرۆرییە و تاوانە. وەك لە بڕگەی (٢)ی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە، چونکە خوای گەورە خۆی و پێغەمبەرەکەی کەسان و بیروباوەڕانێکیان بە کافر و کوفر داناوە. وە کەس بۆی نییە حوکمەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی و دەقی ئایەت و فەرموودەکان بە تاوان و سەرپێچی و خراپ دابنێت. وە ئەوە کوفرێکی ڕوونە و دژایەتییەکی بێ شەرمانەی خوای گەورە و پێغەمبەر و ئیسلامە.

- ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞ (التغابن - ٢) خوا ئێوەی دروستکردووە جا تیاتانە کافرە و تیاتانە ئیماندارە ﴾.

- ﴿ لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ (المائدة - ١٧) بێ گومان ئەوانە کوفریان کرد کە وتیان خوا مەسیحی کوڕی مەریەمە ﴾.

- ﴿ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ (المائدة - ٤٤) وە هەرکەس حوکم بەوە نەکات کە خوا دایبەزاندووە ئەوا ئەوانەن کافران ﴾.

- ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ (١) لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ (٢) (الكافرون) بڵێ ئەی کافرینە (١) ئەوە ناپەرستم کە ئێوە ئەیپەرستن (٢) ﴾.

٣. کارکردن و پشتبەستن بە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١. وەك لە ماددەی حەفتەم و بڕگەی (أ)ی ماددەی شازدەمدا هاتووە.

+ کارکردن بەو یاسایە پێچەوانەی شەرعە، چونکە بڕگە و ماددەی پێچەوانە بە شەرعی تێدایە.

٤. هەرکەس بە تاوانی تیرۆر بەپێی ئەم یاسایە بگیرێت ئەوا دەست بەسەر گشت سامانێکیدا دەگیرێت. وەك لە ماددەی یازدەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە لە ئیسلامدا سامانی خەڵك بە موسوڵمان و کافرەوە حەرامە لەسەر غەیری خۆیان، مەگەر بەپێی حاڵەتە شەرعییەکان. وە تۆقاندن و

کوشتن و هەر تاوانێك کە لەم یاسایەدا هاتووە سامانی تاوانبارەکە حەڵاڵ ناکەن نە بۆ دەوڵەت نە بۆ خەڵك. تەنانەت گەر کەسەکان وەك خەواریجیش سەیربکرێن هەر موسوڵمانن و سامانیان حەرامە.

- ﴿ إنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ حَرَامٌ علَيْكُم (صحيح مسلم - ١٢١٨) خوێن و پارەتان لەسەرتان حەرامە ﴾.
- ﴿ وأكثر الفقهاء على أنهم (أي الخوارج) بغاة ولا يرون تكفيرهم (البرق اللماع فيما في المغني من اتفاق وافتراق وإجماع - ١٤٦٣) وە زۆرینەی زانایانی فیقه لەسەر ئەوەن کە ئەوانە (واتە خەواریج) زاڵمن و تەکفیریان ناکەن ﴾.
- ﴿ فأما غنيمة أموالهم (أي الخوارج) وسبي ذريتهم فلا نعلم في تحريمه بين أهل العلم خلافا (البرق اللماع فيما في المغني من اتفاق وافتراق وإجماع - ١٤٦٦) ئەمما بردنی سامانەکانیان (هی خەواریج) وە سەبی نەوەکانیان ئەوا هیچ ڕاجیاییەك لەنێوان زانایاندا نابینین لە حەرامێتییا ﴾.

## یاسای بیست و شەشەم:

## یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ / یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: بیست (٢٠) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: چواردە (١٤) دەق.

١. ئامانجی وەزارەت گرنگی دانە بە ئیسلام و ئایینەکانی تری کوردستان، وە ڕێزگرتنە لە زانایان و پیاوانی ئاینی و پاراستنی پایەی کۆمەڵایەتییان، تاکو چالاکی نیشتیمانی و نەتەوەیی بکەن. وەك لە بڕگەی پێنجەم و دەیەم و یازدەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ گرنگیدان بە ئایینەکانی تر گەر مەبەست لێی یارمەتی حکومەت و وەزارەت بێت لە بانگەوازکردنیان بۆ دینەکانیان و دامەزراندن و کردنەوەی پەرستگەی نوێ لەسەرو پێویستی خۆیانەوە، ئەوا ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە موسوڵمان نابێت یارمەتی کافر بدات لە بڵاوکردنەوەی دینە بەتاڵەکەیدا، بەڵکو ئەبێت خۆی لێیان بەری بکات (الكافرون ١-٦) (المجادلة - ٢٢) (الممتحنة - ٤).

+ ڕێزگرتن و پاراستنی پلەی پیاوانی ئاینی گەر مەبەست لێی ئەوە بێت کە مەلایەك و کەسێکی تری ئاینێکی تر وەك یەك بن لەناو خەڵکدا و یەك پلەیان هەبێت، ئەوا ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە مەلا لەسەر دینی ئیسلامە و لەسەر فیترەتە و خەڵك بۆ بەهەشت بانگ ئەکات وە مەصیری بەهەشتە، وە پیاوی دینەکانی تر لەسەر دینی

بەتاڵن و خەڵك بۆ جەهەننەم بانگ ئەکەن و جەهەننەمین، ئیتر چۆن ئەم دووانە یەك ئاست و پلەیان هەیە؟

- ﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ (٣٣) وَلَا تَسۡتَوِي ٱلۡحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُۚ (٣٤) (فصلت) وە کێ قسەی لەوە باشترە کە بانگی خەڵك ئەکات بۆ لای یەکخوا پەرستی، وە کردەوەی چاك ئەکات و ئەڵێت من لە موسوڵمانانم (٣٣) وە چاکە و خراپە یەکسان نییە (٣٤) ﴾.
- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلنَّارِۖ وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ وَٱلۡمَغۡفِرَةِ بِإِذۡنِهِۦ (البقرة - ٢٢١) ئەو کافرانە بانگەوازی خەڵك ئەکەن بۆ جەهەننەم، وە خوا بانگ ئەکات بۆ بەهەشت و لێخۆشبوون بە ئیزنی خۆی ﴾.
- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ شَرُّ ٱلۡبَرِيَّةِ (البينة - ٦) بێ گومان کافران لە ئەهلی کیتاب و موشریکەکان لە ئاگری جەهەننەمدان و نەمرن تیایدا، ئەوانەن خراپترینی مەخلوقات ﴾.

+ مەلا ئەرکی ئەوە نییە کە چالاکی نەتەوەیی بکات، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە بانگەواز بکات بۆ دینی خوای گەورە، وە فەرمان بکات بە چاکە و ڕێ لە خراپە بگرێت، وە یەکخواپەرستی بڵاو بکاتەوە وەك پێغەمبەران علیهم السلام. وە ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە ئەرکی سەرەکی مەلا پەك ئەخات و لە ڕێ لای ئەدات و بە بیدعەوە ئەیخافڵێنێت (محمد - ١٩) (آل عمران - ١٠٤) (النحل - ١٢٥).

٢. ئامانجێکی تری وەزارەت بەهێزکردنی پەیوەندییە لەنێوان ئاینەکاندا. وەك لە برگەی شەشەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ گەر بەهێزکردنی پەیوەندی مەبەست لێی ئەوە بێت کە ئیسلام و دینەکانی تر وەك یەکن و هیچ جیاوازییەکیان نییە و هەموو دینی ڕاست و حەقن، وە موسوڵمانان

ئەبێت دینەکانی تریان قبوڵ بێت و بەڕاستیان بزانن. ئەوا ئـەوە پێچـەوانەی شـەرعە چونکە تەنها ئیسلام دینی حەقە و ئیسلام جیایە لـە هـەموو دینـەکانی تـر، بـەوەی تەنها ئیسلام دینی خوایـە، وە تـەنها ئـەو دیـنی یەکخواپەرسـتییە، وە تـەنها ئـەو سەلامەت و پارێزراوە لە دەستکاریکردن و گۆڕان، وە تەنها ئـەو وەڵامـی کێشـەکانی خەڵکی تیایە، هتد. (آل عمران – ١٩، ٨٥) (البقرة – ١٣٥، ٢١٣) (الإخلاص ١-٤) (الحجر - ٩).

- ﴿ وأجمع العلماء على كفر من دعا إلى الوحدة بين الأديان (تمام المنة ببعض ما اتفق عليه أهل السنة) وە زانایـان کـۆڕان لەسـەر کـافرێتی ئـەو کەسـەی کـە بانگەشـەی یـەکگرتن و یەکخستنی دینەکان ئەکات ﴾.

٣. ئامانجێکی تری وەزارەت دروسـتکردن و نوێکردنـەوەی پەرسـتگای دینـەکانی تـرە. وەك لـە بڕگەی حەوتەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە ئەو کارە فەرمانکردنە بـە خراپـە. وە ئـەو شـوێنانە ئـەبێت بڕوخێنـرێن گـەر هەشـبن و لـە سـەردەمی ئیسـلامدا دروسـتکرابن نـەوەك نوێبکرێنەوە یان زۆرتربکرێن. وە حکومەت پارەی بەیتولمال لەو کارەیا سەرف ناکـات وە یارمەتی دینەکانی تر نایات لە بووژانەوە و بڵاوبوونەوەیاندا، چـونکە دینـەکانیان بەتاڵە و ئیسلام یارمەتی بڵاوبوونەوەی بەتاڵ نادات. وە گەر شـوێنەکە پـێش هـاتنی ئیسلام دروستکرابوو ناڕووخێنرێت، مەگەر بەکارنەهێنرێت و دینەکە شـوێنەکەوتووی نەمابێت. ئەمە لە غـەیری دوورگـەی عـەرەب، وە لـە دوورگـەی عـەرەب بـە هـیچ شێوەیەك نابێت دینێکی تر غەیری ئیسلام بوونی هەبێت.

- ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ (المائدة - ٢) وە هاوکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکە و تەقوا، وە لەسەر تاوان و دەستدرێژی مەیکەن ﴾.

- ﴿ كتب عُمرُ بن عبد العزيز إلى عُروة بن محمَّد: أنْ يهدم الكنائس التي في أمصار المسلمين، قال: فشهدتُ عروة بن محمَّد رَكِبَ حتى وقَف عليها، ثم دعاني فشهدتُ كتابَ عمر، وهدْمَ عروةَ إيَّاها، فهدمها (مصنف عبد الرزاق ٦/ ٥٩) عومەری کوڕی عبد العزيز ڕەحمەتی خوای لێ بێت بۆ عوروەی نوسی: کەنیسەکان بڕوخێنێت کە لە ناوچەکانی موسوڵمانانداندان. جا عوروەش کەنیسەیەکی ڕووخاند ﴾.
- ﴿ عن الحسن البصريِّ قال: من السُّنَّة أن تُهدم الكنائس التي بالأمصار القديمة والحديثة (مصنف عبد الرزاق ٦/ ٦٠) حەسەنی بەصری ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرمووی: ڕووخاندنی کەنیسەکان کە لە ناوچەکانی موسوڵماناندان کۆن و نوێیان لە سوننەتە ﴾.
- ﴿ قلت: أرأيتَ هل كان مالك يقول: ليس للنصارى أن يُحدثوا الكنائس في بلاد الإسلام؟ قال: نعمْ، كان مالك يَكره ذلك (المدونة الكبرى ٣/ ٤٣٥) ئیمامی مالیك لەلای حەرام بوو کە مەسیحییەکان کەنیسە دروستبکەن لە وڵاتی موسوڵماناندا ﴾.
- ﴿ وقال الإمام الشافعيُّ: ولا يُحدِثوا في أمصار المسلمين كنيسةً، ولا مجتمعًا لصلواتهم (الأم ٤/ ٢٠٦) ئیمامی شافیعی فەرمووی: (مەسیحییەکان) بۆیان نییە لە ناوچەکانی موسوڵماناندا کەنیسە دروستبکەن، یان جێگەی کۆبوونەوەیان بۆ نوێژەکانیان ﴾.
- ﴿ وقال الإمامُ أحمد: ليس لليهود ولا للنصارى أن يُحدِثوا في مِصرٍ مَصَّرَهُ المسلمون بيعةً ولا كنيسةً، ولا يضربوا فيه بناقوس (أحكام أهل الذمة ٣/ ١١٨٢) ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: بۆ جوولەکە و گاور نییە لە ناوچەیەك موسوڵمانان کردبێتیان بە جێگە بیعە (هی جوولەکەیە) و کەنیسە (هی مەسیحییە) دروستبکەن، یان ناقوس (زەنگی ئاگادارییە) لێبدەن ﴾.
- ﴿ أجمع العلماءُ على تحريم بناء المعابد الكفريَّة، مثل: الكنائس في بلاد المسلمين، وأنَّه لا يجوزُ اجتماع قِبلتين في بلد واحد من بلاد الإسلام، وألَّا يكون فيها شيءٌ من شعائر الكفَّار لا كنائس ولا غيرها، وأجمعوا على وجوب هدْم الكنائس وغيرها من المعابد الكفريَّة، إذا أُحدثت

في الإسلام (فتاوى اللجنة الدائمة - ٢١٤١٣) زانایان کۆڕان لەسەر حەرامێتی دروستکردنی پەرستگای کوفری، وەك کەنیسە لە وڵاتی موسوڵمانانداو، وە لەسەر ئەوەی ڕێپێنەدراوە دوو قیبلە لە یەك وڵات لە وڵاتانی موسوڵماناندا کۆببێتەوە، وە لەسەر ئەوەی هیچ مەراسیمێکی کافرانی تیا نەبێت نە کەنیسە و نە غەیری ئەو، وە کۆڕان لەسەر واجبێتی ڕماندنی کەنیسەکان و غەیری ئەوان لە پەرستگا کوفرییەکان گەر لە ئیسلامدا داهێنرابوون ﴾.

- ﴿ إن الكنائس التي كانت قائمة في البلاد التي فتحها المسلمون عَنوة، تجوز تبقيتها بالإجماع (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٤٢٣) ئەو کەنیسانەی کە هەبوون لەو وڵاتانەی کە موسوڵمانان فەتحیان کردووە، ڕێپێدراوە بهێڵرێنەوە بە کۆڕا ﴾.
- ﴿ لا يُترَكُ بجزيرةِ العربِ دينانِ (الصحيح المسند — ١٦٥٠) (تخريج المسند - ٢٦٣٥٢) لە دوورگەی عەرەبدا دوو دین جێناهێڵرێت (نابێت دوو دین هەبن ﴾.

٤. ئامانجێکی تری وەزارەت پەیڕەوکردنی هەموو شتێکی نوێیە لە بیری ئیسلامی لە جیهاندا. وەك لە بڕگەی هەشتەم لە ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ گەر مەبەست لە شتی نوێ لە بیری ئیسلامی گۆڕینی بیروباوەڕی ئیسلام و دەستکاریکردنی بێت بەگوێرەی ویست و حەزی وڵات و دینەکان. ئەوا ئەوە پێچەوانەی شەرعە و کوفرە، چونکە عەقیدە و بیروباوەڕی موسوڵمانان یەك عەقیدە و فیکرە هەر لە سەردەمی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و هاوەڵانەوە تا قیامەت. وە کەس هیدایەتی وەرنەگرتووە گەر باوەڕی وەك هاوەڵانی پێغەمبەر نەبێت ڕەزای خوایان لێ بێت (البقرة - ١٣٧).

٥. ئامانجێکی تری وەزارەت وەلانانی بیری توندوتیژی و بەکافردانانە. وەك لە بڕگەی نۆیەم و یازدەمی ماددەی دووەم و هۆیە پێویستیەکانی دەرکردنی یاساکەدا هاتووە.

+ گەر مەبەست لە توندوتیژی و بەکافردانان ڕەتکردنەوەی بابەتی تەکفیر و بوونی کافر و مورتەدد بێت لە بنەڕەتەوە، ئەوا لە دووەم تێبینیمان لەسەر یاسای بیست و پێنجەمی ئەم دەروازەیەدا باسی بابەتی تەکفیرمان کرد کە لە ئیسلامدا ئەو بابەتە بوونی هەیە.

٦. ئامانجێکی تری وەزارەت بەدیهێنانی گیانی لێبووردەییە لەنێوان ئایینەکاندا. وەك لە بڕگەی دەیەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ گەر مەبەست لە لێبوردەیی ئەوە بێت کە هیچ بیروباوەڕێکی غەیری ئیسلام تاوان و کوفر نییە و، خوای گەورە لە هەموویان خۆشئەبێت و هەموو ئەچنە بەهەشتەوە. ئەوا ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە تەنها دینی ئیسلام حەقە و تەنها موسوڵمانان ئەچنە بەهەشتەوە، وە غەیری موسوڵمانان ئەچنە جەهەننەمەوە و تا هەتایە تیایدان بە نەمری.

- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ شَرُّ ٱلۡبَرِيَّةِ (البينة - ٦) بێ گومان کافران لە ئەهلی کیتاب و موشریکەکان لە ئاگری جەهەننەمدان و نەمرن تیایدا، ئەوانەن خراپترینی مەخلوقات ﴾.

- ﴿ ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُمۡ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُواْ وَٱتَّخَذُوٓاْ ءَايَٰتِي وَرُسُلِي هُزُوًا (الكهف - ١٠٦) سزای ئەم کەسانە جەهەننەمە بەهۆی کوفر کردنیان، وە بەوەی ئایەت و پێغەمبەرانی منیان بە گاڵتە و ڕابواردن گرتبوو ﴾.

٧. ئامانجێکی تری وەزارەت چەسپاندنی پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە لەناو ئایینەکاندا. وەك لە بڕگەی پازدەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ گەر مەبەست لە پێکەوەژیان بەکافردانەنانی ناموسوڵمان بێت، ئەوا ئەوە بەتاڵە و پێچەوانەی شەرعە. وەك لە تێبینی پێنجەم لەسەر ئەم یاسایە باسمانکرد.

+ وە گەر مەبەست لێی بەڕاستدانانی بیروباوەڕی دینەکانی تر بێت، ئەوە پێچەوانەی شەرعە. وەك لە تێبینی دووەم لەسەر ئەم یاسایە باسمانکرد.

٨. وەزارەت چوار ڕاوێژکاری هەیە، یەکێکیان مەسیحی و یەکێکیان یەزیدییە. وەك لە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی سێیەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە دەسەڵاتی ئیسلامی نابێت ڕاوێژکار و کاربەدەستی لە کافران هەبێت.

- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمْ (آل عمران - ١١٨) ئەی ئیمانداران ئێوە کەسانێکی کافر مەکەن بە خاوەن نهێنی خۆتان ﴾.

٩. وەزارەت دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە کە یەکێکیان تایبەتە بە ئاینی مەسیحی و ئەوی تر بە یەزیدی، وە لە ئەنجوومەنی باڵای ئەوقافدا ئەندامن. وەك لە بڕگەی نۆیەم و دەیەمی ماددەی سێیەم و بڕگەی (٣)ی بەندی یەکەمی ماددەی چوارەمدا هاتووە.

+ گەر ئەم دوو بەڕێوەبەرایەتییە تایبەت بن بە خزمەتکردن بەو دوو ئایینە و کردنەوە و تازەکردنەوەی شوێنی ئاینی و یارمەتیدانیان لە بڵاوکردنەوەی دینەکانیان. ئەوا ئەوە پێچەوانەی شەرعە وەك لە سێیەم تێبینیمان لەسەر ئەم یاسایە باسمانکرد.

١٠. لە یاساکەدا نەهاتووە کە گەر دەقێك پێچەوانەی شەرع بوو کاری پێ ناکرێت، هەرچەندە کە ئەم یاسایە تایبەتە بە ئایینەکان.

+ ئەمەش پێچەوانەی شەرعە، چونکە گەر دەقێك لە یاساکەدا پێچەوانەی شەرع بێت ئەبێت لابرێت.

# یاسای بیست و حەوتەم:

## یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی / ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: بیست و پێنج (٢٥) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: نۆزدە (١٩) دەق.

١. ئەرکی وەزارەتە کە ڕۆشنبیری کوردستان بپارێزێت بەو جۆرەی لەگەڵ بەها مرۆڤایەتییەکاندا بگونجێت. وەك لە برگەی یەکەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونکە قیەمی ئیسلامی پێوەرە بۆ دروستی ڕۆشنبیری، نەك قییەمی مرۆڤایەتی.

- ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ (الأحزاب - ٢١) بێ گومان بۆ ئێوە لە پێغەمبەری خوادا پێشەوایەتییەکی چاك هەیە، بۆ ئەو کەسەی ئومێدی خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت ﴾.

- ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ (القلم - ٤) وە تۆ ئەی موحەممەد لەسەر ڕەوشتێکی بەرزیت ﴾.

٢. ئەرکێکی تری وەزارەت بریتییە لە پشتگیری کردنی دانان و وەرگێڕان و چاپکردن، وە مۆڵەتدان بە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەبێ سانسۆرێکی شەرعی. وەك لە برگەی دووەم و چواردەیەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ ئەبێت ئەو سانسۆرە هەبێت بۆ ئەوەی حورمەتی دیــن و پیرۆزییــەکانی بپارێزرێـت و، بەناوی ئازادی و ڕا دەربڕین و هەر شتێکی ترەوە کەس ســنور نەبــەزێنێت و خــەڵکی لەخشتە نەبات و کوفر و بیدعە بڵاونەکاتەوە.

- ﴿ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ (لقمان - ١٧) وە فەرمان بکە بە چاکە و ڕێ لە خراپە بگرە ﴾.

- ﴿ مَن رَأَى مِنكُم مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بيَدِهِ، فإنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسانِهِ، فإنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وذلكَ أضْعَفُ الإيمانِ (صحيح مسلم - ٤٩) هەرکـەس لـەئێوە خراپەیـەکی بـینی بـا بەدەسـتی بیگۆڕێت، جا گەر نەیتوانی با بەزمانی، جا گەر نـەیتوانی بـا بـەدڵی، وە ئـەوە لاوازتـرینی ئیمانە ﴾.

٣. ئەرکێکی تری وەزارەت بریتییە لە گرنگیدان بە هونەر بە هەموو جۆرەکانییەوە، وە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تایبەتە بۆیان. وەك لە بڕگەکانی سێیەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم، یانزدەیەم، پانزدەیەم، هەژدەیەم وە نۆزدەیەمی مـاددەی دووەم و بڕگـەکانی حەوتـەم، یازدەم، دوازدەم وە سێزدەمی ماددەی سێیەم و هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندندا هاتووە.

+ گەر مەبەست لە هونەر بابەتەکانی: مۆسیقا، وێنەی زیندەوەر، سەما و گۆرانی بێـت. ئەوا لە تێبینیمان لەسەر یاسای دوانزەیەمی ئەم دەروازەیە باسمانکرد.

٤. ئەرکێکی تری وەزارەت ڕوواندنی چەمکەکانی دیموکراسییەت و خۆشەویستی نیشتیمانە. وەك لە بڕگەی شانزدەیەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ بابەتی دیموکراسییەتمان لە دووەم تێبینیمان لەسەر یاسای یەکەم باسکرد.

+ بابەتی خۆشویستنی نیشتیمان گەر مەبەست لێی بە پیرۆز سەیرکردنی ناوچەیەك بێـت تەنها لەبەرئەوەی کوردنشـینن، یـان واجبکردنـی خۆکوشـتن بێـت لەسـەر پاراسـتنی سنورێکی داهێنراوی سەردەمی جەنگی جیهـانی، یـان بـە خـوا زانـینی ناوچـەیەکی

جوگرافی بێت. ئەوا هەموو ئەوانە پێچەوانەی شەرعن، چونکە پیرۆزێتی شوێنەکان پێویستی بە دەقی شەرعییە، وە بەبێ دەق لە خۆمانەوە نابێت پیرۆزی بدەین بە هیچ شوێنێك. وە خۆکوشتن تەنها لەپێناو دینی خوای گەورە و دیفاعکردن لە سەروەت و سامانی کەسیی شەرعییە لە ئیسلامدا، نەك خۆکوشتن لەسەر سنورێکی دیاریکراو بەناوی دەوڵەت یان هەرێم یان کیان یان ناوچە (زۆن) بەتایبەت شوێنێك کە دەسەڵاتێکی کوفری بیبات بەڕێوە و کوفری ئاشکرا و دژایەتی دینی تیا بکرێت و خۆکوشتنەکەش لە مەسڵەحەتی مانەوەی ئەو دەسەڵاتە بێتەوە. وە تەنها الله سبحانە وتعالی خوای حەقە، وە هیچ شتێکی تر خوا نییە و هەموو بەخواکراوێکی تر بەتاڵ و پووچە و بە خوا زانینی نیشتیمان کوفرە.

- ﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا (آل عمران - ٩٦) بە دڵنیایی یەکەم ماڵ کە بۆ خواپەرستی خەڵك دانرابێت ئەوەی مەککەیە کە شوێنێکی موبارەکە ﴾.
- ﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ (البقرة - ١٩٠) وە لەپێناو خوا کوشتاری ئەوانە بکەن کە کوشتارتان ئەکەن ﴾.
- ﴿ مَنْ قُتِلَ دُونَ مالِهِ فهوَ شَهيدٌ، ومَنْ قُتِلَ دُونَ دِينِهِ فهوَ شَهيدٌ، ومَنْ قُتِلَ دُونَ دَمِهِ فهوَ شَهيدٌ، ومَنْ قُتِلَ دُونَ أهلِهِ فهوَ شَهيدٌ (سنن الترمذي - ١٤٢١) هەرکەس لەسەر سامانی بکوژرێت شەهیدە، هەرکەس لەسەر خوێنی بکوژرێت شەهیدە، هەرکەس لەسەر کەسوکاری بکوژرێت شەهیدە ﴾.
- ﴿ وَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ (البقرة - ١٦٣) وە خواتان یەك خوایە، هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، وە بەرەحم و میهرەبانە ﴾.
- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٞ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَٰهٞ (الزخرف - ٨٤) وە الله یە لە ئاسماندا خوایە و لە سەر زەویش خوایە ﴾.

- ﴿ وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ (النحل - ٥١) وه خوا وتی دوو خـوا بڕیار مەدەن، بەڵکو خوا تەنها یەك دانەیە ﴾.
- ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ (محمد - ١٩) جا بزانە کە هیچ خوایەکی حەق بوونی نییـە جگـە لە الله ﴾.

## یاسای بیست و هەشتەم:

## یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: دە (١٠) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: پێنج (٥) دەق.

١. ئەرکی وەزارەتی پێشمەرگەیە کە بەرژەوەندییە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان مسۆگەر بکات. وەك لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەم و هۆیەکانی دەرکردندا هاتووە.

+ مەرجی ئەوە دانەنراوە کە بەرژەوەندییەکە شەرعی بێت. ئەوەش پێچەوانەی شەرعە، چونکە گەر شتێك پێچەوانەی شەرع بوو بەرژەوەندی نییە با نیشتیمانی و نەتەوەییش بێت، بەڵکو زەرەرە و ئەبێت لێی دووربکەوریتەوە (الحجرات - ١) (المائدة - ٣) (صحيح مسلم - ٤٩).

+ گەر مەبەست لە بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی ڕەگەزپەرستی بێت، ئەوا ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە ڕەگەزپەرستی حەرامە لە ئیسلامدا، بەڵکو هەموو مرۆڤەکان نەوەی ئادەمن و جیاوازی زمان و ناوچە و جل کاریگەریی دروست ناکەن.

- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ (الحجرات - ١٣) ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان دروستکردووە لە نێر و

مێیەك، وە كردوومانن بە چەند گەل و هۆزێكەوە تا یەكتری بناسـن، بـەڕێزترینتان لای خـوا بەتەقواترینتانە ﴾.

٢. ئەركێكی تری وەزارەت پاراستنی سیستمی حوكمی دیموكراسی و دەزگـا دەسـتوورییەكانە لـە هەرێم. وەك لە بڕگەی دووەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ پارێزگاری كردن لە سیستمی دیموكراسـی و دەزگـای دەسـتووریی حەرامـە و كـوفر و نەفامییـە. وەك لـە تێبینیمـان لەسـەر یاسـای بیسـت و دووەمـی ئـەم دەروازەیـە باسمانكرد. وە خۆكوشتن لەو پێناوەدا مردنێكی نەفامییە.

- ﴿ مَن قُتِلَ تَحْتَ رايَةٍ عِمِّيَّةٍ، يَدْعُو عَصَبِيَّةً، أوْ يَنْصُرُ عَصَبِيَّةً، فقِتْلَةٌ جاهِلِيَّةٌ (صحيح مسلم - ١٨٥٠) هەركەس لەژێر ئاڵایەكی كوێرانەیا شەڕ بكات، كە بانگەشە و پشتیوانی توخمایـەتی و هۆزایەتی بێت، ئەوا كوشتنەكەی نەفامییە ﴾.

٣. ئەركێكی تری بریتییە لە پاڵپشتی حكومەتی فیـدراڵی عێـراق بـەپێی دەسـتووری عێـراق و كوردستان، وە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. وەك لە بڕگەی سێیەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ پێشتر لە دووەم تێبینی لەسەر یاسای یانزەیەم باسمان لە بابەتی فیدراڵی كرد.

+ دەستووری عێراق و كوردستان كاركردن پێیان و پاراستنیان حەرامە و پێچەوانەی دەق و كۆڕاكانی دەروازەی یەكەمە، چونكە ماددە و بڕگەی پێچەوانەی شەرعیان تێدایە.

+ پێناسەی تیرۆر و ئەو بابەتانەی لەخۆی ئـەگرن بـەگوێرەی یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی تیرۆر لە كوردستان چەند بابەتێكیان تیایە كە شەرعین بەڵام بە تاوان و تیرۆر دانـراون. جا بەو پێیە پێشمەرگە كاتێك بەرەنگاری تیرۆر ئەبێتەوە بەرەنگاری شەرعی ئیسلام و حوكـەكانی ئەبێتـەوە و ئـەوەش حەرامـە و كـوفرە (المائـدة - ٣٣) (الأنفـال - ٤٧) (إبراهيم - ٣) (الحج - ٢٥).

٤. ئەرکێکی تری بریتییە لە مەشق کردن بە یەکە سەربازییەکان لەسەر هەموو هونەرێکی جەنگ. وەك لە بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەمدا هاتووە.

- مەشق و هونەرە جەنگییەکان بەو ڕەهاییە و بەبێ دانانی مەرجی شەرعی پێچەوانەی شەرعە. چونکە هەندێك کردار و قسە هەن لە بابەتی مەشقدا کە پێچەوانەی شەرعن، وە پوکاندنەوەی فیترەتن. وە ئەوانە نابێت هەبن لەژێر هەر ناو و بە هەر مەبەستێك. وەك: دەرخستنی عەورەت لەکاتی مەشقدا، جنێودان و هاوارکردن بەسەر ئەو سەربازەی کە وەك پێویست مەشقەکان ناکات یان سستە تیایان، خواردنی شتانێك کە حەرامن وەك گۆشتی مردارەوە بوو یان ئاژەڵێك کە لە شەرعدا ناخورێن، لێدان و سوکایەتی کردن بە سەربازەکان بەناوی مەشق یان ڕاهاتن لەسەر سەختی بار، هتد.

## یاسای بیست و نۆیەم:

## یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای هەمواركردنی جێ بەجێ كردنی یاسای باری كەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان - عیراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی كردووە: سی و پێنج (٣٥) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی كە ئەیخەینە ڕوو: هەژدە (١٨) دەق.

١. پیاو بۆی نییە لەگەڵ زیاتر لە ئافرەتێكدا هاوسەرگیری بكات مەگەر دادوەر ڕێی پێ بدات. وەك لە بەندی دووەمی ماددەی یەكەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونكە لە شەرعدا ئەسڵ ڕێپێدانە بە پیاو بۆ ئەنجامدانی فرەژنی هەتا چوار ئافرەت. وە گەر مەرجە شەرعییەكانی نیكاح هەبن هاوسەرگیرییەكە ڕوودەدات و دروستە ئەگەرچی دادوەر ڕازیش نەبێت. وە ڕەزامەندی دادوەر مەرجی دروستیی گرێبەستەكە نییە (النساء - ٣) (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي – ٤١٩٨، ٤١٥١).

٢. پیاو بۆ ئەوەی ژنی دووەم بهێنێت ئەبێت ژنی یەكەمی ڕازی بێت ئەگینا ناتوانێت. وەك لە بڕگەی (أ)ی بەندی دووەمی ماددەی یەكەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونكە ڕەزامەندی خێزانی یەكەم بۆ دووەم یان سێهەم یان چوارەم، وە خێزانی دووەم بۆ سێهەم و چوارەم، وە سێهەم بۆ چوارەم مەرج نییە بۆ

دروستی گرێبەستی هاوسەرگیری. وە گرێبەستەکە دروستە ئەگەرچی خێزانەکانی تری ناڕازیش بن.

- ﴿ ما بَالُ أُناسٍ يَشْتَرِطُونَ شُرُوطًا ليسَ في كِتَابِ اللَّهِ، مَنِ اشْتَرَطَ شَرْطًا ليسَ في كِتَابِ اللَّهِ فَهو بَاطِلٌ، وإنِ اشْتَرَطَ مِئَةَ شَرْطٍ شَرْطُ اللَّهِ أحَقُّ وأَوْثَقُ (صحيح البخاري - ٢١٥٥) کەسانێك چییانە کۆمەڵێك مەرج دائەنێن کە لە قورئاندا نییە و پێچەوانەیەتی، هەرکەس مەرجێك دابنێت پێچەوانەی قورئان بێت ئەوە بەتاڵە، ئەگەرچی سەد مەرجیش دابنێت مەرجی خوا لەپێشتر و توندترە ﴾.

٣. پیاو بۆی نییە ژنی تر بهێنێت مەگەر خێزانی یەکەمی نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت کە ڕێگر بێت لە سەرجێیی و چارەسەری نەبێت، یان ئافرەتەکە نەزۆك بێت. وەك لە بڕگەی (ب)ی بەندی دووەمی ماددەی یەکەمدا هاتووە.

+ هەموو ئەوانە پێچەوانەی شەرعن، چونکە مەرجی ناشەرعی و بەتاڵن و بەڵگەی قورئان یان فەرموودەیان لەسەر نییە.

٤. پیاو بۆی نییە ژنی تر بهێنێت ئەگەر ژنی یەکەم لە عەقدەکەی خۆیدا مەرجی کردبێت ژنی بەسەر نەیەت. وەك لە بڕگەی (ھ)ی بەندی دووەمی ماددەی یەکەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە مەرجی ناشەرعی و بەتاڵ کاری پێ ناکرێت ئەگەرچی لە گرێبەستیشدا نوسرابێت و لایەنەکان لەسەری ڕازیش بووبن.

٥. گەر کەسێك پێچەوانەی بڕگەکانی پێشوو هاوسەرگیری بکات سزا ئەدرێت بە گرتن و غەرامەی ماددی، وە دادوەر نابێ ئەو سزایانە ڕابگرێ بەڵکو ئەبێت جێبەجێی بکات. وەك لە بڕگەی (و) و (ز)ی بەندی دووەمی ماددەی یەکەمدا هاتووە.

+ سزادانی موسوڵمانان لەسەر پابەندبوونیان بە حوکمەکانی دینەکەیانەوە، یان لەسەر پابەند نەبوونیان بە بڕگە و ماددەی یاساییەوە کە پێچەوانەی دینەکەیان بێت

پێچەوانەی شەرعە، بەڵکو دژایەتیکردنی ئیسلام و موسوڵمانانە و کوفرە، وە سزادانی موسوڵمانانە بە ناحەق، وە دەستبردنە بۆ سامانیان بە شێوەیەکی نا شەرعی (المائدة - ٣٣) (صحيح البخاري - ٢٥).

٦. بەندی دووەمی ماددەی یەکەم مەرجە شەرعییەکانی تیا نییە کە پێویستە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا هەبن، وەك: پیاو بۆی هەیە تا چوار ئافرەت لە یەك کاتدا هاوسەری بن، نابێت دوو خوشك پێکەوە هاوسەری بن، نابێت کچ و پوور پێکەوە هاوسەری بن، نابێت کچ و دایکی پێکەوە هاوسەری بن، هەر ئافرەتەو مارەیی جیای هەیە، هتد.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە گەر ئەو مەرجانە بوونیان نەبێت یان دژەکانیان هەبن گرێبەستەکە بەتاڵە.

٧. پیاوێك و ئافرەتێك یان دوو ئافرەت کە لەڕووی یاساوە گونجاو بن بۆ شایەتی ئەتوانن شایەتبن لەسەر گرێبەستی هاوسەرگیری، چونکە پیاو و ئافرەت یەکسانن. وەك لە بەندی (د) لە بڕگەی (١)ی ماددەی سێیەمدا هاتووە.

+ لە بابەتی هاوسەرگیریدا تەنها پیاو وەك شایەت وەرئەگیرێت لە شەرعدا بەپێی دەق و ڕای زۆرینەی زانایان. وە پیاو یەکسان نییە بە ئافرەت لە بابەتی شایەتیدا، وە لە هیچ حاڵەتێکدا کە پیاو تیایدا بە شایەت وەرگیرێت یەك ئافرەت بەتەنیا بە شایەت وەرناگیرێت بەڵکو ئەبێت دووان بن.

- ﴿ لا نكاحَ إلَّا بوليّ وشاهدَيْ عَدلٍ (تخريج صحيح ابن حبان - ٤٠٧٥) هاوسەرگیری دروست نییە مەگەر بە بوونی وەلی و دوو شایەتی داد ﴾.

- ﴿ قال ابن قدامة في "المغني" (٨/٧): " ولا ينعقد النكاح بشهادة رجل وامرأتين. وهذا قول النخعي، والأوزاعي، والشافعي. لقول الزهري: مضت السنة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم أن لا تجوز شهادة النساء في الحدود، ولا في النكاح، ولا في الطلاق. رواه أبو عبيد في

"الأموال" انتهى باختصار (موقع الإسلام سؤال وجواب / لا يكفي شهادة أربعة نسوة على عقد النكاح) ئیبن قودامە فەرموویی: وە گرێبەستی هاوسەرگیری نابەسترێت بە شایەتی پیاوێك و دوو ئافرەت، وە ئەمە فەتوای نەخەعی و ئەوزاعی و شافیعییە، بە بەڵگەی ئیمامی زوهری: سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وا بووە کە شایەتی ئافرەت لە حەدد و نیکاح و تەڵاق ڕێپێدراو نییە ﴾.

- ﴿ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ (البقرة - ٢٨٢) (لە بابەتی قەرزدا) جا گەر دوو پیاو نەبوو بۆ شایەتی با پیاوێك و دوو ئافرەت بێت، لەوانەی خۆتان ڕازین لە شایەتەکان، نەوەك یەکێك لە ئافرەتەکان لەبیری بچێتەوە با ئەوی تریان بیری بخاتەوە ﴾.

+ مەرجە شایەتەکان لەڕووی شەرعەوە شایستە و گونجاو بن بۆ شایەتی نەوەك ڕووی یاسایی. وە ئەوە پێچەوانەی دەق و کۆڕاکانی دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەیە کە کارکردن بە شەرع واجبە و پەکخستنی حەرامە.

٨. پیاو بۆی هەیە تەڵاق بداتە دەست ئافرەتەکەی. وەك لە بڕگەی (٥)ی ماددەی سێیەمدا هاتووە.

+ گەر مەبەست لەوە ئەوە بێت کە حوکمی خستنی تەڵاق لە پیاوەکەوە ئەچێتە لای ئافرەتەکە بە یەکجاری، یان پیاو و ئافرەتەکە هەردووکیان بە جیا یان بە هاوبەش تەڵاقیان بەدەستە. ئەوا ئەوە پێچەوانەی شەرعە، چونکە تەڵاق تەنها بەدەست پیاوە لە شەرعدا و ئافرەت بەدەستی نییە و ناشبێت. وە گەر مەبەست لێی وەکالەت بێت، ئەوا ڕێپێدراوە کە پیاوەکە خێزانەکەی بکات بە وەکیلی خۆی لە تەڵاقی خۆیدا، وە ئەوە وەکالەتە نەك گواستنەوە یان هاوبەشیکردنی حوکمی تەڵاق.

- ﴿ الأصل المجمع عليه أن الطلاق بيد الزوج، أو من جعل ذلك إليه (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٧٠١) ئەسڵە كۆڕا لەسەرەکە ئەوەیە کە تەڵاق بەدەست مێردە، یان ئەو کەسەی وەکالەتی پێدراوە ﴾.

٩. هاوسەرگیری لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە ڕێپێدراوە، وە ڕەزامەندی وەلی مەرجە بۆ هاوسەرگیری نێر و مێ. وەك لە بڕگەی (١)ی ماددەی پێنجەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە گەر کەسی خوار تەمەن شانزە ساڵ ڕێی پێ نەدرێت هاوسەرگیری بکات. چونکە تەمەنی شەرعی بۆ هاوسەرگیری دیاریکراو نییە، بەڵکو پەیوەستە بە باڵغێتی و توانای سەرجێییەوە. جا هەرکەس گەر باڵغ بوو وە توانای جیماعی هەبوو بۆی هەیە داوای هاوسەرگیری بکات ئەگەرچی تەمەنی خوار شانزە ساڵیش بێت. وە ئەگەر باڵغیش نەبوو ئەوا وەلییەکەی بۆی هەیە ژنی بۆ بێنێت یان بەشووی بدات.

- ﴿ أجمع المسلمون على أن النكاح مشروع، وأن الأمر به لمن استطاعه، وتاقت إليه نفسه مُجمع عليه، لكن أمر ندب لا إيجاب (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٢٧) موسوڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە نیکاح ڕێپێدراوە، وە فەرمانکردن پێی لەسەر ئەو کەسەی توانای هەبێت، وە نەفسی حەزی پێ بکات کۆڕای لەسەرە، بەڵام فەرمانپێکردنێکی سوننەت نەك فەرز ﴾.

- ﴿ أجمعوا على أن إنكاح الأب إبنه الصغير جائز .. وإن إجماع المسلمين على أن للأب أن يزوج ابنته الصغيرة ولا يشاورها .. ولو كانت لا يوطأ مثلها .. ويصح تزويجها قبل بلوغها بولاية غير أبيها .. ولو كانت في المهد، لكن لا يمكّن الزوج منها حتى تصلح للوطء (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي – ٤١٤٢، ٤١٥٩، ٤١٦٨) کۆڕان لەسەر ئەوەی باوك بۆی هەیە ژن بۆ کوڕی بچووکی بهێنێت، وە کۆڕای موسوڵمانان لەسەر ئەوەیە کە باوك بۆی هەیە کچە

بچووکەکەی بەشوو بدات و پرسیشی پێ نەکات، ئەگەرچی هاوشێوەی ئەویش توانای جووتبوونی نەبێت، وە بەشوودانی دروستە پێش باڵغ بوونی بە سەرپەرشتی غەیری باوکی گەرچی لە بێشکەشدا بێت، بەڵام رێ بە مێردەکەی نادرێت بچێت بەلایدا هەتا ئەو کاتەی بۆ جووت بوون ئەشێ ﴾.

- ﴿ تَزَوَّجَنِي النبيُّ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ وَأَنَا بِنْتُ سِتِّ سِنِينَ، وَبَنَى بِي وَأَنَا بِنْتُ تِسْعِ سِنِينَ (صحيح مسلم - ١٤٢٢) عائیشە فەرمووی: پێغەمبەر مارەی کردم بە شەش ساڵی، وە گواستمیەوە بە نۆ ساڵی ﴾.

+ وە ئەوە پێچەوانەی شەرعە گەر ڕەزامەندی وەلی بۆ پیاو بکرێت بە مەرج. چونکە ڕەزامەندی وەلی لە نیکاحدا تەنها بۆ ئافرەت مەرجە نەك بۆ پیاوەکە، مەگەر پیاوەکە ناباڵغ بێت وەلییەکەی ژنی بۆ بێنێت (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٣١، ٤١٤٢).

١٠. دایك بە وەلی دائەنرێت گەر باوك مردبێت یان دیار نەبێت. وەك لە بڕگەی (٣) لە بەندی دووەمی ماددەی پێنجەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە گەر باوك مرد یان دیار نەما، ئەوا نێرینەیەکی تر ئەبێت بە وەلی ئافرەتەکە لە ڕیزبەندی شەرعی وەلییەکاندا (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٥٥). وە گەر هیچ وەلییەکی شەرعی نەبوو ئەوا حاکم ئەبێت بە وەلی ئافرەتەکە (سنن الترمذي - ١١٠٢) (صحيح ابن حبان - ٤٠٧٥). وە ئافرەت هەرگیز نابێت بە وەلی لە هاوسەرگیریدا.

- ﴿ اتفقوا على أن من شرائط الولي: الإسلام، والذكورية، والبلوغ، والعقل .. ولا ولاية للأم في تزويج ابنتها بلا خلاف (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٥٤) کۆڕان لەسەر ئەوەی

که له مەرجەکانی وەلی: موسوڵمانێتی و نێرینەیی و باڵغی و عاقڵییـە، وە دایـك ویلایـەتی نییە لە بەشوودانی کچەکەیدا بەبێ ڕاجیایی ﴾.

١١. گرێبەستی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا تاوانـە و سـزای لەسـەرە. وەك لـە بڕگـەی (٥)ی ماددەی حەوتەمدا هاتووە.

+ لە تێبینیمان لەسەر یاسای شانزەیەمی ئەم دەروازەیە باسمانکرد.

١٢. گـەر ژن هـەبوو‌بێت ئـەوا بەرپرسـیارێتیی نەفەقـە ئەکەوێتـە سـەر شـانی هـەردوو هاوسەرەکە. وەك لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە.

+ ئافرەت لە شەرعدا هەرگیز نەفەقە ناکەوێتە سەر شـانی، ئەگەرچـی هـەبووش بێـت. بەڵکو لەسەر مێردەکەیەتی گەر مێردی هەبێت، وە لەسەر وەلییەکەیەتی گەر مێـردی نـەبێت (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي — ٤١٠٥، ٤١٠٨، ٤١١٠، ٤١٢١، ٤١٢٤، ٤١٢٥).

١٣. نوشوز بریتییە لە خۆبەگەورەزانینی یەکێك لە دوو هاوسەرەکە بەسەر ئەوی تـرا. وەك لە بەندی یەکەمی ماددەی دەیەمدا هاتووە.

+ لە شەرعدا نوشوز بریتییە لە گوێڕایەڵی نەکردنی یەکێك لە دوو هاوسەرەکە بۆ ئـەوی تریان لە شتێکی شـەرعی و ڕێپێـدراودا (صحيح البخاري - ٧٢٥٧)، یـان نـەدانی مافێکی ڕەوای بەرامبەرە، یان پابەند نەبوونە بە مەرجێکی شـەرعی گرێبەسـتەکەوە (النساء — ٣٤، ١٢٨).

- ﴿ خروج الزوجة عن الطاعة الواجبة للزوج (معجم مصطلحات العلوم الشرعية / ١٦٩٤ / النشوز) نوشوز بریتییە لە دەرچوونی ژن لە گوێڕایەڵی واجبی مێردەکەی ﴾.

- ﴿ نَشَزَ المرأة أو الرجل بالزوج: استعصى، وأساء العشرة (القاموس الفقهي لغة واصطلاحا لسعدي أبو جيب / نشز) ئافرەتەكە یان پیاوەكە ناشیز بوو بە هاوسەرەكەی: واتە سەرپێچی كرد، وە هەڵسوكەوتی بە خراپ بەكارهێنا ﴾.
- ﴿ أَحَقُّ الشُّرُوطِ أَنْ تُوفُوا بِهِ ما اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الفُرُوجَ (صحيح البخاري - ٢٧٢١) لەپێشترین مەرجەكان كە وەفاتان بۆیان هەبێت ئەوەیە كە داوێنی ئافرەتتان بێ حەڵاڵ كردووە ﴾.

١٤. لە بەندی یەكەمی ماددەی دەیەمدا چەند حاڵەتێكی نوشوز نەهاتوون. وەك: ئافرەت رێگری بكات لە مێردەكەی لە سەرجێیی كردنی بەبێ هۆی شەرعی، نەكێشانی نەفەقەی ئافرەتەكە لەلایەن پیاوەكەوە بەپێی توانا و بەگوێرەی عورف، گوێرایەڵی نەكردنی ئافرەت بۆ مێردەكەی لە چوونە دەرەوەدا لە ماڵ، هتد.

+ ئەوەش پێچەوانەی شەرعە چونكە ئەو حاڵەتانە بە نوشوز دائەنرێن و ئەبێت باسبكرێن.

١٥. تەڵاق لەلایەن پیاو یان ئافرەتەكەوە ئەخرێت، وە تەڵاق بەپێی شەرع و یاسا دیاری ئەكرێت. وەك لە بڕگەی یەكەم لە ماددەی سێزدەم هاتووە.

+ تەڵاق تەنها بەدەست پیاوە، وەك لە تێبینی هەشتەم لەسەر ئەم یاسایە باسمانكرد.
+ تەڵاق حوكمێكی شەرعییە و لە شەریعەتی ئیسلامدا خوای گەورە باسی كردووە و پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم ڕوونی كردووەتەوە. وە هیچ پەیوەندییەكی نییە بە یاساوە و یاسا بۆی نییە دەلالەت لەسەر پێناسە و حوكم و حاڵەتەكانی بكات بە سەربەخۆیی و بێ شوێنكەوتنی دەق و كۆڕا و ڕای پەسەندی زانایانی شەرع.

- ﴿ واتفقوا أنه مذ مات النبي صلى الله عليه وسلم، فقد انقطع الوحي وكَمُل الدين واستقر، وأنه لا يحل لأحد أن يزيد شيئا من رأيه بغير استدلال منه، ولا أن يَنقُص منه شيئا، ولا أن يبدل شيئا مكان شيء، ولا أن يُحدث شريعة، وأن من فعل ذلك كافر (مراتب الإجماع لابن

حزم / بابٌ من الإجماع في الاعتقادات يَكفُر من خالفه بإجماع) وه كوڕان كه لەوەتەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەفاتی كردووە وەحی پچڕاوە، وە دین تەواو و جێگیر بووە، وە كە بۆ كەس حەڵاڵ نییە كە شتێك زیاد بكات لە ڕای خۆیەوە بەبێ بەڵگەهێنانەوە لێی، وە نە هیچیشی لێ كەم بكاتەوە، وە نە هیچ بخاتە شوێنی هیچ و جێگۆڕكێ بە هیچ بكات، وە نە هیچ شەرعێك دابهێنێت، وە كە هەركەس وابكات كافرە ﴾.

١٦. گوێ بە تەڵاق نادرێ مەگەر بە ئامادە بوونی دوو شایەت لە كاتی كەوتنیدا یان بە دانپێدانان لەلای شایەتەكان یان دادوەردا. وەك لە بڕگەی سێیەم لە ماددەی سێزدەمدا هاتووە.

+ گەر مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە كە تەڵاق ناكەوێت ئەگەر دەستەواژەكەشی بە نییەتەوە بە دەمی مێرددا بێت هەتا لەبەردەم دوو شایەتدا نەیڵێت، ئەوا ئەمە پێچەوانەی شەرعە و تەڵاق ئەكەوێت مادەم دەستەواژەكەی بە دەمی مێرددا هاتووە بە نییەتەوە و بێ زۆرلێكردن (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٧٠٠).

+ گەر مەبەست لێی بەبەڵگەنامە كردنی تەڵاقەكەیە لای دادوەر ئەوا ئەبێت بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (تەڵاق لە دادگادا جێگیر ناكرێت مەگەر بە دانپێدانانی پیاوەكە یان شایەتی دوو شایەتی شیاو و شەرعی یان سوێندخواردنی ئافرەتەكە).

١٧. مێرد ئەتوانێت سەردانی ژنەكەی بكات لە تەڵاقی ڕەجعیدا بەو مەرجەی هەردوو هاوسەرەكە ئارەزووی چاكبوونەوەیان هەبێت. وەك لە بڕگەی (١)ی ماددەی شازدەمدا هاتووە.

+ گەر مەبەست لەمە ئەوە بێت كە پیاو ناتوانێت ژنەكەی بگێڕێتەوە لە ماوەی عیددەی تەڵاقی ڕەجعیدا، هەتا ژنەكە ڕازی ئەبێت. ئەوا ئەوە پێچەوانەی دەق و كۆڕایە، چونكە ڕەزامەندی ئافرەت مەرج نییە بۆ دروستی یان ڕوودانی گێڕانەوەكە، بەڵكو

بەوەندەی پیاوەکـە داوای گەڕانـەوەی کـرد ئـەبێت بگەڕێتـەوە لای و خـۆی ڕادەسـت بکات، ئافرەتەکە پێی زانیبێت یان نا، بیـەوێت یـان نـا (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٢٧٧٠).

- ﴿ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوٓاْ إِصۡلَٰحٗا (البقرة - ٢٢٨) وە مێردەکانیـان لـە هەموو کەس لەپێشـتر و شـایەنترن بـە گێڕانـەوەی ئـەو ئافرەتانـە لـەوەدا گـەر مەبەسـتیان چاکسازی بێت ﴾.

١٨. حکومەتی هەرێم پارەی مانگانـە بـۆ ئـافرەتی تەڵاقـدراو ئەبڕێتـەوە بـەو مەرجـەی دەستکەوتی نەبێت هەتا دەرفەتی کاری دەستئەکەوێت. وەك لە بڕگەی (٤) لە بەندی دووەمی ماددەی حەقدەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە لە دوو ڕووەوە: لـەو ڕووەوە کـە تـەنها ئـەو کاتـە نەفەقـەی ئافرەت ئەکێشێت کە ئیش یان دەستکەوتی ماددی و مەعاشـی نـەبێت، لەکاتێکـدا ئافرەت نەفەقەی هەر واجبە ئەگەرچی هەبووش بێـت، وەك لـە تێبـینی دوانزەیەمـدا لەسەر ئەم یاسایە باسمانکرد. وە لەو ڕووەشەوە پێچەوانەی شەرعە کە هانی ئافرەتـان ئەدات بۆ کارکردن تا لەبەرامبەردا نەفەقەکەیان ببڕێت بـە بیـانووی ئیشـکردنیانەوە، لەکاتێکد ئافرەت واجب نییە لەسـەری کـار بکـات و نەفەقـەی خـۆی یـان منـداڵی بکێشێت، بەڵکو واجبە لەسەر وەلییەکـەی یـان مێردەکـەی یـان دەوڵـەت نەفەقـەی بکێشن.

- ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ (النساء - ٣٤) پیاوان باڵادەست و سەرپەرشتن بەسەر ئافرەتانەوە بەهۆی ئەوەی خـوا فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکیاندا، وە بەهۆی ئەوەی کە لە ماڵی خۆیان ئەبەخشـن (نەفەقە، مارەیی) ﴾.

١٩. ژن بۆی هەیە داوای تەڵاق بکات گەر ژنی بەسەر هات. وەك لە بڕگەی (٥) لە ماددەی هەژدەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە ژنهێنانی پیاوەکە زەرەر لە ژنی یەکەم نادات هەتا بەهۆیەوە داوای جیابوونەوە بکات، وە حەرامە بەبێ هۆی شەرعی ئافرەت داوای تەڵاق و جیابوونەوە بکات.

- ﴿ أيُّما امرأةٍ سَألَتْ زَوجَها الطَّلاقَ في غيرِ ما بَأسٍ، فحَرامٌ عليها رائحةُ الجنَّةِ (تخريج المسند - ٢٢٤٤٠) هەر ئافرەتێك داوای تەڵاق لە مێردەکەی بکات بەبێ هیچ کێشەیەك، بۆنی بەهەشتی لێ حەرامە ﴾.

## یاسای سییەم:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: سی و نۆ (٣٩) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: بیست و حەوت (٢٧) دەق.

١. ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەڕێی هەڵبژاردنەوە دروستئەبن. وەك لە بەشی دووەم و چوارەمی یاساکە و بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی سی و یەکەم و ماددەی سی و دووەم و هۆیە پێویستەکانی دەرکردنی یاساکەدا هاتووە.

- چۆنییەتی دیاریکردنی دەسەڵاتی وڵاتمان لە تێبینیمان لەسەر یاسای دووەمی ئەم دەروازەیەدا باسکرد.
- گەر ئەنجوومەنی پارێزگا وەك والی سەیربکرێت، ئەوا سەرۆکی وڵات دایانئەنێت نەك بە هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکەوە دابنرێن. وە بەڕێوەبەر یان هەر بەرپرسێکی ژێر دەسەڵاتیان خۆیان (والییەکان) دایانئەنێن (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي – ١٣٨٨، ١٣٨٩) (الأحكام السلطانية للماوردي / الباب الثالث في تقليد الإمارة على البلاد / ٦٢) (الأحكام السلطانية لأبو يعلى / ٣٤).

٢. خەڵك خۆیان ئەپاڵێون بۆ پۆست و پلەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، وە ئافرەتان ئەبێت بە ڕێژەیەك خۆیان بپاڵێون. وەك لە بەشی سێیەمی یاساکەدا هاتووە.

+ له سێیەم تێبینیمان لەسەر یاسای دووەم و، پێنجەم تێبینی لەسەر یاسای سێیەمی ئەم دەروازەیە باسمانکرد.

٣. مەرجی بوونی زانستی شەرعی دانەنراوە بۆ خۆپاڵێو بۆ پۆستەکان لە بڕگەی (٢)ی بەندی یەکەمی ماددەی پێنجەمدا.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە دەسەڵاتدار ئەبێت شارەزا بێت لە شەرع و حوکمەکانی، چونکە ئەبێت بە شەرع حوکم بکات و هەر شتێکیش واجب بەو نەبێت نەیەتە دی واجبە.

- ﴿ **وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ** (المائدة - ٤٨) وە ئێمە قورئانمان بۆ دابەزاندووی بە حەق و بێ گومان کە بەڕاستدانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی وە باڵادەستە بەسەریانەوە، جا تۆ لەنێوان ئەهلی کیتابدا حوکم بکە بەوەی خوا دایبەزاندووە، وە شوێن هەوا و ئارەزووی ئەوان مەکەوە لەوەی بۆت هاتووە لە حەق ﴾.

- ﴿ قال ابن تيمية رحمه الله: ما لا يتم الواجب إلا به كقطع المسافة في الجمعة والحج ونحو ذلك فعلى المكلف فعله باتفاق المسلمين (ما لا يتم الواجب إلا به فهو واجب لعبد المحسن الصويغ - ٢٢) ئیبن تەیمیە فەرمووی: ئەوەی واجب تەنها بەو تەواو ئەبێت وەك بڕینی ڕێگەیەك لە جومعە و حەجدا و هاوشێوەیان، ئەوا لەسەر بەرپرسیارە بیکات بە کۆڕای موسوڵمانان ﴾.

٤. تەکفیرکردن قەدەغەیە. وەك لە بڕگەی یەکەمی ماددەی بیستەمدا هاتووە.

+ لە دووەم تێبینیماندا لەسەر یاسای بیست و پێنجەمی ئەم دەروازەیە ئەو بابەتەمان خستە ڕوو.

٥. هەرکەس تەکفیر بکات سزا ئەدرێت بە سجن و غەرامەی ماددی. وەك لە بڕگەی سێیەمی ماددەی بیست و نۆیەمدا هاتووە.

+ تەکفیر بە مەرجی شەرعی و ڕێی خۆی تاوان نییە، بەڵکو بابەتێکی شەرعییە. وە لە هەندێك حاڵەتدا واجبە. وە سزادانی موسوڵمان لەسەر بەکافردانانی کافران پێچەوانەی شەرعە و دژایەتی ئیسلام و موسوڵمانان و ئەو حوکمە شەرعییەیە و، ئەوەش کوفرە (المائدة - ٣٣) (المجادلة - ٥، ٢٠).

٦. کورسی تایبەت تەرخان ئەکرێت بۆ دینەکانی تر لە ئەنجوومەندا لە هەموو پارێزگاکانی کوردستاندا. وەك لە بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی ماددەی سی و دووەم (دووبارە)ـدا هاتووە.

+ لە یەکەم تێبینیمان لەسەر یاسای یەکەمی ئەم دەروازەیەدا باسمانکرد.

## یاسای سی و یەکەم:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: چواردە (١٤) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: هەشت (٨) دەق.

١. دەستەکە پشت بە پێوەر و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ئەبەستێت بۆ دابینکردنی مافی مرۆڤ. وەك لە ماددەی سێیەم و بڕگەی چوارەم و هەشتەم و نۆیەمی ماددەی چوارەم و بڕگەی (٢)ی بەندی یەکەمی ماددەی حەوتەم و هۆی دەرکردنی یاساکەدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە لە شەرعدا مافی مرۆڤەکان باسکراوە و، بەو پێیە نابێت کار بە یاسا و بڕیارە نەفامییەکان بکرێت کە پێچەوانەی شەرعن. وەك لە دەروازەی یەکەمدا باسمانکرد (الملك - ١٤) (المائدة – ٤٨، ٥٠) (التين - ٨) (النساء - ٦٥).

٢. سەرۆکی دەستەکە ئەبێت شارەزای مافەکانی مرۆڤ بێت. وەك لە بڕگەی (٢)ی بەندی سێیەمی ماددەی پێنجەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە چونکە کەسێك لە دەستەیەکی وادا ئەبێت شارەزای شەریعەت بێت نەوەك یاسا و بڕیارە نەفامییەکان. وە لە شەرعەوە حوکمەکان وەرگرێت و جێبەجێیان بکات هەتا مافی مرۆڤەکان دابین بکات بەو شێوەیەی خوای

گەورە بڕیاری داوە. وە کەسی نەشارەزا بە شەرع ئەو پۆستەی نادرێتێ چونکە حەقی خۆی ناداتێ (المائدة - ٤٨) (الحجرات - ١).

٣. سەرۆك و ئەندامانی دەستە سوێند ئەخۆن کە ئەرکە یاساییەکان جێبەجێ بکەن. وەك لە ماددەی شەشەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە ئەبێت کار بە شەرع بکرێت نەك یاسا، وەك لە دەروازەی یەکەمدا باسمانکرد.

## یاسای سی و دووەم:

## یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توند و تیژی لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: بیست و چوار (٢٤) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: چواردە (١٤) دەق.

١. منداڵ بەشوودان و هاوسەرگیری بەزۆر توندوتیژییە. وە ئەوە سزای لەسەرە. وەك لە بڕگەی (١) و (٢)ی بەندی یەکەمی ماددەی دووەم و ماددەی حەوتەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە، چونکە لە شەرعدا ئاساییە منداڵ هاوسەرگیری بکات بە شێوەیەکی شەرعی و بێ فەوتانی مافەکانی لەگەڵ کەسی شیاودا بە سەرپەرشتی باوکی (صحيح مسلم - ١٤٢٢)، ئەگەرچی منداڵەکە ناڕازیش بوو.

- ﴿ أجمعوا على أن إنكاح الأب ابنه الصغير جائز، وأن له أن يجبره على النكاح (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٤٢) کوڕان لەسەر ئەوەی ڕێپێدراوە باوك ژن بۆ کوڕی بچووکی خۆی بهێنێت، وە بۆی هەیە زۆری لێ بکات لەسەر هاوسەرگیری ﴾.

- ﴿ أجمع المسلمون على أنه يجوز للأب تزويج ابنته الصغيرة البكر، ولو كانت لا يوطأ مثلها، ولا يستأمرها. وقد أجمعوا على أنه يجوز له تزويجها مع كراهيتها، وامتناعها، إذا كان الزوج كفؤاً (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٥٩) موسوڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی باوك بۆی هەیە کچە منداڵە شوونەکردووەکەی بەشوو بدات، گەرچی هاوشێوەشی ڕێی جووتبوونی

نەبێت، وە پرسیشی پێ نەکات. وە کوڕان لەسەر ئـەوەی بـۆی هەیـە بەشـووی بـدات لەگـەڵ ڕقلێبوونەوە و ڕێنەدانی کچەکەشدا، ئەگەر مێردەکە شایەن و هاوتای کچەکە بوو ﴾.

+ بڕگەی (٢) هەرچەندە پێچەوانەی شەرعە لە بنەڕەتـدا، بـەڵام گـەر دروسـتیش بوایـە نوقسان بوو وە دژیەك بوو. چونکە تـەنها باسـی مێینـەی کـردووە، وە باسـی نێـری نەکردووە کە ئەشێ نێرینەی منالیش ژنی بۆ بهێنرێت. وە جیاوازی کردن لەنێوان نێـر و مێ بەبێ بەڵگەی شەرعی پێچەوانەی شەرعە. وە گەر منالی نێر ئاسـایی بێـت ژن بهێنێت، منالی مێینەش ئاساییە شوو بکات.

٢. لێکجیاکردنەوەی بەزۆر بە ڕەهایی توندوتیژییە. وەك لە بڕگەی (٤)ی بەندی یەکەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ ئەوە بەو ڕەهاییە پێچەوانەی شـەرعە، چـونکە هەنـدێك حاڵـەت هـەن ئـەبێت ژن و پیاوەکـە جیـا بکرێنـەوە تیایانـدا چـونکە لـە ناشـەرعیدان. وەك: هاوسـەرگیری مەحرەمەکان، هاوسەرگیری ئافرەت لە عیددەدا، هاوسەرگیری ئـافرەت بـۆ زیـاتر لـە پیاوێك، ژنبەژن بەبێ مارەییەکی شەرعی، موتعە، هاوسەرگیری ئـافرەتی موسـوڵمان لەگەڵ پیاوی کافردا، هاوسەرگیری لە تۆڵەی خوێندا، هتد.

٣. مێرد بەزۆر کاری داوێنپیسی بە ژنەکەی بکات توندوتیژییـە. وەك لـە بڕگـەی (٦)ی بەنـدی یەکەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ ئەمە پێچەوانەی شەرعە لەو ڕووەوە کە حاڵەتەکە بە قەیـدی (بـەزۆر) بەنـدکراوە، وە ڕووکەشی بڕگەکە ئەوە ئەگەیەنێت کە گەر بەزۆر نـەبوو بـەڵکو ژنەکـە ڕازی بـوو بـە داوێنپیسی ئەوا ئەو کارە ئاساییە و، مێردەکە بۆی هەیە داوێنپیسی بە ژنەکە بکات گەر ژنەکە ڕازی بوو. ئەوەش پێچـەوانەی دەق و کۆڕایـە (الإسـراء - ٣٢) (النـور - ١٩).

- ﴿ أجمعوا على تحريم الزنى (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٨٥٩) كۆڕان لەسەر حەرامێتی زینا ﴾.

٤. خەتەنەکردنی مێینە توندوتیژییە و سزای لەسەرە. وەك لە برگەی (٧)ی بەندی یەکەمی ماددەی دووەم و بڕگەکانی ماددەی شەشەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە خەتەنەکردن بابەتێکی شەرعییە و ڕێپێدراوە لە شەرعدا بە دەق و کۆڕا بۆ هەردوو ڕەگەز.

- ﴿ الفِطرة خَمس: الخِتان (صحيح البخاري - ٥٨٨٩) فیترەت پێنجە: (یەکەمیان خەتەنەکردنە ﴾.

- ﴿ اخفضي ولا تنهكي (صحيح الجامع - ٢٣٦) پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە ئافرەتێکی فەرموو کە مێینەی خەتەنە ئەکرد: لە گۆشتە زیادەکە ببڕە وە زیادەڕەوی مەکە لە بڕینیدا ﴾.

- ﴿ اتفقوا على أن من ختن ابنه فقد أصاب السنة، وعلى أن ختان النساء مباح (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٣٤٥) کۆڕان لەسەر ئەوەی هەرکەس خەتەنەی کوڕەکەی بکات سوننەتی پێکاوە، وە کۆڕان لەسەر ئەوەی خەتەنەی مێینە ڕێپێدراوە ﴾.

٥. ناچارکردنی تاکی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەریەتی بێ ئارەزووی خۆی توندوتیژییە. وەك لە برگەی (٨)ی بەندی یەکەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ بەو ڕەهاییە پێچەوانەی شەرعە. چونکە هەندێك پیشە و کار هەن پێچەوانەی شەرعن و کەسەکە گەر ڕازیش نەبێت ئەبێت ڕێی لێ بگیرێت کە ئەنجامی نەدات. وەك: پێشمەرگایەتی، ئەندامێتی ئاسایش، ئەندامی پەرلەمان، ئەندامی حیزبی عالەمانی، پەیامنێری کەناڵی عالەمانی، لەشفرۆشی، هتد.

٦. ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و جێهێشتنی خوێندن توندوتیژییه. هەروەها ناچارکردنیان بـۆ سواڵکردن. وەك لە بڕگەی (٩)ی بەندی یەکەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ بەشی یەکـەم پێچـەوانەی شـەرعە، چـونکە خوێنـدن بەتایبـەتی خوێنـدنی زانسـتە دنیاییەکان واجب نییـە هـەتا وازهێنـان لێـی تـاوان بێـت. وە زانسـتەکە ئەگەرچی شەرعیش بێت، ئەوا لەسەر هەموو کەس فـەرز نییـە هـەموو زانسـتە شـەرعییەکان بخوێنن، هەتاوەکو گەر بەشێکی خەڵك وازیان لێ هێنا و دەستیان کرد بـە کەسـابەت تاوانبار بن. وە کارکردنێکی گونجاو و شەرعی تاوان نییە بۆ منداڵ بەڵکو پەیداکردنی ڕزقە و لەسەر نێرینە واجبە. وە ئەرکی دایك و باوکە کە منداڵە نێرینەکانیان لەسـەر کارکردن ڕابێنن مـادەم توانایـان هەیـە و گەشـتوونەتە تەمـەنی گونجـاو، ئەگەرچـی منداڵەکە نارازیش بێت.

- ﴿ وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ (التوبـة - ١٢٢) وە نـابێ باوەڕداران هەمـوو پێکەوە دەرچن بۆ غەزا، لە هەر کۆمەڵێك لەوانـە کەسـانێك بمێننـەوە بـۆ ئەوەی لە دین شارەزا بن، وە پاشان قەومەکەیان ئاگادار بکەنـەوە کـە گەڕانـەوە بـۆ لایـان، بەڵکو ئەوانیش خۆیان بپارێزن ﴾.

- ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ (النساء - ٣٤) پیاوان باڵادەست و سەرپەرشتن بەسەر ئافرەتانەوە بەهۆی ئەوەی خـوا فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکیاندا، وە بەهۆی ئەوەی کە لە ماڵی خۆیان ئەبەخشـن (نەفەقە، مارەیی) ﴾.

- ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُواْ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ (الجمعـة - ١٠) وە کاتێك نوێژ تەواو بوو بڵاو ببنەوە لە زەویدا، وە داوای ڕزق و فەزڵی خوا بکەن ﴾.

+ بابەتی سواڵکردن ئەسڵ تیای حەرامێتییە لە شەرعدا، مەگەر لە چەند حاڵەتێکدا. وە ئەوە پێچەوانەی شەرعە کە تەنها لەکاتی زۆرلێکردندا قەدەغە بکرێت.

- ﴿ التسول لا يجوز إلا في أحوال ثلاث قد بينها النبي صلى الله عليه وسلم في الحديث الصحيح، وهو ما رواه مسلم في صحيحه عن قبيصة بن مخارق الهلالي رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه قال: " إن المسألة لا تحل لأحد إلا لثلاثة: رجل تحمل حمالة فحلت له المسألة حتى يصيبها ثم يمسك، ورجل أصابته جائحة اجتاحت ماله فحلت له المسألة حتى يصيب قوامًا من عيش، ورجل أصابته فاقة فقال ثلاثة من ذوي الحجى من قومه: لقد أصابت فلانًا فاقة، فحلت له المسألة حتى يصيب قوامًا من عيش ثم قال صلى الله عليه وسلم: ما سواهن من المسألة يا قبيصة سحت يأكله صاحبه سحتًا ". فهذا الحديث: قد أوضح فيه النبي صلى الله عليه وسلم أنواع المسألة المباحة، وأن ما سواها محرم، فمن كان عنده ما يسد حاجته من راتب وظيفة أو تجارة أو غلة وقف أو عقار أو كسب يدوي من نجارة أو حدادة أو زراعة أو نحو ذلك حرمت عليه المسألة. أما من اضطر إليها فلا حرج عليه أن يسأل بقدر الحاجة، وهكذا من تحمل حمالة لإصلاح ذات البين أو النفقة على أهله وأولاده، فلا حرج عليه أن يسأل لسد الغرامة. والله ولي التوفيق (مجموع فتاوى ومقالات ابن باز ١٤/ ٣١٩) سواڵ جائیز نییە مەگەر لە سێ حاڵەتدا کە پێغەمبەر ڕوونی کردووەتەوە لە فەرموودەی دروستدا: " داواکردنی پارە جائیز نییە تەنها بۆ سێ کەس: پیاوێك قەرز بکات بۆ چاککردنی نێوانی دوو لایەنی ناکۆك، ئەوا بۆی هەیە داوا بکات هەتا بەشی ئەکات بۆ ئیشەکە، وە پیاوێك توشی ئافاتێك ببێت لە سامانەکەیدا، ئەوا بۆی هەیە داوا بکات هەتا بەشی پێویستی خۆی دەستئەکەوێت، وە دەوڵەمەندێك تووشی موحتاجییەکی توند ببێت و لەناو خەڵکدا سێ لە عەقڵ کاملان لە ناسیاوانی بڵێن فلان تووشی پێویستییەکی توند بووە، ئەوا بۆی هەیە داوا بکات هەتا بەشی پێویستی خۆی دەستئەخات. وە غەیری ئەوانە پارەیەکی حەرامی بەرەکەت

بەرە خاوەنەکەی ئەیخوات (بەناوی سوالەوە) ". جا ئەم فەرموودەیە پێغەمبەر جۆرە ڕێپێدراوەکانی سوالّی تیا ڕوونکردووەتەوە، وە غەیری ئەوانە حەرامە، جا هەرکەس ئەوەندەی هەبوو پێویستیی خۆی بگرێت لە مەعاش یان تیجارەت یان وەقف یان عەقار یان ئیشی دەست لە دارتاشی یان ئاسنگەری یان کشتوکاڵ یان وەك ئەوانە، حەرامە لەسەری سواڵ بکات. ئەمما هەرکەس ناچاری ببێت ئەوا هیچ نارەحەتییەکی لەسەر نییە گەر بەگوێرەی پێویستییەکەی داوا بکات، بەهەمان شێوە هەرکەس داوای قەرز بکات بۆ چاکسازی نێوان خەڵك یان نەفەقەی خێزان و منالّی، ئەوا نارەحەتی لەسەر نییە داوا بکات بۆ دانەوەی غەرامە. وە خوا پشتیوانی سەرکەوتنە ﴾.

٧. لێدانی تاکەکانی خێزان بە هەر بیانوویەك توندوتیژییە. وەك لە بڕگەی (١٢)ی بەندی یەکەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ بەو ڕەهاییە پێچەوانەی شەرعە، چونکە چەند حاڵەتێك هەن کە شەرع بە مەرجی خۆی ڕێگەی بە جۆرێك لێدان داوە تیایاندا. وەك: لێدانی منداڵ لەسەر نوێژ، لێدانی ئافرەتی ناشیزە، هتد.

- ﴿ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّ (النساء - ٣٤) وە ئەو ئافرەتانەی ترسی نوشوزیانتان هەیە، ئامۆژگارییان بکەن، وە لە جێگەدا لێیان دوورکەونەوە، وە لێیان بدەن ﴾.

- ﴿ مُروا أبناءَكُم بالصَّلاةِ لسَبعِ سنينَ، واضرِبوهم عليها لعَشرِ سِنينَ (مسند أحمد ١١/ ٣٦) فەرمان بە منالّەکانتان بکەن بە نوێژ لە حەوت سالّیدا، وە لەسەری لێیان بدەن لە دە سالّیدا ﴾.

٨. بەزۆر سەرجێیی کردن توندوتیژییە. وەك لە برگەی (١٣)ی بەندی یەکەمی ماددەی دووەمدا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە بەو ڕەهاییە، چونکە ژن و مێرد بۆ یەکتر حەلاڵن، وە نابێت هیچ کامیان بێ هۆی شەرعی خۆی لەوی تریان بگرێتەوە. وە گەر ئافرەت بێ هۆی شەرعی خۆی ڕادەستی مێردەکەی نەکرد بۆ سەرجێیی، ئەوا مێردەکەی بۆی هەیە بەزۆر سەرجێیی لەگەڵدا بکات چونکە بۆی حەلاڵە. وە گەر ئافرەتەکە هەر ڕێی نەدا ئەوا ناشیزەیە.

- ﴿ إذا دَعا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إلى فِراشِهِ، فأبَتْ أنْ تَجِيءَ، لَعَنَتْها المَلائِكَةُ حتَّى تُصْبِحَ (صحيح البخاري - ٥١٩٣) گەر پیاو ژنەکەی بانگکرد بۆ جێگەکەی و ژنەکە نەهات، فریشتەکان بە لەعنەتی ئەکەن هەتا ڕۆژئەبێتەوە ﴾.

- ﴿ إذا دعا الرَّجلُ زوجتَه لحاجتِه فلْتُجِبْه وإنْ كانتْ على التَّنُّورِ (صحيح ابن حبان - ٤١٦٥) گەر پیاو ژنەکەی بۆ پێویستی خۆی بانگکرد با وەڵامی بداتەوە ئەگەرچی لەسەر تەنوریش بێت ﴾.

- ﴿ إجماعهم على أن للرجل أن يتلذذ من بدن الزوجة بكل موضع منه سوى الدبر لأن وطأها فيه حرام، حائضاً كانت أو طاهراً، وعليه اتفاق العلماء (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ١٨٦٠) کۆڕان لەسەر ئەوەی پیاو بۆی هەیە چێژ لە هەموو جێیەکی لەشی ژنەکەی وەرگرێت، جگە لە دواوە (کۆم)، لەبەر ئەوەی جووتبوونی لێیەوە حەرامە، لە حەیزدا بێت یان پاك بێت، وە کۆڕای زانایانی لەسەرە ﴾.

- ﴿ أجمعوا على أن المرأة إن اشترطت على الزوج ألّا يطأها لم يجب الوفاء بذلك الشرط (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٤١٤٦) کۆڕان لەسەر ئەوەی گەر ئافرەت مەرجی کرد (لە گرێبەستدا) لەسەر مێردەکەی کە جووت نەبێت لەگەڵی، پابەند بوون بەو مەرجەوە واجب نییە ﴾.

## یاسای سی و سێیەم:

## یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان - عێراق.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: پانزە (١٥) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: دە (١٠) دەق.

١. دینەکانی تر لە (مەسیحی، ئێزیدی، سابیئەی مەندائی، کاکەیی، شەبەك، فەیلی، زەردەشتی و هی دیکە) یەکسانن لە ڕووی سیاسییەوە، وە مافی بەشداری دەسەڵاتیان هەیە، وە حکومەت لەڕێی یاسا وە ئەوە مسۆگەر ئەکات. وەك لە بەندی یەکەمی ماددەی (٣) و ماددەی (٥) و بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (٦) و هۆیە پێویستکارەکاندا هاتووە.

- ڕێگەدان بە بەشداری کردنی کافران لە دەسەڵاتدا پێچەوانەی شەرعە چونکە کافر دەسەڵاتی نییە بەسەر موسوڵماناندا، وە کافر لە دەسەڵاتدا پلەی نادرێتێ (النساء – ٥٩، ١٤١) (آل عمران - ١١٨).
- پێدانی مافی ئاینەکان بەگوێرەی دەقی یاسا نەوەك شەرع پێچەوانەی دەق و کۆڕاکانی دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەیە.
- یارمەتیدانی حکومەت بۆ دینەکانی تری غەیری ئیسلام لە ڕووی سیاسییەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە سەرخستنی بەتاڵە و وەلائدانە بە کافران و دانی دەسەڵاتە پێیان بەسەر موسوڵماناندا (آل عمران - ١٠٤) (الممتحنة - ١) (التوبة - ٢٩).

٢. هەموو شێوەیەکی جیاکاری دژی هەر پێکهاتەیەك لە کوردستان قەدەغەیە و، سەرپێچیکار سزا ئەدرێت. وەك لە بەندی دووەمی ماددەی (٣)دا هاتووە.

+ لە ئاینی ئیسلامدا جیاوازی هەیە لە نێوان دینی خوا و دینەکانی تر، وە جیاوازی هەیە لەنێوان موسوڵمان و کافر، وە جیاوازی هەیە لەنێوان هاوەڵانی بەهەشت و هاوەڵانی جەهەننەم. وە هەرگیز نە لە دنیا وە نە لە قیامەتدا یەکسان نین و وەك یەك نین لای خوای گەورە. ئەگەرچی لە دنیادا لە هەندێك ڕووەوە حوکمیان وەك یەك بێت. وە بەو ڕەهاییە پێچەوانەی شەرعە (الکافرون ١-٦) (فصلت - ٣٤) (هود - ٢٤) (النحل — ٧٥، ٧٦) (الحشر - ٢٠) (المائدة - ١٠٠).

- ﴿ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ (ص - ٢٨) یان ئێمە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە وەك ئەوانە دائەنێین کە ئاشووب ئەگێڕن لەسەر زەویدا، یان تەقواکاران وەك خراپەکاران دائەنێین﴾.

- ﴿ أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجۡتَرَحُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجۡعَلَهُمۡ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءٗ مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡۚ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ (الجاثیة - ٢١) ئایا ئەوانەی کردەوەی خراپیان کردووە وا گومان ئەبەن وەك ئەوانە سەیریان ئەکەین کە ئیماندارن و کردەوەی چاکیان کردووە، وەك یەکە ژیان و مردنیان، بڕیارێکی خراپە ئەیدەن ﴾.

+ سزادانی موسوڵمانان لەسەر پابەند بوونیان بە بنەماکانی ئاینەکەیانەوە پێچەوانەیەکی ڕوونی شەرعە و دژایەتی ئیسلام و موسوڵمانانە، وە کوفرە (المائدة - ٣٣).

٣. هەر بانگەشەیەکی ئاینی بۆ ڕقوقینە لەسەر بنەمای ئاینی قەدەغەیە. وەك لە بەندی سێیەم لە ماددەی (٣)دا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی بیروباوەڕی ئیسلامە کە بنەمای بەرائەت و ڕقلێبوونەوە بەبێ دەستدرێژی و زوڵم لە کوفر و کافران بەشێکی سەرەکی دینەکەیە و بیروباوەڕی موسوڵمانی لەسەر دائەمەزرێت.

- ﴿ **لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ** (المجادلة - ٢٢) نابینی کەسانێك هەبن کە ئیمانیان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت وە خۆشەویستیان بۆ کەسانێك هەبێت کە دژایەتی خوا و پێغەمبەری خوا ئەکەن ئەگەر ئەو کافرانە باوکیشیان بن یان کوڕیان بن یان برایان بن یان عەشرەت و هۆزیان بن، ئەو کەسانەی بەم شێوازەن خوای گەورە ئیمانی لە دڵیاندا جێگیر کردووە وە بەهێزی کردوون بە سەرکەوتنێك لەلای خۆیەوە، وە لەڕۆژی قیامەت ئەیانخاتە بەهەشتەوە کە پڕە لە باخ و باخات کە جۆگە ئاو بەژێر دار و خانووەکانیدا تێئەپەڕێت و بە نەمری تیای ئەمێننەوە، خوای گەورە لێیان ڕازییە و ئەوانیش ڕازین بەو پاداشتە، ئەمانە حیزب و سەربازی خوای گەورەن، ئاگاداربن کۆمەڵی خوای گەورە سەرکەوتوو سەرفرازن ﴾.

- ﴿ **تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِى ٱلْعَذَابِ هُمْ خَٰلِدُونَ** (٨٠) **وَلَوْ كَانُوا۟ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِىِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا ٱتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ** (٨١) (المائدة) ئەی موحەممەد تۆ زۆرێك لە جولەکە و مونافیقان ئەبینیت وەلائ و خۆشەویستیان بۆ موشریك و کافرانە، کە ئەمیش خراپترین شتە کە نەفسیان بەهۆی ئەم کارەوە تووڕەبوونی خوای گەورەی پێشخست بۆ قیامەتیان، وە ئەوان بە نەمری و هەمیشەیی لە سزای ئاگری دۆزەخدا ئەمێننەوە (٨٠) وە

ئەگەر ئیمانیان بهێنایە بە خوای گەورە و بە پێغەمبەری و ئەوەی بۆ پێغەمبەر دابەزیوە ئەوا نەیانئەکردنە دۆست و خۆشەویستی خۆیان، بەڵام زۆرێك لەوانە فاسقن و لە گوێڕایەڵی خوا دەرچوون (٨١) ﴾.

- ﴿ لَّا يَتَّخِذِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَلَيۡسَ مِنَ ٱللَّهِ فِي شَيۡءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنۡهُمۡ تُقَىٰةٗۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلۡمَصِيرُ (آل عمران - ٢٨) نابێ باوەڕداران کافران بکەن بەدۆست و خۆشەویست و سەرخەر و پشتیوانی خۆیان و خۆشیانیان بوێن لە جگە لە ئیمانداران، وە هەرکەس وابکات ئەوا خوای گەورە بەریە لەو کەسە و شتێکی لای خوای گەورە نامێنێ، ئیلا ئەگەر هاتوو ترسان بتانکوژن، وە خوای گەورە ئەتانترسێنێ و ئاگادارتان ئەکاتەوە بە نەفسی پیرۆزی خۆی، وە سەرەنجامی گەڕانەوەشتان هەر بۆ لای خوای گەورەیە ﴾.

- ﴿ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ حَبَّبَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَزَيَّنَهُۥ فِي قُلُوبِكُمۡ وَكَرَّهَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡكُفۡرَ وَٱلۡفُسُوقَ وَٱلۡعِصۡيَانَ (الحجرات - ٧) بەڵام خوای گەورە ئیمانی لا خۆشەویست کردوون و ڕازاندوویەتییەوە لە دڵتاندا، وە کوفر و لەڕێ دەرچوون و سەرپێچی و تاوانیشی لەلا بێزراو کردوون ﴾.

- ﴿ أوْثَقُ عُرَى الإيمانِ المُوَالاةُ في اللهِ، والمُعادَاةُ في اللهِ والحُبُّ في اللهِ، والبغضُ في اللهِ (السلسلة الصحيحة - ١٧٢٨) توندترین گرێی ئیمان پشتیوانیکردنە لەبەر خوا وە پشتتێکردنە لەبەر خوا، وە خۆشویستنە لەبەر خوا وە ڕقلێبوونەوەیە لەبەر خوا ﴾.

- ﴿ مَن أحَبَّ للّهِ، وأبغَضَ للّهِ، وأعطى للّهِ، ومنَعَ للّهِ، فقد استكمَلَ الإيمانَ (سنن أبي داود - ٤٦٨١) هەرکەس لەبەر خوا خەڵکی خۆشبوێت وە لەبەر خوا ڕقی لە خەڵك بێت، وە لەبەر خوا ببەخشێت وە لەبەر خوا ڕێبگرێت ئەوا ئیمانی تەواوکردووە ﴾.

- ﴿ ثَلَاثٌ مَن كُنَّ فيه وجَدَ حَلَاوَةَ الإيمَانِ: أنْ يَكونَ اللَّهُ ورَسولُهُ أحَبَّ إلَيْهِ ممَّا سِوَاهُمَا، وأَنْ يُحِبَّ المَرْءَ لا يُحِبُّهُ إلَّا لِلَّهِ، وأَنْ يَكْرَهَ أنْ يَعُودَ في الكُفْرِ كما يَكْرَهُ أنْ يُقْذَفَ في النَّارِ (صحيح

البخاري - ١٦) سێ شت هەیە هەرکەس تیای بێت شیرینی ئیمان ئەچێژێت: خوا و پێغەمبەرەکەی لە هەرشتێکی تر خۆشەویستتر بێت لەلای، وە کەسێکی خۆشبوێت تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت، وە ڕقی لێبێت بگەڕێتەوە ناو کوفر وەك چۆن ڕقی لێیە فڕێدرێتە ناو ئاگرەوە ﴾.

٤. ڕێگە ئەگیرێت لە هەر گۆڕانکارییەکی دیمۆگرافی ناوچەیەك بە هەر هۆیەك بێت و بە هەر پاساوێك بێت. وەك لە بەندی چوارەم لە ماددەی (٣)دا هاتووە.

+ بەو ڕەهاییە پێچەوانەی شەرعە، چونکە گەر کەسانێك لە ناوچەیەك ببنە هۆی نائارامی بۆ خەڵك بەتایبەت ئیسلام و موسوڵمانان، ئەوا بۆ دەسەڵات هەیە یەکێك لە شێوازی سزادان بەرامبەریان کە ڕاگواستنیانە بگرێتە بەر هەتا زیانیان دوور بخاتەوە لە موسوڵمانان یان غەیری ئەوان بە شێوە و لەسەر بنەمای شەرعی. هەروەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وای لەگەڵ جوولەکەکانی شاری مەدینەدا کرد (عمدة التفسير ١/ ٦٩٩) (فتح الباري ٧/ ٣٣١).

- ﴿ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ (المائدة - ٣٣) یان (گەر ڕێگرییان لە خەڵك کرد و خەڵکیان ترساند ئەوا لەسەر ئەو زەوییە دوورئەخرێنەوە ﴾.

٥. دینەکانی تر وەك ئیسلام یەکسانن لە ئازادی ڕادەربڕین و دانانی دەزگای ڕاگەیاندن و دامەزراندنی کۆمەڵە و رابیتەدا. وەك لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٤)دا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی ئیسلامە چونکە ڕێگەدانە بە بڵاوبوونەوەی کوفر لە وڵاتی موسوڵماناندا (آل عمران - ١٠٤) (المائدة - ٢) (صحيح ابن ماجه - ١٩١٠) (صحيح مسلم - ١٤٤) (النحل - ١٢٥). وە ئەوە جیایە لەوەی خاوەن دینەکانی تر بێ بانگەوازکردن بۆ دینەکانیان لە ماڵ و شوێنی تایبەت بەخۆیان دینداری خۆیان بکەن.

٦. حکومەت کلتور و ڕۆشنبیری ئاینەکانی تر ئـەپارێزێت. وەك لـە بڕگـەی سـێیەمی مـاددەی (٤)دا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە، چونکە حکومـەت ئـەبێت دیـنی خـوای گـەورە کـە تـەنها ئیسلامە بپارێزێت، نەوەك دینەکانی تر. وە ئەبێت بانگەوازی دینەکانی تر بکات بـۆ ڕێی ڕاست کە دینی ئیسلامە، نەوەك هاندەر و پارێزەریان بێت بۆ مانـەوەیان لەسـەر گومڕایی و کوفر (غياث الأمم للجويني / الباب الثامن تفصيل ما إلى الأئمة والولاة / ١٣٣) (النحل - ١٢٥) (آل عمران – ٦٤، ١٠٤).

## یاسای سی و چوارەم:

## پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق هەموارکراوی ساڵی ٢٠١٨.

ژمارەی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا سەرپێچیم تیایان تێبینی کردووە: پەنجا و یەك (٥١) دەق.

ژمارەی ئەو دەقانەی کە ئەیخەینە ڕوو: بیست و دوو (٢٢) دەق.

١. ئەبێت بەلایەنی کەمەوە یەکێك لە ئەندامانی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئافرەت بێت. وەك لە ماددەی (١٠)ی یاساکەدا هاتووە.

+ لە سێیەم تێبینیمان لەسەر یاسای دووەمی ئەم دەروازەیە باسمان کرد.

٢. کارکردن بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢. وەك لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٢) و بڕگەی یەکەمی ماددەی (٢١) و بڕگەی (٢)ی بەندی سێیەمی ماددەی (٢٥)دا هاتووە.

+ پێشتر زانیمان کە ئەو یاسایە زیاتر لە ماددە و بڕگەیەکی پێچەوانەی شەرعی تیایە، هەربۆیە کاری پێ ناکرێت. وە کارکردن پێی پێچەوانەی دەق و کۆڕاکانی دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەیە.

٣. سنوری پەرلەمان بە (حەرەم) وەسفکراوە. وەك لە بڕگەی شەشەمی ماددەی (٢٤)دا هاتووە.

+ ئەوە پێچەوانەی شەرعە چونکە لە ئیسلامدا تەنها دوو شوێن حەرەمن، ئەوانیش شاری مەککە و مەدینەن. وە پێویستە دەقی شەرعی سیفەتی حەرەمی بدەن بە شوێنێك، وە گەر دەقێکی ڕاست و ڕوون نەبوو ئەوا نابێت بە حەرەم. وە کاتێك ئەوترێت ئەو جێگایە حەرەمە، ئەوا کۆمەڵێك حوکمی شەرعی ئەیگرێتەوە، وە

پەرلەمانی کوردستان حەرەم نییە و ئەو حوکمە شەرعییانەش نایگرنــەوە کــە حــەرەم هەیەتی. بەو پێیە نابێت بەو سیفەتە وەسف بکرێت.

- ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ ٱلنَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ (العنكبـوت - ٦٧) ئایـا کافرانی قورەیش نابینن ئێمە ئەو حەرەمە (کەعبەیە)مان داناوە کە بووەتە مایــەی ئاســایش بۆیان، وە خەڵکی لە دەوروبەریانەوە ئەڕفێندرێن ﴾.

- ﴿ المَدِينَةُ حَرَمٌ مِن كَذَا إلى كَذَا، لا يُقْطَعُ شَجَرُهَا، ولَا يُحْدَثُ فِيهَـا حَـدَثٌ، مَـن أحْـدَثَ حَـدَثًا فَعليه لَعْنَةُ اللَّهِ والمَلَائِكَةِ والنَّاسِ أجْمَعِينَ (صحيح البخاري - ١٨٦٧) شاری مەدینە حەرەمــە لە فلان جێوە بۆ فلان جێ، داری نابڕدرێتەوە، وە کوفری تیا ناکرێت، هەرکــەس تیــای کــوفر بکات لەعنەتی خوا و فریشتە و هەموو خەڵکی لێ بێت ﴾.

- ﴿ الحرم يراد به عند الإطلاق مكة وما حولها .. يطلق على المدينـة، ومـا بـين الحـرة الشـرقية، والحرة الغربية، وما بين جبل عير، وجبـل ثـور (معجم مصـطلحات العلـوم الشـرعية / الحَـرَم) حەرەم مەبەست لێی بە گشتی مەککە و چواردەوریەتی، وە بە شاری مەدینە ئەوترێت ﴾.

- ﴿ أجمع المسلمون على القول بأن مكة حرم الله سبحانه (موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي - ٣٧٦٢) موسوڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی مەککە حەرەمی خوای گەورەیە ﴾.

- ﴿ أجمع المسلمون على أن المدينة حرم رسـول الله صـلى الله عليـه وسـلم (موسـوعة الإجمـاع في الفقه الإسلامي - ٣٦١٦) موسوڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی مەدینە حەرەمی پێغەمبەرە ﴾.

٤. پەرلەمان یاسا دائەنێت و ئەیانخاتە کار بەبێ ئەوەی بە فلتەری شــەرعدا بــڕۆن و بــێ ئــەوەی مەرجی پێچەوانە نەبوونی دەقی یاساکە بە شەرع لەبەرچاو بگیرێت. وەك لە بڕگــەی یەکــەم و دووەم و سێیەمی مــاددەی (٧٧) و بڕگــەی یەکــەم تــا پێنجــەمی مــاددەی (٧٨) و بەنــدی یەکەمی ماددەی (٧٩) و بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٠) و بڕگەی یەکەمی مــاددەی (٨٥) و

بڕگەی دووەمی ماددەی (٨٧) و بڕگەی دووەمی مـاددەی (٨٩) و بڕگـەی دووەم و سـێیەم و چوارەمی ماددەی (٩١)دا هاتووە.

+ دانانی یاسای پێچەوانەی شـەرع حەرامـە و پێچـەوانەی شـەرعە، وەك لـە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەدا خستمانە ڕوو.

٥. پەرلەمان ئۆپۆزسیۆنی هەیە کە بریتین لەو حیزبانـەی لـە دەسـەڵاتدا نـین. وەك لـە مـاددەی (١١١)دا هاتووە.

+ لە شەرعدا دوو لایەن هەیە لە ڕووی سیاسەت و حوکمەوە: دەسەڵات (سُـلطة)، خـەڵك (رَعيّة). وە شتێك بەناوی ئۆپۆزسیۆن یان لایەنی سێیەم بوونی نییـە. وە دانـانی ئـەو جۆرە لایەنە یان ڕێدان بە بوونی پێچەوانەی شەرعە و بیدعەیە.

+ لە ئیسـلامدا حیزبایـەتی حەرامـە و واجبـە ئومـەت هـەموو یـەك بێـت. وە ئـەوە پێچەوانەی شەرعە ڕێ بە بوونی حیزب و کۆمەڵ غەیری کۆمەڵی موسوڵمانان هەبێت (آل عمران - ١٠٣).

+ دەسەڵات لە ئیسلامدا یەك لایەن دروستی ئەکات نەوەك چـەند حیـزب و دینێـك. وە فرە حیزبی یان فرە دینی لە دەسەڵاتدا پێچـەوانەی شـەرعە (المائـدة - ٤٨) (صـحيح مسلم - ١٨٥٣) (صحيح البخاري - ٧٠٨٤).

## چەند سەرنجێك:

یەکەم/ ئەو یاسایانەی باسمانکرد، وە ئەوانەشی باسماننەکرد زۆربەی زۆریان لەم سەرپێچییانەدا هاوبەشن و، لەبەر دووبارە نەبوونەوە لە هەموویاندا نەماننوسی:

١. کارکردن بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، یان کارکردن بە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧. کە ئەمە لە سەرەتای هەموو یاسایەکدا هاتووە.
٢. کارنەکردن بە هیچ دەقێك (ئەگەرچی شەرعیش بێت)، مادەم پێچەوانەی یاسا دەرچووەکەیە لە پەرلەمانەوە. کە ئەمە لە کۆتایی زۆربەی یاساکاندا هاتووە.
٣. کارکردن بە یاساکە. کە ئەمە لە کۆتایی هەموو یاسایەکدا هاتووە.
٤. واجبکردنی کارکردن بە یاساکە لەسەر حکومەت و دادوەر و خەڵك. کە ئەمە لە کۆتایی هەموو یاسایەکدا هاتووە.

دووەم/ لە ماوەی نوسینی ئەم کتێبەدا حکومەتی فەڕەنسا و سەرۆکەکەی (ئیمانوێل ماکرۆن) پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو وێنانە دەربڕی کە ڕۆژنامەیەکی وڵاتەکەیان بە ناوی (چارلی ئیبدۆ) لەسەر پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەری کردبوو، وە تێیدا سوکایەتی کرابوو بە پێغەمبەری خوا. وە هەر زوو حکومەتی کوردی بە پێشەوایەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانی چەندین حیزب پشتگیری خۆیان بۆ فەڕەنسا و هەڵوێستەکانی دەربڕی و، خۆیان بە نوێنەری زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانیش دانا و سەردانی قونسوڵی فەرەنسایان کرد لە هەولێر. وە چەند ئەندام پەرلەمانێك نەبێت کەس خۆی لەو کارەیان بەری نەکرد لەناو ئەندام پەرلەمانەکاندا.

وە جێگری سەرۆکی پەرلەمان (هێمن احمد حمەصالح حمد) ناسراو بە (هێمن هەورامی) کە ئەندامە لەسەر حیزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، بە یاوەری چەند پەرلەمانتارێك لە حیزبەکانی تر (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، پارتی گەشەپێدانی تورکمانی) و لەبەردەم کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا لە بەرواری (٢٨/ ١٠/ ٢٠٢٠) وتی: " بۆیە ئێمە هاتین بۆ هەم ڕێز و سوپاس گەیاندنەوە بە گەل و حکومەتی فەرەنسا و وە هەم بۆ دەربڕینی پشتیوانیش بۆ هەر هەڵوێستێك کە ئێستە حکومەتی فەرەنسا و ڕای گشتی فەرەنسا هەیبێت ". وە وتیشی: " هەڵوێستی فەرمی پەرلەمانی کوردستان ئەمەیە کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان وە زۆرینەی هەرە زۆری ڕەهای خەڵکی کوردستان لەناو پەرلەمانی کوردستان تەعبیری لێ ئەکات، ئێمە بەردەوام ئەبین لە پشتیوانی کردنی فەرەنسا وە پشتیوانی فەرەنساش بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام ئەبێت، وە ئێمە ئیدانەی هەر جۆرە لێدوان و هەر جۆرە دەربڕینێك ئەکەین کە پێکەوەژیانی ئاینەکان، پێکەوە هەڵکردن لەگەڵ یەکتری، جیاوازی قبوڵکردنی یەکتری نادیدە بگرێ، بۆیە جارێکی تر بە ناوی پەرلەمانی کوردستان هاتینە ئێرە بۆ تەعبیرکردن لەو هەڵوێستە فەرمییە ".

وە ئاشکرا و بەڵگەنەویستیشە کە جنێو و سوکایەتیکردن بە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کوفرە و خوێنی کەسەکە حەڵاڵ ئەکات و تۆبەش حوکمەکەی لەسەر لانابات. وە پاڵپشتی کردنی ئەو لایەنەی کە جنێوی داوە و سوکایەتی کردووە کوفرە و کەسەکە لە دین ئەباتە دەرەوە، چونکە وەلائدانێکی ڕوونە بە کافران و دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەکەی و، سەرخستنی کوفر و کافرانە بەسەر ئیسلام و موسولماناندا. وە ئەوەش پێچەوانەی شەرعە.

١. ﴿ **قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ** (٦٥) **لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ** (٦٦) (التوبة) بڵێ هیچ نەماوە بە خوا و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی گاڵتە ئەکەن (٦٥) بیانوو مەهێننەوە ئێوە کافربوون دوای ئەوەی ئیمانتان هێنابوو (٦٦) ﴾.

٢. ﴿ الاتسهزاء بالله وبكتابه وبرسوله أو بشيء مما جاء به كفر أكبر (تشنيف الأسماع ببعض مسائل الإجماع لوليد السعيدان) گاڵتەكردن بە خوا و قورئان و پێغەمبەرەكەی و هەرشتێك كە هێناوێتی كوفری گەورەیە ﴾.

٣. ﴿ وحكم سابّه صلى الله عليه وسلم أنه مرتد بلا خلاف (الموسوعة الفقهية ٢٢/ ١٨٤) وە حوكمی جنێودەری پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوەیە كە مورتەددە بێ ڕاجیایی ﴾.

٤. ﴿ من سب النبي صلى الله عليه وسلم مِن مسلم أو كافر فإنه يجب قتله، هذا مذهبٌ عليه عامة أهل العلم (الصارم المسلول على شاتم الرسول - ٣) وە هەركەس جنێو بدات بە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە موسوڵمان و كافر ئەوا واجبە بكوژرێت، ئەوە مەزهەبی زۆربەی زانایانە ﴾.

٥. ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ (المجادلة - ٢٢) نابینی كەسانێك هەبن كە ئیمانیان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت وە خۆشەویستیان بۆ كەسانێك هەبێت كە دژایەتی خوا و پێغەمبەری خوا ئەكەن ﴾.

٦. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (المائدة - ٥١) ئەی ئیمانداران جوولەكە و گاور مەكەن بە دۆست و خۆشەویستی خۆتان، ئەوان هەندێكیان دۆستی یەكترن، وە هەركەس لەئێوە پشتیوانیان بێت ئەوە لەوانە، بەڕاستی خوا هیدایەتی قەومی ستەمكار نادات ﴾.

٧. ﴿ قوله: " مظاهرة المشركين ومعاونتهم على المسلمين ": وهذا لا يكون إلا من شخص كافر بالله، والمراد بالمظاهرة النصرة، أي: نصرة المشركين ومعاونتهم على المسلمين بحيث إذا وقعت حرب بين أهل الإسلام وأهل الكفر يقف في صف أهل الكفر ويناصرهم ويعاونهم، ويكون صفا واحدا معهم في الانتصار على أهل الإسلام، فهذا من الكفر بالله تبارك وتعالى (شرح نواقض

الإسلام لعبد الرزاق البدر - ٤٢) قسەکەی کە ئەڵێت: " پشتیوانیی موشریك و یارمەتییان لەسەر موسوڵمانان ": وە ئەوە لە کەسێکی کافر و بێ باوەڕ بە خواوە نەبێت ڕوو نادات، وە مەبەست لە پشتیوانی سەرخستنە، واتە: سەرخستنی موشریکان و یارمەتییان بەسەر موسوڵماناندا، بەجۆرێك گەر جەنگ لەنێوان موسوڵمانان و کافران ڕوودات لە ڕیزی کافراندا ئەوەستێت و سەرخەر و یارمەتیدەریانە، وە یەك ڕیز ئەبێت لەگەڵیاندا لەسەر موسوڵمانان، جا ئەوە لە کوفرکردنە بە خوای پاك و بڵند ﷻ.

سێیەم/ ئەوە بزانە کە پەرلەمانی کوردستان تەنها یاسای دەرنەکردووە لە ماوەی کارکردنیدا، بەڵکو دەیان بڕیاریشی دەرکردووە کە ئەوانە جیان لە یاساکان کە دەری کردوون. وە گەر بەناو ناوەڕۆکی ئەو بڕیارانەدا بگەڕێیت بێ گومان سەرپێچی شەرعییان تیا ئەدۆزیتەوە وەك لە یاساکاندا هەبوو. چونکە لەسەر بنەمایەکی پێچەوانە بە شەرع دەرکراون.

چوارەم/ مەرج نییە هەموو دەقەکانی یاساکان پێچەوانەی شەرع بێت، بەڵکو هەندێك جار بڕگەی هاوتەریب بە شەرعیشیان تیایە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێت کە دەقە پێچەوانەکان بە شەرع ڕەوا بن، یان لە تاوانەکە کەم بکەنەوە.

پێنجەم/ لەم دەروازەیەدا وەڵامی ناونیشانی کتێبەکەمان دەستکەوت کە: بەڵێ پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ڕابردوویدا و، هەر لە کاتی دروستبوونیەوە تا ئێستا دەیان یاسای بە سەدان مادده و بڕگەی پێچەوانە بە شەرعی ئیسلامەوە دەرکردووە و، جێبەجێشی کردووە لە ناوچەکەدا.

# دەروازەی سێهەم

# حوکمی پەرلەمانی کوردستان و یاساکانی و چەند لایەن و کەسانێك

دوای ئەوەی لە دەروازەی دووەمەوە وەڵامی پرسیاری سەرەکی ئەم کتێبەمان دەستکەوت کە: بەڵێ پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە یاسایەکی دەرکردووە کە پێچەوانەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامە. ماوەتەوە بزانین: حوکمی پەرلەمان و یاساکانی و چەند لایەن و کەسانێکی تری ئەم ناوچەیە چییە بەگوێرەی دەقی وەحی و ڕای زانایان؟ وە ئایا موسوڵمانان هەڵوێستیان چی بێت لە ئاستیاندا؟

# یەکەم/ حوکمی پەرلەمان:

پەرلەمان دامەزراوەیەکە لە دینی دیموکراسییەتدا بوونی هەیە، وە لە شەرعی ئیسلامدا بوونی نییە. وە پەرلەمانی کوردستان چەند کارێك ئەکات کە یەکێکیان یاسادانانە. وەك لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە. وە ئەو یاسادانانەش وەك لە دەروازەی دووەمدا باسمانکرد بەبێ مەرجی شەرعی دائەنرێت، وە گوێش نادرێت گەر پێچەوانەی شەرع بێت یان حوکمێکی شەرع پەك بخات یان شتێك لە دیندا دابێنێت. وە پەرلەمانی کوردستان موسوڵمان و کافری تیایە و هەموو پێکەوە بڕیار ئەدەن و حوکم و یاساکان دەرئەکەن.

لەمەوە:

أ. بوونی دامەزراوەیەکی وا لە بنەڕەتەوە شەرعی نییە چونکە لە شەرعدا شتێك نییە بەو ناو و ناوەڕۆکەوە. وە دانانی یاسا لە بابەتێکدا کە دەق یان کۆڕای لەسەرە ناشەرعییە، وەك لە دەروازەی یەکەمدا باسمانکرد. وە لە شەرعدا کافر لە دەسەڵاتدا بوونی نییە، وەك لە دەروازەی دووەمدا خستمانە ڕوو. وە حوکمی پەرلەمان بریتییە لە واجبێتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دامەزراوەیە.

ب. موسوڵمانان نابێت باوەڕیان بە شەرعییەتی ئەو دامەزراوەیە هەبێت، وە نابێت یاساکانی جێبەجێ بکەن، بەتایبەت ئەوانەی کە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامن. وە ئەبێت هەوڵی یان لابردن یان ڕاستکردنەوەی ئەو دامەزراوەیە بدەن بە کردار گەر نەتوانرا بە قسە گەر نا لە دڵەوە کە ئەوەی کۆتاییان لاوازترینی ئیمانە.

## دووەم/ حوكمی پەرلەمانتاران:

پەرلەمانتار ئەو كەسەیە كە دوای ئەوەی بە دیموكراسییەت ڕازی بووە چ خۆی یان حیزبەكەی، خۆی هەڵبژاردووە و خەڵكی لە هەموو جۆرێك دەنگیان پێداوە و، بە ڕێگایەكی دیموكراسی بووە بە پەرلەمانتار. وە لە پەرلەماندا بەشدارە لە نوسین و دەركردنی یاساكاندا، و پابەندە پێیانەوە.

لەمەوە:

أ. كاری پەرلەمانتاری بەو شێوەیە ناشەرعییە چونكە شوێنی كارەكە كە پەرلەمانە ناشەرعییە. وە ڕێگای بوون بە پەرلەمانتار ناشەرعییە و یەكێك لە مەرجەكانی ڕازی بوونە بە كوفر. وە دەنگدان لەسەر یاسای پێچەوانە بە شەرع و دارشتنی یاساكە كوفرە. وە حوكمی پەرلەمانتار بریتییە لە كافر بوون بەو مەرجەی كەسەكە بزانێت و تەئویلێكی ڕەوای نەبێت كە كارەكەی كوفرە و ڕێ و شوێنی بوون بە پەرلەمانتار كوفرە. وە واجبە لەسەر پەرلەمانتار كە تۆبە بكات و واز لە ئیشەكەی بهێنێت.

ب. موسوڵمانان نابێت توخنی ئەو ئیشە بكەون، وە پێویستە پەرلەمانتارەكان ئاگادار بكەنەوە و نەسیحەتیان بكەن تا واز لەو ئیشە بهێنن، وە ڕێ لە كەسوكاریان بگرن نزیكی ئەو ئیشە نەبنەوە.

# سێیەم/ حوكمی یاساكانی پەرلەمان:

یاساكانی پەرلەمان ئەو بڕیارانەن كە كافر و موسوڵمان، شارەزا و نەشارەزا، ژن و پیاو بە زۆرینەی دەنگ دایانناون بەگوێرەی بنەما دیموكراسییەكان. وە تیایانە كە پێچەوانەی شەرعە و تیاشیانە پێچەوانە نییە.

لەمەوە:

أ. یاساكانی پەرلەمان لەسەر بنەما و پێوەری بەتاڵ و لەلایەن كەسی نەگونجاوەوە دانراون. وە لە بنەڕەتدا كاریان پێ ناكرێت ئەگەرچی پێچەوانەی شەرعیش نەبن هەتا زانایانی شەرعی شارەزا ڕێیان ئەدەن. وە ئەوانەیان كە پێچەوانەی شەرعن یاسای نەفامین و لەژێر پێدان و سوكن و كاریان پێ ناكرێت.

ب. موسوڵمانان نابێت گوێ بەو یاسایانە بدەن و بەدەمیانەوە بچن و پێیانەوە پابەند بن. وە ئەبێت هەوڵی لابردن یان ڕاستكردنەوەیان بدەن بە كردار یان قسە یان لە دڵەوە.

## چوارەم/ حوکمی دادگاکان:

دادگاکان ئەوانەن کە پەرلـەمان لەسـەر بنـەمای یاسـا و ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتییـەکان و جاڕنامـە جیهانییەکان دایمەزراندوون، وە قازییەکانی پابەند کردووە بە یاساکانی خۆیـەوە و بـەری کـردوون لـە هەر حوکم و بڕیارێکی تر ئەگەرچی شەرعیش بێت.

لەمەوە:

أ. دامەزراندنی دادگا و دادوەر لەسەر ئەو بنەمایانە ناشەرعییە، وە پابەند نـەبوون بـە حوکمـە شەرعییەکانەوە لەو شوێنانە پێچەوانەی شەرعە و کوفرە. وە ئەو شوێنانە لایەنی ناشەرعین و ئەبێت هەڵبوەشێنەوە یان ڕاستبکرێنەوە.

ب. موسوڵمانان نابێت بچن بۆ ئەو شوێنانە بۆ بەستن یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست و داواکردنی مافی خوراویان. مەگەر لە حاڵەتێکدا کە غـەیری ئـەو شـوێنانەیان دەسـتنەکەوێت، کـە بـە ناچاری و بە نابەدڵییەوە ئەتوانن بچن و پەنایان بۆ ببەن.

## پێنجەم/ حوكمی دادوەرەكان:

دادوەرەكان ئەوانەن كە لە دادگاكاندا دەسەڵاتیان هەیە و بەشێوەیەكی دیموكراسی و بە چەند مەرجێكی نا شەرعی بوون بە دادوەر و، بەو یاسا و جاڕنامانە كار ئەكەن و حوكم ئەكەن لەناو خەڵكدا كە پەرلەمان بۆی داناون.

لەمەوە:

أ. كاری دادوەری بەو شێوەیە ناشەرعییە و، پابەندبوون و كاركردنیان بە یاسا و دەستووری نەفامی حەرامە و كوفرە. وە حوكمی دادوەرەكان كافربوونیانە بەو مەرجەی كەسەكە بزانێت و تەئویلێكی ڕەوای نەبێت كە كارەكەی كوفرە. وە واجبە لەسەر دادوەر كە تۆبە بكات و واز لە ئیشەكەی بهێنێت.

ب. موسوڵمانان ئەبێت لەو كارەوە دوور بن و بەو جۆرە نەبن بە دادوەر. وە نەسیحەتی دادوەرەكان بكەن و حوكمە شەرعییەكەیان بۆ ڕوون بكەنەوە. وە نەهێڵن كەسوكاریان لەو كارەوە تێوەبگلێن.

# شەشەم/ حوکمی سەرۆکی هەرێم:

سەرۆکی هەرێم نێر یان مێیەکی کافر یان موسوڵمانە کە باوەڕی بە دیموکراسییەت هەیە و خۆی پاڵاوتووە و پەرلەمان یان خەڵك یان هەردووکیان بە زۆرینەی دەنگی هەموو جۆرە کەسێك دایاننـاوە. وە پابەندە بە یاسا و دەستوورە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکانەوە و ئیمزا لەسەر یاساکانی پەرلەمان ئەکات و ڕەزامەندی ئەدات بە دەرچوونیان بەپێی ویستی خۆی نەك شەرع.

لەمەوە:

أ. کەسێکی لەو جۆرە و لە شوێنێکی وادا لە کوفر و سەرپێچییەکی گەورەی شەرعدایە. وە حوکمەکەی کافربوونێتی گەر شارەزا بوو وە هیچ تەئویلێکی نەبوو. وە واجبە لەسەر ئەو کەسە کە تۆبە بکات و واز لە ئیشەکەی بهێنێت و کار بە شەرعی خوای گەورە بکات و هەر یاسایەك پووچەڵبکاتەوە کە پێچەوانەی شەرع دەرکراوە.

ب. موسوڵمانان نابێت کەسێکی وا بە سەرۆك، خەلیفە، ئەمیر، والی، وەلی ئەمر بزانن. وە نابێت بە پۆستی لەو جۆرە ڕازی بن و هەوڵی بۆ بدەن. وە ئەبێت ئەو کەسە لابدەن و کەسێکی موسوڵمان بە مەرجە شەرعییەکان و بە ڕێ و شوێنی شەرعی دابنێن کە بە شەرعی خوای گەورە حوکمیان بکات، یان بە زمان دژی بوەستن و کوفر و ناشەرعییەکانی بەیان بکەن، یان لە دڵەوە بیبوغزێنن و ڕقیان لێی بێتەوە. وە نەهێڵن کەسوکاریان بچنە پۆستێکی لەو شێوەیەوە.

## حەوتەم/ حوکمی ئەنجوومەنی وەزیران:

ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆمەڵێك کەس کە نێر و مێ، کافر و موسوڵمانن و، پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ دایناون. وە بەپێی یاساکانی پەرلەمان و ڕای کەسیی و پەیماننامە و جاڕنامەی نێودەوڵەتی بڕیار دەرئەکەن و یاساکانی پەرلەمان جێبەجێ ئەکەن بەسەر خۆیان و خەڵکدا.

لەمەوە:

أ. کەسانێکی لەو جۆرە و لە شوێنێکی وادا لە کوفر و سەرپێچییەکی گەورەی شەرعدان. وە حوکمەکەیان کافربوونیانە گەر شارەزا بوون وە هیچ تەئویلێکیان نەبوو. وە واجبە لەسەریان تۆبە بکەن و واز لە ئیشەکەیان بهێنن و کار بە شەرعی خوای گەورە بکەن و هەر یاسایەك پووچەڵبکەنەوە کە پێچەوانەی شەرع دەرکراوە.

ب. موسوڵمانان نابێت کەسانێکی وا بە وەزیر، سەرۆك، ڕاوێژکاری سەرۆك، هتد بزانن. وە نابێت بە پۆستی لەو جۆرە ڕازی بن و هەوڵی بۆ بدەن. وە ئەبێت ئەو کەسانە لابدەن و کەسانێکی موسوڵمان بە مەرجە شەرعییەکان و بە ڕێ و شوێنی شەرعی دابنێن کە بە شەرعی خوای گەورە حوکمیان بکەن، یان بە زمان دژیان بوەستن و کوفر و ناشەرعییەکانیان بەیان بکەن، یان لە دڵەوە بیانبوغزێنن و ڕقیان لێیان بێتەوە. وە نەهێڵن کەسوکاریان بچنە پۆستێکی لەو شێوەیەوە.

## هەشتەم/ حوكمی دەزگای ئاسایش:

دەزگای ئاسایش لایەنێكی چەكدارییە كە پەرلەمان بە یاسا دروستی كردووە، وە كافر و موسولّمانی تیایە، وە بەپێی بنەما دیموكراسییەكان كار ئەكات، وە پەرلەمان و حكومەت و دینەكانی تر و شوێنی ڕابواردنەكان ئەپارێزێت، وە دژی تەكفیركردنی كافرە.

لەمەوە:

أ. دەزگایەكی لەو جۆرە كە ئاشكرایە بەشێكیان كافری ئەسڵین، بەشەكەی تر كەوتوونەتە تاوان و كوفرێكی گەورەوە. وە ئەندامەكانی حوكمیان كافر بوونە گەر بزانن ناوەرۆكی ئیشەكەیان بەو شێوەیەیە. وە ئەبێت زوو تۆبە بكەن و واز لەو ئیشەیان بهێنن هەر لە سەرۆكەوە تا دوا چەكدار و ئەندامیان.

ب. موسوڵمانان نابێت بچنە دەزگای لەو جۆرەوە و كاری تیا بكەن بە هیچ جۆرێك، وە نابێت بهێڵن كەسوكاریشیان بچن. وە ئەبێت نەسیحەتی ئەندامەكانی ئەو دەزگایە بكەن كە خۆیان بە موسوڵمان ئەزانن و بۆیان ڕوونبكەنەوە كە كارەكەیان حەرامە و كوفرە. وە ئەوانەشی كە كافری ئەسڵین لە: یەزیدی، مەسیحی، كاكەیی، هتد. ئەبێت نەسیحەت بكرێن بە وازهێنان لەو ئیشەیان چونكە دژایەتی ئیسلامە و دیفاعكردنە لە زاڵمان و چاوپۆشی كردنە لە بەدڕەوشتی.

## نۆیەم/ حوکمی پێشمەرگە:

پێشمەرگە لایەنێکی چەکدارییە کە پەرلەمان بە یاسا دروستی کردووە، کە ئەرکی پاراستنی سیستمی حوکمی دیموکراسی و پەرلەمان و حکومەتە لە کوردستان، وە دژی تەکفیرکردنی کافرە.

لەمەوە:

أ. دەزگایەکی لەو جۆرە ئەندامەکانی کەوتوونەتە تاوان و کوفرێکی گەورەوە. وە ئەندامەکانی حوکمیان کافر بوونە گەر بزانن ناوەرۆکی ئیشەکەیان بەو شێوەیەیە. وە ئەبێت زوو تۆبە بکەن و واز لەو ئیشەیان بهێنن هەر لە سەرۆکەوە تا دوا چەکدار و ئەندامیان.

ب. موسوڵمانان نابێت بچنە دەزگای لەو جۆرەوە و کاری تیا بکەن بە هیچ جۆرێك، وە نابێت بهێڵن کەسوکاریشیان بچن. وە ئەبێت نەسیحەتی ئەندامەکانی ئەو دەزگایە بکەن و بۆیان ڕوونبکەنەوە کە کارەکەیان حەرامە و کوفرە.

## دەیەم/ حوکمی حیزبە عەلمانییەکان:

حیزبە عەلمانییەکان ئەوانەن کە باوەڕیان بەوە نییە کار بە دەقەکانی قورئان و فەرموودە بکرێت لە حوکمدا و شەرعی ئیسلام لە وڵاتدا پەیڕەو بکرێت. بەڵکو کار بە یاسای دەستکرد و ڕا و بۆچوونی خۆیان یان کەسانێکی تر ئەکەن.

لەمەوە:

أ. کۆمەڵە و حیزب و ڕێکخراو و بزووتنەوەی لەو جۆرە ناوەڕۆکەکەیان بەتاڵ و نەفامی و دژایەتی شەرعی خوای گەورەیە. وە ئەوەش کوفرێکی گەورەیە کە تێیکەوتوون و پێی کافر ئەبن گەر حوکمە شەرعییەکە لەسەر خۆیان بزانن و هیچ تەئویلێکیان نەبێت. وە ئەبێت ئەو حیزبانە هەڵوەشێنەوە و لە سەرۆکەوە تا دوا ئەندام تۆبە بکەن و واز لەو حیزبە و لەو عەقیدەیە بهێنن.

ب. موسوڵمانان نابێت نە خۆیان نە کەسوکاریان بچنە شوێنی واوە و ئەندام یان لایەنگریان بن. وە ئەبێت دژیان بوەستنەوە و بیروباوەڕی چەوتیان ئاشکرابکەن، وە نەسیحەتی ئەندام و لایەنگرانیان بکەن کە واز لەو کوفرە بهێنن.

## یانزەیەم/ حوکمی حیزبە ئیسلامییەکان:

حیزبە ئیسلامییەکان ئەوانەن کە حیزبایەتی بە ڕەوا ئەبینن، وە باوەڕیان بە دیموکراسییەتە و پێی ڕازین و لەسەر بنەماکانی ئەو دینە حیزبەکانیان دروستکردووە.

لەمەوە:

أ. ئەو جۆرە حیزبانە کەوتوونەتە تاوان و کوفرەوە بە حەلاڵکردنی حەرامێکی بەڵگەنەویست و، ڕازیبوونیان بە دینێکی تر. وە حوکمیان هەڵگەڕانەوەیە لە دین بەو مەرجەی بزانن و تەئویلێکی ڕەوایان نەبێت. وە ئەبێت ئەو حیزبانەیان هەڵوەشێننەوە و تۆبە بکەن و خۆیان و موسوڵمانان یەکبخەنەوە لەسەر حەق وەك جیایان کردوونەتەوە لەسەر بەتاڵ.

ب. موسوڵمانان نابێت خۆیان و کەسوکاریان ببن بە ئەندام یان لایەنگری ئەو حیزبانە، بەڵکو ئەبێت موسوڵمانان یەك بن نەك پەرت و بڵاو. وە ئەبێت نەسیحەتی ئەندام و لایەنگری ئەو حیزبانە بکەن کە تۆبە بکەن و واز بێنن، وە بابەتەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە. وە ئەبێت حاڵیان ئاشکرا بکەن هەتا خەڵکی تر پێیان نەخەڵەتێن.

## دوانزەیەم/ حوکمی مەلاکانی کوردستان:

مەلاکانی کوردستان بەگوێرەی حیزبایەتی حوکمیان جیایە.

لەمەوە:

أ. مەلای حیزبە عەلمانییەکان حوکمی ئەندامی حیزبە عەلمانییەکانیان هەیە. مەلای حیزبە ئیسلامییەکان حوکمی ئەندامی حیزبە ئیسلامییەکانیان هەیە. ئەو مەلایانەی کە مەدخەلین یان بێ لایەنن سەیری عەقیدەی گشتی و حوکمیان لەسەر پەرلەمان و یاساکانی ئەکرێت، جا گەر عەقیدەیان کوفری تیا نەبوو وە پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمیان بە وەلی ئەمری شەرعی نەزانی ئەوا موسوڵمانن. وە گەر عەقیدەیان کوفری تیا بوو یان ئەم حکومەتە دیموکراسییە عالەمانییەیان بە وەلی ئەمر زانی ئەوا کەوتوونەتە کوفرەوە و کافرن بەو مەرجەی بەزۆر کوفریان پێ نەکرێت وە زانای بابەتەکە بن وە تەئویلێکی ڕەوایان نەبێت. وە ئەبێت تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە.

ب. موسوڵمانان نابێت لەدوای مەلای کافرەوە نوێژ بکەن و دینیان لێوە وەربگرن. وە ناشبێت لەخۆیانەوە تەکفیری مەلایەك بە دیاریکراوی بکەن بە نەفامی، وە ئەبێت حوکم لەسەر ئەسڵ بدەن کە موسوڵمانێتی مەلاکانە هەتا بە دڵنیاییەوە کوفر یان ریددەیان ئەچەسپێت.

# سیانزەیەم/ حوکمی خەڵکی کوردستان:

خەڵکی کوردستان بە تەبیعەتی حاڵ موسوڵمان و کافریان تیایە. وە قسەمان لەسەر بەشە زۆرینە موسوڵمانەکەیە و، ئەوانیش هەر بە گوێرەی ئەم باسە حوکمیان جیایە.

لەمەوە:

أ. لایەنگرانی حیزبەکان حوکمی حیزبەکانیان هەیە بە مەرجی خۆیان. وە بێ لایەنەکانیش گەر نەکەوتبوونە کوفرەوە و ئەم دەسەڵاتەیان بە وەلی ئەمر و شەرعی نەئەزانی موسوڵمانن. وە گەر کەوتبوونە کوفرەوە یان ئەم دەسەڵاتەیان بە وەلی ئەمر و موسوڵمان ئەزانی ئەوا کافرن بەو مەرجەی نەفام نەبن بە حوکمیان و تەئویلێکی شەرعییان نەبێت و بەزۆر کوفرەکەیان پێ نەکرابێت. وە ئەبێت تۆبە بکەن و واز لە کوفرەکە بێنن و شایەتمان بێننەوە.

ب. موسوڵمانان ئەبێت کافر و مورتەددەکان بە کافر بزانن، وە نەسیحەت و دەعوەیان بکەن و، ئیقامە حوججەیان بکەن و وەڵامی پرسیار و گومانیان بدەنەوە گەر زانا بوون بە بابەتەکە. وە نابێت بە نەفامی موسوڵمان تەکفیر بکەن، بەڵکو لەسەر ئەسڵی موسوڵمانێتی مامەڵە لەگەڵ خەڵکی ئەکەن هەتا بە دڵنیاییەوە کوفر و ریددەیان ئەچەسپێت.

# چواردەیەم/ حوکمی هەرێمی کوردستان:

هەرێمی کوردستان ئەو ناوچانەیە کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندان و، بە یاسا و بڕیارەکانی ئەوان حوکمیان ئەکرێت.

لەمەوە:

أ. خاکی کوردستان حوکمی وڵاتی کوفری هەیە (دار الكفر) چونکە یاساکانی نەفامین و حوکمیان بە شەریعەتی ئیسلام ناکرێت. بەڵکو دژایەتی هەر لایەنێکیش ئەکرێت کە بانگەشەی حوکمی شەرع بکات. وە پێویستە دووبارە بکرێتەوە بە وڵاتی ئیسلام و حوکمەکانی شەرعی تیا جێبەجێ بکرێت.

ب. موسوڵمان لە وڵاتی کوفردا گەر توانی ئازادانە دینی خۆی ڕاگەیەنێت و بێ باوەڕی خۆی بە دینەکانی تر ئاشکرا بکات، وە دژایەتی خۆی و دینەکەی نەکرێت، ئەوا ئەشێ بمێنێتەوە لەو شوێنە بەو مەرجەی وڵاتێکی ئیسلامیی دەستنەکەوێت کە بۆی بچێت. وە گەر ئەوانەی نەتوانی و دژایەتی ئەکرا ئەوا واجبە کۆچ بکات بۆ شوێنێك کە ئازادانە خوا بپەرستێت و دینی خۆی ئاشکرا بکات ئەگەرچی وڵاتێکی کوفریش بێت.

## چەند سەرنجێك:

یەكەم/ بۆ زانین و شارەزابوون لە بابەتی تەكفیر و هەڵنەكردن لە حوكمی گشتی و دیاریكراو و بەهەڵە تێنەگەشتن لە عەقیدەمان لەو باسەدا، بگەڕێرەوە سەر كتێبی: پوختەی بنەماكانی تەكفیر و سەرەكیترین هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیمان (#٢). كە تێیدا مەرج و ڕێگرییەكانی تەكفیر و چەند بابەتێكی تر باسكراوە بە كورتی و پوختی.

دووەم/ مەبەست لە وڵاتی كوفر كافرێتی سیستەمی حوكمەكەیە، وە مەرج نییە خەڵكەكەی كافر بن.

سێیەم/ ئەو كافرە ئەسڵییانەی لە وڵاتی موسوڵمانانندا ئەژین حەرامە زوڵمیان لێ بكرێت و دەستدرێژییان بكرێتە سەر. وە موسوڵمان ئەبێت خۆی بەری بكات لە دین و عەقیدەیان و، بەشێوەیەكی جوان بانگەشەیان بكات بۆ وەرگرتنی دینی ئیسلام بە سەربەستی خۆیان و بێ زۆرلێكردن.

تەواو بوو

واللە أعلم والحمد للە رب العالمین

## سەرچاوەکان


١. قورئان (القرآن).

٢. فەرموودە (الحديث).

٣. هاوەڵانی پێغەمبەر ڕەزای خوایان لێبێت (صحابة النبـي رضي الله عنهم).

٤. کۆڕای زانایان بە ڕەحمەت بن (إجماع العلماء رحمهم الله).

٥. ڕای زانایان خوا لێیان خۆشبێت (قول العلماء غفر الله لهم).

٦. تەفسیری پێشەنگ / أنور عزيز كۆيى.

٧. تەفسیری ڕێبەر / صلاح الدين عبد الكريم.

٨. موقع الدرر السنية.

٩. ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان.

١٠. ماڵپەڕی میزان العدالة.

ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٢ | پێشەكی |
| | **دەروازەی یەكەم / سەرچاوەكانی شەریعەتی ئیسلام** |
| ٨ | - قورئان و سوننەت سەرچاوەی ئیسلامن |
| ٢٢ | - كۆڕای زانایانیش سەرچاوەیە |
| ٢٦ | - وەلاتانی ئیسلام و كاركردن بە غەیری شەرع حەرامە و كوفرە |
| ٥٧ | - سەرنجێك |
| | **دەروازەی دووەم / نموونەیەك لەو یاسایانەی كە لە پەرلەمانی كوردستانەوە دەرچوون لە نێوان ساڵەكانی ١٩٩٢ بۆ ٢٠٢٠ ی زاینی و پێچەوانەی دەقە شەرعییەكانی ئیسلام و كۆڕای زاناكانیێتی** |
| ٥٩ | - پێشەكی |
| ٦٠ | - یاسای یەكەم: بڕیارێكی سەركردایەتی سیاسی بەرەی كوردستانی ٨/ ٤/ ١٩٩٢ |
| ٦٥ | - یاسای دووەم: یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ |
| ٧٩ | - یاسای سێیەم: یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی / ١٩٩٢ هەڵبژاردنی سەركردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كورد |
| ٨٣ | - یاسای چوارەم: یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی / ١٩٩٢ |
| ٨٤ | - یاسای پێنجەم: یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای پاراستنی بێگانەكان |

| | |
|---|---|
| و ئەو كارگەرانەی لەگەڵ ڕێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخراوە مرۆڤایەتی یەكان لە هەرێمی كوردستاندا كار دەكەن | |
| - یاسای شەشەم: یاسای ژمارە (٧) ساڵی / ١٩٩٢ یاسای وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی | ٨٥ |
| - یاسای حەوتەم: یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی / ١٩٩٢ یاسای وەزارەتی دادی هەرێمی كوردستانی عێراق | ٨٨ |
| - یاسای هەشتەم: یاسای ژمارە (١٤) ساڵی - ١٩٩٢ یاسای دەسەڵاتی دادوەری | ٨٩ |
| - یاسای نۆیەم: یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای یانسیبی ئاوەدان كردنەوەی هەرێمی كوردستان | ٩٤ |
| - یاسای دەیەم: یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای حزبەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق | ٩٦ |
| - یاسای یانزەیەم: یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانی عێراق | ١٠٣ |
| - یاسای دوانزەیەم: یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانی عێراق | ١٠٨ |
| - یاسای سیانزەیەم: یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای باجی خانووبەرە (عقار)ی هەرێمی كوردستان | ١١٨ |
| - یاسای چواردەیەم: یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای ئاڵای هەرێمی كوردستانی عێراق | ١٢٠ |
| - یاسای پانزەیەم: یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستانی عێراقیدا | ١٢٢ |
| - یاسای شانزەیەم: یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠١) سزادانی هەر پیاوێك كە | ١٢٦ |

| | |
|---|---|
| له دەرەوەی دادگا مارەی ژن بکات | |
| - یاسای حەڤدەیەم: یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠١) بەدەرکردنی ژن لە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩ | ١٢٩ |
| - یاسای هەژدەیەم: یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠١) لەکارخستنی بڕگە (٢)ی ماددەی (٣٧٧) لە یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩ | ١٣١ |
| - یاسای نۆزدەیەم: یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠١) لەکارخستنی یاسای ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (١٩٨٠) | ١٣٣ |
| - یاسای بیستەم: یاسای ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٤ / یاسای دەوام پێدانی بەرکارخستنی یاسای ئەحواڵی شەخصیی ژمارە (١٨٨)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٥٩) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا | ١٣٤ |
| - یاسای بیست و یەکەم: یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای دەزگای گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا | ١٣٥ |
| - یاسای بیست و دووەم: یاسای ژمارە (٤٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ / یاسای هەیئەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی – عیراق | ١٣٧ |
| - یاسای بیست و سێیەم: یاسای ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ / یاسای سێیەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق | ١٣٩ |
| - یاسای بیست و چوارەم: یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ / یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق | ١٤١ |
| - یاسای بیست و پێنجەم: یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان - عێراق دا | ١٤٧ |

| | |
|---|---|
| - یاسای بیست و شەشەم: یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ / یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق | ١٥١ |
| - یاسای بیست و حەوتەم: یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ / یاسای وەزارەتی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان – عێراق | ١٥٨ |
| - یاسای بیست و هەشتەم: یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق | ١٦٢ |
| - یاسای بیست و نۆیەم: یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای هەموارکردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عیراق | ١٦٥ |
| - یاسای سییەم: یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق | ١٧٦ |
| - یاسای سی و یەکەم: یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق | ١٧٩ |
| - یاسای سی و دووەم: یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توند و تیژی لە هەرێمی کوردستان - عێراق | ١٨١ |
| - یاسای سی و سێیەم: یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان – عێراق | ١٨٨ |
| - یاسای سی و چوارەم: پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق هەموارکراوی ساڵی ٢٠١٨ | ١٩٤ |
| - چەند سەرنجێك | ١٩٧ |
| **دەروازەی سێیەم / حوکمی پەرلەمانی کوردستان و یاساکانی و چەند لایەن و کەسانێك** | |
| - پێشەکی | ٢٠٢ |

| | |
|---|---|
| - حوکمی یەکەم: پەرلەمان | ٢٠٣ |
| - حوکمی دووەم: پەرلەمانتاران | ٢٠٤ |
| - حوکمی سێیەم: یاساکانی پەرلەمان | ٢٠٥ |
| - حوکمی چوارەم: دادگاکان | ٢٠٦ |
| - حوکمی پێنجەم: دادوەرەکان | ٢٠٧ |
| - حوکمی شەشەم: سەرۆکی هەرێم | ٢٠٨ |
| - حوکمی حەوتەم: ئەنجوومەنی وەزیران | ٢٠٩ |
| - حوکمی هەشتەم: دەزگای ئاسایش | ٢١٠ |
| - حوکمی نۆیەم: پێشمەرگە | ٢١١ |
| - حوکمی دەیەم: حیزبە عالەمانییەکان | ٢١٢ |
| - حوکمی یانزەیەم: حیزبە ئیسلامییەکان | ٢١٣ |
| - حوکمی دوانزەیەم: مەلاکانی کوردستان | ٢١٤ |
| - حوکمی سیانزەیەم: خەڵکی کوردستان | ٢١٥ |
| - حوکمی چواردەیەم: هەرێمی کوردستان | ٢١٦ |
| - چەند سەرنجێك | ٢١٧ |
| سەرچاوەکان | ٢١٨ |
| ناوەڕۆك | ٢١٩ |